مردن و لێپرسینەوە

نوسینی:

قاسم محسن عولا

2026زایینی

1447کۆچی



مردن و لێ پرسینەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إن الحمد الله ، نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنان من يهدة الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد لأن لا إله إلا الله وحده لاشريك له ، و أشهد أن محمدا عبده و رسوله .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عِمۡرَان : ١٠٢]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النِّسَاء : ١]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأَحۡزَاب : ٧٠ - ٧١]

أما بعد :

فإن أصدق الحديث كتاب الله و خير الهدي هدي محمد ﷺ و شر الأمور محدثاتها ، و كل محدثة بدعة ، و كل بدعة ضلالة و كل ضلالة في النار .

بەلێ زۆر جار لە سورەت و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز (خوای گەورە) بەلگەو نموونەی جوانمان بۆ دەهێنێتەوە لە سەر نەمان و مردن و کۆتایی پێهێنانی ئەم بوونەوەرە ئەوەی کەتیایدا هەیە وە زۆر لە دیمەنەکانی مردنمان بۆ روون دەکاتەوە ، وە بە هەمان شێوە پێغەمبەری خوا ﷺ ووردەکاریەکانی مردنی بۆ روون کردوینەتەوە ، وە هەروەها هاوڵە بەرێزەکانیش و ئەو زانایانەی دوایی ئەوانیش کە زانستیان بە ئێمە گەیاندووە ، هەر بۆیە منیش بۆ بەرچاو روونی موسڵمانان ئەم بابەتەم هەڵبژاد کە سوودی بۆ ئێمەی موسڵمان زۆرە ، بۆ ئەوەی ببێتە ووشیار کەرەوەیەك بۆ موسڵمانان و یادی مرن و قیامەتیان لە بیر بێت وە بزانن چ سوودیان پێ دەگەیەنێت دوای مردن ..؟! وە ژیانی راستەقینەو نەبڕاوە کامەیە ..؟! وە خۆشی ئەو ژیانە لە کوێدایە ..؟! وە هۆیەکانی بەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەرفرازیە کامەیە ..؟! بەلاَم ئەمەش نابێتە بەلگە بۆ فەرامۆش کردنی ژیانی دونیا ، چونکە هەولدانیش بۆ ژیانی دونیا پێویستە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٧٧﴾ [القَصَص : ٧٧] **واتە : [وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الآخِرَةَ] وە تۆ بەم ماڵ و سەروەت و سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیویت هەوڵ بدە بۆ قیامەتت و بە هۆیەوە خوای گەورە لە خۆت ڕازی بکە [وَلا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا] وە بەشی خۆتیش لە دونیا لەبیر مەکە لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك بەلاَم لە حەلاَلدا (خوای گەورە مافی بەسەرتەوە هەیە، وە خۆت و منداڵ و خێزان و میوانت مافیان بەسەرتەوە هەیە مافی هەمووان بدە، بەلاَم هەوڵی سەرەکیت با بۆ قیامەت بێت، چونکە دونیا کەم و کورتەو دەبڕێتەوە، بەلاَم قیامەت هەمیشەییە و نەبڕاوەیە) [وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ] وە تۆ چاکەکار بە بۆ بەندەکانی خوا چۆن خوای گەورە چاکەی لەگەڵ تۆدا کردووە [وَلا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الأَرْضِ] وە تۆ ئاشووب لە زەویدا مەنێرەوەو خراپەکاری مەکە [إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (٧٧)] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە ئاشووبگێڕن...**

بەلێ منیش وەکو دانەری ئەم کتێبە گەشتێکی قووڵ و هەژێنەر بۆ ناو نادیارترین و مسۆگەر ترین وێستگەی ژیانی مرۆڤ دەکەم ، کە چارە نووسی هەموو مرۆڤێکە ، ئەم کتێبەم وەك بانگەوازێك وایە بۆ بێدارکردنەوەی ویژدان ، کە تێدا لێ پرسینەوەی نەفس وەك ئ" وێنا دەکرێ کە تێدا مرۆڤ بێ پەردە و بێ هیچ ڕوپۆشێك ، بەرەو رووی ئەنجامی کردەوە و هەڵبژاردنەکانی دەبێتەوە ، ئەم کتێبە ڕێبەرێکی دەروونییە بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێت لە گێژاوی ئەم سەردەمەدا وەلاَمی ڕاستەقینەکانی بۆ ژیانی ئەو دیو یان وێستگەی بەرزەخ ئامادە بکە ..؟!

پێناسەی مردن :

مردن لە زمانەوانیدا (الموت ، مردن) دێت دژی (الحیاة ، ژیان) لە عەرەبیدا ، چۆن سارد و گەرم دژ بە یەکن ، ئەو شتە گەرمە واتە سارد نیە یان ئەو شتە ساردە واتە گەرم نیە ، کە دەڵێن : مردن واتە گیانی نیە یان ڕۆحی نیە لێی جیابۆتەوە لەبەر ئەوەیە لە زمانەوانیدا دەگوترێت : (الموت الموتان ضد الحیاة) . لسان العرب (٥٤٧/٣) واتە : مردن چ (الموت) پێ بگوترێت چ (الموتان) هەر دووکیان دژن بە ژیان، وە ئەصڵ لە مردندا جێگیر بوونە هەروەك لە (لسان العرب) هاتووە ، هەر کەس و شتێك ئەگەر جێگیر بوو جوڵەی لێ بڕا پێی دەگوترێت مردوو ، لەبەر ئەوەی نوستنیش جوڵەت لێ دەبڕێ و هۆشت لە سەر خۆت نامێنی دەڵێن : نوستنیش جۆرێکە لە مردن ، جا لە زمانی عەرەبیدا ئاگر کە دە کوژێتەوە دەڵێن : بایەکە مرد کەواتە مادەم ڕاوەستان و نەمان پێی دەگوترێت مردن لە زمانە وانیدا .لسان العرب (٥٤٧/٣)

ئیمامي (القرطبي) – رەحمەتی خوا لێ بێت – دەڵێت : (انقطاع تعلق الروح بالبدن ومفارقتە ، و حیلولة بینهما ، و تبدل حال وانتقال من دار إلی دار) . تسفیر القرطبي ایة (٢) سورة الملك واتە : پچڕانی گیانە لە لاشە کە گیانەکە جیابۆتەوە ، گیانەکە چووە لایەك و لاشەکە یان جەستەکە لە شوێنیکدا مایەوە ، ئەوە دەڵێن : کەسەکە مردووە و گیانی لە دەستداوە ، لە حاڵێك دەگۆڕێ بۆ حاڵێکی تر لە ماڵ و ژیانێك گوێزرانەوەیە بۆ ماڵ و ژیانێکی تر ..؟!

ئیمامی (ابن القیم جوزی) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (هەر مرۆڤ و گیالەبەرێك چوار ماڵی هەیە ، ماڵی یەکەم ناو سکی دایکتە ..؟! کە ماڵێکی زۆر تەسکە و جوڵەیەکی وات پێ ناکرێت ، ماڵی دووەم ، ژیانی دونیایە ، ژیانی ناوگۆڕە یان ژیانی بەرزەخە ، چۆن کاتێك لە دونیادا دەژیت ئەگەر بیربکەیتەوە تۆ کاتێك هەبووە لە ناو سکی دایکتدا ژیاوی چەند تەنگە لە چاو ژیانی دونیا ..؟! دونیا چەندە فراوانترە لە چاو سکی دایکت ..؟! ژیانی دوای مردنیش بەو شێویە ، ژیانی دونیات دەهێنێتە پێش چاو بە قەدەر ڕەحمی دایکت پێت تەنگ دەبێت کاتێك دەچیتە ژیانی دوای مردن یان (بەرزەخ) بەو شێوەیە فراوانترە لە چاو ژیانی دونیادا ، ماڵی چوارەم ، ژیانی دوای زیندووبەنەوەیە و مەیدانی مەحشرە ، وەیان ژیانی حیساب و کتاب قیامەتە و چوونە بەهەشت و دۆزەخە ئەویشیان بە ئەندازەی فراوانی ژیانی بەرزەخ کە چەندە فراوانترە لە ژیانی دونیا ئەویشیان ئەوەندن فراوانترە لە ژیانی بەرزەخ و دوای مردن . الروح ص (١٥٥).

بەلێ هەر بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە ، کە بە نووستنیش پێی دەگوترێت مردن ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۝٦٠﴾ [الأنعام : ٦٠] واتە: [وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ بِاللَّيْلِ] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە بە شەو ئێوە ئەخەوێنێ (يَتَوَفَّاكُمْ) وەفات بەمانای خەوتن دێت [وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُمْ بِالنَّهَارِ] وە زانیاری هەیە کە بە ڕۆژ ئێوە چ کردەوەیەکتان کردووە لە چاك و خراپ [ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ] پاشان بەڕۆژ بەخەبەرتان دێنێتەوە [لِيُقْضَى أَجَلٌ مُسَمًّى] بۆ ئەوەی کاتێکی دیاریکراوی خۆتان بەسەر بەرن [ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٦٠)] پاشان گەڕانەوەتان تەنها بۆ لای خوای گەورەیە لە ڕۆژی قیامەت پاشان خوای گەورە هەواڵتان پێ ئەدات بەو کردەوانەی کە ئێوە ئەنجامتان داوە...

بەلێ ئەگەر بنەڕەتی مردنیش لە زمانی عەرەبیدا ، داسەکنان بێ ، کەواتە : جوڵە بنەڕەتی ژیانە ، لە (لسان العرب)(٧٧٣/١) هاتووە : (زیندو هەموو قسەکەرێکی خاوەن دەنگە ، زیندوش لە ڕووك دا ئەوەیە کە نەرم و تەڕە و دەهەژێ) . ژیانی مرۆڤیش بەوە دێتە دی کە گیان فو دەکرێتە جەستەی کۆڕپەڵە لە پزدان یان (رەحم)ی دایکیدا ، مردنیش (دابڕانی پەیوەستبونی گیانە بە لاشە و ، جێهێشتن و جیابوونەوەی نێوانیانە ، لە گەڵ گۆڕانی بار و ، گواستنەوە لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی دیکە ..؟!

مردن و لێ پرسینەوە

حیکمەت لە مردندا چییە ..؟!

بەلێ حیکمەت لە مردن بۆ چەند خالێك دەگەڕێتەوە :

- مردن ئەوپەڕی هێز و توانای (خوای گەورە) دەردەخات یەکێکە لە نیشانەکانی گەورەیی الله تعالى ، مردن شتێکە زۆر جێگای سەر سوڕهێنەرە یان جێگای سەر سوڕمانە ، کەسێك کە لەگەڵ تۆ دا دەژی کە ئەجەلی هات لە ناکاودا گیانی دەردەچێت .
- (خوای گەورە) مردن و ژیانی دروست کردووە بۆ تاقی کردنەوەی ئێمەی مرۆڤ ، هەروەك لە قوڕئانەکەی دا (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ۝٢﴾ [المُلك : ٢] واتە : [الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً] ئەو خوایەی کە مردن و ژیانی دروست کردووە تا تاقیتان بکاتەوەو دەرکەوێت کامتان باشترین کردەوەتان ئەنجام داوە، باشترین کردەوەش ئەوەیە مرۆڤ نیەتی بۆ خوای گەورە بێت و بۆ ریای نەبێت، وە لەسەر سوننەتی پێغەمبەر - صلى اللّٰه عليه وسلم - بێت و بیدعە نەبێت، بۆیە هیچ کاتێك بە بیدعە ناووترێ: کردەوەی چاك، وە خوای گەورە لێرە نەیفەرموو کامتان کردەوەی زۆرترە بەڵکو فەرمووی: کامتان کردەوەی چاکترە [وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ (٢)] وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و باڵادەست و لێخۆشبووە...
- (خوای گەورە) مرۆڤی وا دروست نە کردووە لاشە و جەستەکەی لە ژیانی دونیادا هەمیشەیی بێت، بەو شێوازەی دروست کردووە کە کاتێك بە تەمەندا دەچێت پەکی بکەوێت ، ئەوەش وات لێدەکات کۆتاییت پێ دەهێنێت و دەتباتە ژیانێکی تر ، بە لاشە و جەستەیەکی تر زیندووت دەکاتەوە ئەو هەمیشەیی بێت و کۆتایی پێ نەیەت .
- تۆ لەزەت دەکەیت لە نیعمەت و خۆشیەکان بەتەواوەتی ، کاتێك دەزانیت کۆتایی هاتنی بە دوایە هەوڵی ئەوە دەدەی تام و چێژی تەواو لە حەڵاڵەکان بکەیت وە لەسەر زەویدا بەو شێوەیە بژیت (خوای گەورە) لە خۆت ڕازی بکەیت چونکە دەزانیت ڕۆژێك لە ناو دەچی و مردنی بە دوا دا دێت ..؟!
- ئەگەر بڕوانین ئەم دونیایە بۆ کەسی ئیماندار وەك بەندیخانەیە بۆ کەسێکی بێ ئیمان و دوو ڕوو خراپەکار بەهەشتە ، هەروەك لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ هاتووە .

لە (ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((الدُّنيا سجنُ المؤمنِ وجنَّةُ الْكافرِ)) . سنن الترمذي برقم (٢٣٢٤). واتە : دونیا بەندیخانەیە بۆ ئیمانداران ، وە بەهەشتە بۆ کافرو بێ باوەران ..؟!

بەلێ بێ گومان مردن بۆ ئیمانداران حەسانەوەیە لە ناخۆشی و زەحمەت و چەڵمەسەریەکانی ژیانی دونیا ، هەر وەك (خوای گەورە) دە فە رموویێت : ﴿لَـٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا نُزُلًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ ۝١٩٨﴾ [آل عِمرَان : ١٩٨] واتە : [لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ] بەڵام ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورەیان کردووەو لە خوای گەورە ترساون [لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا] ئەمانە خوای گەورە ئەیانخاتە ناو بەهەشتەوە کە پڕە لە باخ و باخات کە جۆگەلە ئاو بە ژێر باخ و دارەکاندا ئەڕوات بەهەمیشەیی و نەمری تیایدا ئەمێننەوە [نُزُلاً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ] ئەمە شوێنێکە کە تیایدا دائەبەزن وە بۆیان ئامادەکراوە لەلایەن خوای گەورەوە [وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِلأَبْرَارِ (١٩٨)] هێشتا ئەوەی لای خوای گەورەیە بۆ چاکەکاران باشترین شتە کە خوای گەورە بۆیانی ئامادەکردووە ...

هەروەها بێ گومان سەبارەت بە کافرو بێ باوەران سزایەك ئامادەکراوە لە دۆزەخدا ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ ۚ إِنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِثْمًا ۚ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ۝١٧٨﴾ [آل عِمرَان : ١٧٨] واتە : [وَلا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لأَنْفُسِهِمْ] وە با کافران وا نەزانن کە ئێمە تەمەنیان درێژ ئەکەین و ژیانی خۆشیان پێ ئەدەین یان لە جەنگێك بەسەر موسڵماناندا سەر ئەکەون وا نەزانن ئەمە خێرو چاکەیە بۆ ئەوان [إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا] بەڵکو ئێمە بۆیان درێژ ئەکەینەوە یان پێیان ئەبەخشین بۆ ئەوەی زیاتر تاوانبار بن [وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ (١٧٨)] وە سزایەکیان ئەدەین کە ڕیسواو زەلیل و سەرشۆڕیان ئەکەین ...

مردن و لێ پرسینەوە

قیامەتی بچووك یان بەرزەخ

قیامەتی بچووك بریتیە لە مردن ، جا هەر کەسێك مرد ئەوا قیامەتی لێ هەڵساوە یان لێ هەڵدەسێت ، ئیتر کات و دەمی لە دونیادا تەواو دەبێت ، کات و دەمی قیامەتی گەورە دەست پێدەکات ، هەر وەك لە فەرموودەیەکی صحیح بوخاری و موسلیم دا هاتووە ، کە لە (دایکی ئیمانداران عائیشە) – خوا لێ رازی بێت – بۆمان دەگێرێتەوە دەلێت : ((كان رِجالٌ مِنَ الأعرابِ جُفاةً يَأتونَ النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم فيَسألونَه: مَتى السَّاعةُ؟ فكان يَنظُرُ إلى أصغرِهم، فيَقولُ: إن يَعِشْ هذا لا يُدرِكْه الهَرَمُ حتَّى تَقومَ علَيكُم ساعَتُكُم، قال هِشامٌ: يَعني مَوتَهم)) . صحيح البخاري برقم (٦٥١١). واتە : پیاوانێك لە عەرەبی دەشتەکی زبری بێخاوس دەهاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و پرسیاریان لێ دەکرد ، کەی قیامەت بەرپا دەبێ ..؟! پێغەمبەریش صلی سەیرس بچووکترینیانی دەکرد لە تەمەندا و دەیفەرموو : (ئەگەر ئەمە بژی پیر نابێت هەتا قیامەتتان لە سەر بەر پا دە بێت ، هیشام دەڵێ : مەبەستی مردنی هەموویان بوو ..؟!

(ابن كثير) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (مەبەست لەم فەرموودەیە بەسەرچوونی سەردەمی ئەوان و ، چوونیان بۆ جیهانی دوایین ، چونکە هەر کەسێك مرد ، دەچێتە بەر حوکمی رۆژی دوایی یان ئاخیرەت ، هەندێك خەڵکیش دەڵێن : ئەوەی مرد قیامەتی لێ هەڵسا یان لێی بەرپادەبێ ، جا ئەم قسەیە بەم مانایە ڕاستە). بداية والنهاية ابن كثير (٢٤/١).

هەروەها قیامەتی بچووك بە ژوانی (معاد) ناو دەبرێت ، وە پێشی دەوترێت : (بەرزەخ) .

(ابن القيم) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (مردن ژیانەوە و ژوانی یەکەمە ، چونکە (خوای گەورە) دوو ژوان و دوو ژیانەوەی بۆ ئادەمیزاد داناوە ، ئەوەی بە خراپە بەرێبکە سزای خراپەکاران و ئەوەشی بە چاکە بەرێبکە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە ، جا ژیانەوەی یەکەم : جیابوونەوەی گیانە لە جەستە یان لە لەش و ، وە چارەنوسەکەی بۆ یەکەم خانەی سزاو پاداشتە) . ابن القيم (الروح) ص ١٠٣ .

بەلێ لە نێو قسەی عەرەبی دا مەبەست لە (بەرزەخ) واتە : ناوبڕە ، (حاجز)ی نێوان دوو شتانە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٥٣﴾﴾ [الفُرْقَان : ٥٣] واتە : [وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ] وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە دوو دەریای گەیاندووە بە یەك [هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ] کە یەکێکیان ئاوێکی شیرینی سازگارە کە دەڕوات [وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ] وە ئەوەی تریشیان ئاوێکی سوێرو شۆرە کە راوەستاوەو ناڕوات [وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا (٥٣)] وە ئەو پەردەیە ڕێگری ئەکات ئەو دوو ئاوە لە ناوەوە تێکەڵ بەیەك بن و ئەو دوو ئاوەی لێك جیا کردۆتەوە، بەڵام لە بانەوە یەکە، ئەویش موعجیزەیەکی خوای گەورەیە، یاخود زەوی وشکانی خستۆتە نێوانیانەوە...

بەپێی زاراوەی شەرعیش مەبەست لە بەرزەخ ، ئەو مەنزلگایەیە کە لە دوای مردن تا زیندوو بوونەوە یان ژیانەوە دەگرێتەوە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ [المُؤْمِنُون : ١٠٠] واتە : [لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ] بەڵکو لە دونیادا کردەوەی چاك بکەم کە پێشتر نەمکردبوو (داوا ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا تا رابوێرێت و تاوان بکات بەڵکو تا کردەوەی چاك بکات، کەواتە ئەوەی لە ژیاندایە با کردەوەی چاك بکات پێش ئەوەی بمرێت و داوای گەڕانەوە بکات و نەگەڕێنرێتەوە) [كَلَّا] خوای گەورە ئەفەرمووێ: نەخێر گەڕاندنەوە بۆ دونیا نیە [إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا] ئەمە تەنها قسەیەکە ئەو ئەیڵێ [وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٠٠)] وە لە پێش ئەمانەوە ژیانی بەرزەخ و ناو قەبر هەیە تا ڕۆژی قیامەت..

(موجاهید) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : بەرزەخ لە نێوان مردن و ژیانەوە ، بە (شەعبی) یان گوت : فلانەکەس مرد ، گوتی : ئەو ئێستا نە لە خانەی دونیایە نە لە خانەی دوایین واتە قیامەت) التذكرة للقرطبي ص (١٧٧).

(ابن القيم) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : سزاو بەهرە (نعیم)ی گۆڕ ناوە بۆ سزاو بەهرەی بەرزەخ کە بریتیە لە نێوانی دونیا و دوایین ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ [المُؤْمِنُون : ١٠٠] واتە: وە لە پێش ئەمانەوە ژیانی بەرزەخ و ناو قەبر هەیە تا ڕۆژی قیامەت...

مردن و لێ پرسینەوە

مردنی بچووك و مردنی گەورە

بەلێ نووستن لە مردن دەچێ ، هەر بۆیەش زاناکان نووستنیان بە مردنی بچووك ناوزەدیان کردووە ، بۆیە نووستن مردنە ، لە خەو ڕابونیش ژیانەوەیە وەیان زیندوبونەوەیە، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ﴾ [الأنعام : ٦٠] واتە : [وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ بِاللَّيلِ] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە بە شەو ئێوە ئەخەوێنێ (يَتَوَفَّاكُمْ) وەفات بەمانای خەوتن دێت [وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُمْ بِالنَّهَارِ] وە زانیاری هەیە کە بە ڕۆژ ئێوە چ کردەوەیەکتان کردووە لە چاك و خراپ [ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ] پاشان بەڕۆژ بەخەبەرتان دێنێتەوە...

بەلێ هەر خودا لە کاتی شەودا لە نووستن گیانتان دەگرێ ، دەتانمرێنی و دەزانێ لە ڕۆژدا چی دەکەن ،کە ڕۆژیش بوویەوە زندوتان دەکاتەوە ، جا لە خەودا گیانی بەندەکان دەکێشرێ هەر کەس خودا بیەوێ گیانی بگرێ لەکاتی نووستندا دەیگرێ و ، ئەوەی بیەوێ بشمێنێ گیانەکەی یان ڕوحەکەی دەداتەوە تا ئەو کاتەی (خوای گەورە) بۆی دیاریکردووە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِى لَمۡ تَمُتۡ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوۡمٍ يَتَفَكَّرُونَ ۝٤٢﴾ [الزُّمَر : ٤٢] واتە : [اللَّهُ يَتَوَفَّى الأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە نەفسەکان ئەمرێنێ لە کاتی خەوتنیانداو ڕوحیان لێ ئەسێنێ [وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا] وە ئەوەیشی کە لە خەوەکەیدا ئەجەلی نەهاتبێت ئەوە خوای گەورە ڕوحەکەی ئەخاتەوە بەرو بۆی دەگەڕێنێتەوە [فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ] ئەوەی کە خوای گەورە بڕیاری مردنی بەسەردا داوە ئەوە کە خەوت لەناو خەودا ڕوحەکەی ئەباتەوەو ئەگرێتەوە [وَيُرْسِلُ الأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى] وە ئەوەیشی کە ئەجەلی نەهاتووە ڕوحەکەی بۆ ئەگەڕێنێتەوەو بەخەبەر دێت و هەڵئەسێتەوە تا کاتی دیاریکراوی خۆی [إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٤٢)] بە دڵنیایی ئەمانە نیشانەو بەڵگەن لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوەو تێبفکرن لە تواناو دەسەڵاتی خوا...

(خوای گەورە) هەواڵی پێ داوین کە هەر دوو ڕەوان (نەفس)ی ڕاگیراو و نارردراوە ، بە مەرگی خەوێ مردون ، ئەوانیش سێیەم بەشن کە بە مەرگی مردنێ مردون ، ئەوانەی (خوای گەورە) لە قورئانەکەی پێشی خستون ، هەروەك دەفەرموویت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا﴾ [الزُّمَر : ٤٢] واتە : خوای گەورە ئەو خوایەیە کە نەفسەکان ئەمرێنێ لە کاتی خەوتنیانداو ڕوحیان لێ ئەسێنێ ..؟! جا لێرەدا (خوای گەورە) دوو مەرگی باسکردووە : مەرگی مردن و ، مەرگی نووستن ، باسی ڕاگرتنی یەکیان و ناردنەوەی ئەوی دی کردووە ، هەر بۆیە ئاشکرایە (خوای گەورە) گیانی هەموو مردوێك ڕادەگرێ : جا چ لە نووستنیدا مردبێ چ پێشتر ،کە دەفەرموویت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا﴾ [الزُّمَر : ٤٢] ئەوانە دەگرێتەوە ، لە کاتی بە ئاگایی مردون و ئەوانەش کە لە نووستندا مردون ، کە باسی هەر دوو جۆرە مەرگیشی فەرمووە ، باسی ئەوەی کردووە کە لە یەکێکیان گیان کێشان ڕادەگرێ و لەوەی دیکە دیاننێرێتەوە یان گیانیان پێ دەبەخشێتەوە ..!!

مردن و لێ پرسینەوە

مردن یاخود گیان دەرچوون

بەڵێ مردن یاخود گیان دەرچوون دەرگایەکە هەموو کەسێ تێدا ئەبێ تێپەڕی کا ، هەر بۆیە تاڵاوێکە زووخاوێکە کەس نیە ڕزگاری بێ و بە گەرووی دا ڕێچکە نەگرێ ، جا ئەو کەسە پیاوە یان ئافرەتە ، وەیان گەورەیە یان بچووکە ، منداڵە یان گەنج و هەرزەکارە ، پیرە یان گەنجە ، هەژارە یان دەوڵەمەندە ، کەسێکی سادەیە یان سەرۆك و سەرکردە فەرمانڕەوایە ، سەرکارە یان بێ کارە ، ناودارە یان بێ ناوە ، ئیماندارە یان کافرو موشریکە ، کارمەندێکی سادەیی دەولەتە یان بەرپرسێکی دەست ڕۆیشتووە ، دکتۆرێکە یان کەسێکی شوان کارە ، بێ گومان لە تاڵاو زوخاوی مردن ڕووح کێشان کەس نیە ڕزگاری بێت ..؟! هەر بۆیە کەس نیە لە چەنگ مردن ڕزگاری بێ و لە ڕووح کێشان قوتاری بێ ، بە هەمان شێوە پێغەمبەرانیش – علیه السلام – هەروەها شەهیدان و پیاوچاکەکان و خواناس و لە خواترس و جوامێرەکانیش ، کەس نیە و نەبووە و نابێ هەر گیز خۆ لە مردن دەرباز بکە ، تەنانەت فریشتەی گیان کێشانیش کە (ملك الموت) ناوەکەی ئەبێ ئەم تاڵاوی مردنە بیچێژێ و مردنی پێ نیشان دەدرێ ..!!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۖ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ۝٥٧﴾ [العَنكبُوت : ٥٧] واتە : [كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ] هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێ [ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٥٧)] پاشان تەنها بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە.

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ۝٣٥﴾ [الأنبِيَاء : ٣٥] واتە : [كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ] هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێت و هیچ کەسێك نەمێنێت [وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً] وە ئێوە تاقیدەکەینەوە بە دڵتەنگی و دڵخۆشی، بە نەخۆشی و لەشساغی، بە هەژاری و دەوڵەمەندی، بە هەموو شتێك تاقیتان ئەکەینەوە تا دەربکەوێت کێ سوپاسگوزاری خوای گەورە دەکات [وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٣٥)] وە هەر بۆ لای خوای گەورەیش ئەگەڕێنەوە...

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ۝٢٦ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ۝٢٧﴾ [الرَّحْمَٰن : ٢٦ - ٢٧] واتە : {هەموو دروستکراوەکان لەناو دەچن} [كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦)] هەرچی لەسەر ڕووی زەوی هەیە لە خەڵکی و ئاژەڵ و گیانلەبەران هەر هەموویان ڕۆژێك لە ڕۆژان لەناو ئەچن و کۆتاییان پێ دێت..!! [وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ (٢٧)] تەنها زاتی پیرۆزی پەروەردگاری تۆ ئەمێنێ کە خوایەکە خاوەنی گەورەیی و پیرۆزی و ڕێزەو شایانی ئەوەیە کە بەگەورەو بەڕێز بزانرێت و گوێڕایەڵی بکرێت و سەرپێچی نەکرێت...

بەڵێ دەربارەی گیان کێشان یان مردن ، کە دەڵێن : ئادەمیزاد پێك هاتووە لە گیان یان ڕووح و لاشە یان جەستە ، لە کاتێکدا کە گیان لە لاشەکە دەرئەچێت ، بەم کردارە دەگوترێت مردن ..؟! بەمانایەکی تر ، دەڵێن : مردن بریتیە لە گواستنەوەی ئادەمیزاد لە کاڵێکی کاتی دونیا ، بۆ ماڵێکی هەمیشەیی قیامەت یان ئاپییەت و ئاخیرەت ، گومانیش لەوە دانی یە کەوا مردن تاڵاوێکە دەبێت مردن بچەژێت ، کەواتە مردن حەقیقەتێکی حەتمی یە و دوو دڵی لێ کردن و نکۆڵی لێ کردنی مایەی شەرمەزاری و بێ مێشکیە و نەفامیە و نەزانیە بۆ ئەو کەسەی کە بیر لە مردن یان گیان کێشان ناکاتەوە ، وەیان مایەی شەرمەزاری ئەو کەسەیە کە خۆی دۆڕاندووە لە ژیانی دونیا بە خراپەکاری و بێ باوەر بوون بە (خوای گەورە) ..؟!

ڕووح یان گیان چیه ..؟!

سەرەتا بزانین گیان یان ڕووح چیه ..؟! (ابن تیمه) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : (گیان شتێکی غەیبی یەو پەیوەستە لە لاشەوە یان جەستەوە ، بەڵام نە بۆ خۆی بریتیە لە لەش و نە بەشێکیشە لە لەش یان جەستە ..؟!)

(ئیمامی احمد) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : (گیان لە هیچ شتێك پێك نەهاتووە ، نە ڕەنگی هەیە و نە بۆن و نازانرێ لە کام شوێنە لە جەستە یان لە شەوە ئۆقرەی گرتووە ، هەر بۆیە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾﴾ [الإسراء : ٨٥] **واتە : {کەس نازانێت حەقیقەتی روح چییەو چۆنە}** [وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي] **(عبداللە-ی کوڕی مەسعود) دەفەرمێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - لەناو کێڵگەیەك دەڕۆیشتین لە مەدینە، کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - خۆی دابووە سەر لقە دارێکدا، بە لای کۆمەڵێك جولەکە تێپەڕی، هەندێکیان وتیان پرسیاری لێ بکەن سەبارەت بە روح، وە هەندێکیان وتیان پرسیاری لێ مەکەن نەوەکو شتێك بڵێت پێتان ناخۆش بێت، پرسیاریان لێ کرد دەربارەی روح و وتیان ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - روح چیە؟ دەفەرمێت بەردەوام خۆی دابوو بەسەر دارەکە گومانم دەبرد وەحی بۆ دابەزێت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو خوێندیەوە، هەندێکیان وتیان: وتمان پرسیاری لێ مەکەن، واتە: ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی روح و حەقیقەتی روح چیە؟ بڵێ: روح کاری خوای گەورەیەو خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نازانێ حەقیقەتی روح چیەو چۆنە، ئەم ئایەتە لە مەککەیش دابەزیوە کە قوڕەیش بە جولەکەیان وت شتێکمان پێ بڵێن تا پرسیاری لە محمد پێ بکەین، ئەوانیش وتیان پرسیاری لێ بکەن سەبارەت بە روح، ئەوانیش پرسیاریان لێ کردو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو دواتریش لە مەدینە دووبارە دایبەزاندەوە** [وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً (٨٥)] **وە ئێوە لە زانیاری شتێکی کەم نەبێ هیچتان پێ نەدراوەو نایزانن...**

مردن و لێ پرسینەوە

بۆچی دەمرین ؟!

ڕەنگە زۆر کەس هەبێ و پرسیار بکاو بڵێت : ئەی حیکمەت لە بوونی ئەم دونیایە چی وەیان ژیان لە دونیا بۆچی بەردەوامە ، مردنی یان گیان کێشان کەسەکان مانای چی یە..؟!

هەڵبەتە ئەمەی کە ئەم پرسیارە دەکات ، هەر لە خوێندنەوەی حیکمەت لە فەراهەم کردن یان دروست کردنی ژیانی دونیادا ئەمەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە بۆچی دەبێ بمرین ..؟!

بەلێ ئەمەش ئەگەر ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەین و دەبینین کەوا ژیانی دونیا تەنها بۆ تاقی کردنەوەی بەندەکان فەراهەم هاتووە ؟ گومانیش لەوە دانیە کە تاقی کردنەوەی بەندەکانیش دەبێت سەرئەنجام و ئاکامەکەی هەر بە دیار بکەوێت ، کە سێك کە خەریکی چاکە کاری و تەقواداری خواناسی بێت ، (خوای گەورە) لە سەر ئەم چاکە کارییەی کردوویەتی پاداشتی چاکە کەی دەداتەوە ، بەلاّم کەسێ کە خەریکی خراپەکاری و بێ باوەری دوو ڕووی و بەد کاری بێت ئەوا حەتمەت (خوای گەورە) لە سە ر ئەم بەدکارییە سزای ئەدات بە ئەندازەی بەدکاری و خراپەکارییە کەی ، کەواتە دەتوانین بڵێین : مردن بۆ ئەوەی تاکو بەرهەم و بەروو بووم و حاسلاّتی کارەکەی خۆتە کە لە دونیا خەریکی بوویت بکەوێتە دەستت و بەری ڕنج و هەوڵ و ماندوو بونت چ بە چاکە و چ بە خراپە ، ئینجا ئەمرۆ بە چاوی خۆت لە دوا ڕۆژ بیبینیتەوە ..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾﴾ [الجُمُعَة : ٨] واتە : { مردن دەتانگرێتەوە} [قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلاقِيكُمْ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: ئەو مردنەی کە ئێوە لێی ڕائەکەن هەر ئەتانگرێتەوەو پێتان ئەگات و ڕزگارتان نابێت لە دەستی [ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ] پاشان ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوایەك کە زانای هەموو نهێنی و پەنهانەکانە [فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٨)] وە لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هەواڵتان پێ ئەدات بە هەموو ئەو کردەوە خراپانەی کە لە دونیا کردووتانە، وە سزا وەرئەگرن لەسەری و هیچی نافەوتێ...

مردن و لێ پرسینەوە

سوودی مردن چی یە ..؟!

پێش هەموو شتێك دەبێت بزانیت كە تۆ لە ژیانی دونیا دایت ، وە ئەم ژیانی دونیایە هەر هەمووی بە گەورە بچووكی یەوە ، بە بەها و بێ بەهاوە ، هەر هەمووی بێ كەڵكە و بێ نرخە و هیچ بەهایەكی نیە ،تەنها ئەوە نەبێت چاندنی چاكە و دەروێنەكردنی بەرهەمەكەی بۆ ناو گۆڕپان قیامەت، هەر وەك ئەم فەرموودەیە باسی بێ بەهایی ژیانی دونیا دەكات.

لە (ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((الدُّنيا ملعونةٌ ملعونٌ ما فيها [إلا ذكرُ اللهِ وما والاهُ، وعالمٌ، أو متعلمٌ)) . سنن الترمذي برقم (٢٣٢٢). واتە : دونیا نەفرینە وە ئەوەشی تیایدایە نەفرەت لێكراوە بێ كەڵكە بێ بەهایە تەنها یادی خوا نەبێت یان زانایەك زانیاری فێری خەڵكی بكات وە یاخود یەكێك فێری زانیاری شەرعی ببێت ، (واتە بۆ خوابێت و سوود بەخش بێت) ..؟!

كەواتە دونیا جێگەی حەوانەوەمانی لێ نیە ، وە ئێمە لە دونیایە رێبوارین ، بەردەوام بارگەی سەرفەرمان پێچاوەتەوە ، تەنها بۆ گەشتێكی تاقی كردنەوە لە دونیایە داین ..؟!

لە (عبداللە كوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((ما لي وللدُّنيا ما أنا في الدُّنيا إلا كراكِبٍ استظلَّ تحتَ شجرةٍ ثمَّ راحَ وترَكَها)) . سنن الترمذي برقم (٢٣٧٧). واتە : من لە كوێ و دونیا لە كوێ نموونەی من و نموونەی دونیا وەكو ئەسپ سوارێك وایە كە لە رۆژێكی هاویندا بە رێگەیەكی چۆڵدا گوزەربكات و بگاتە ژێر سێبەری درەختێك و لە ژێریدا كەمێك بحەوێتەوە و پاشان هەستێت و بڕوات ..؟!

بەلێ نموونەی دونیا وەكو ئەو دارەی سەر رێگایە وایە كە لە نارەحەتی گەرما ماوەی سەعاتێك پشووی لە ژێردا دەدات پاشان بەجێ ی دەهێڵێت ، وە وێنەی بێ كەڵكی و بێ نرخ و بێ بەهای دونیا پێغەمبەری خوا بە نموونەی خواردنی مرۆڤ بۆمان دەهێنێتەوە ...

لە (ابی كوری كعب) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((إنَّ مَطعَمَ ابنِ آدَمَ ضُرِب لِلدُّنيا مَثَلًا بما خرَج مِن ابنِ آدَمَ وإنْ قزَّحه وملَّحه فانظُرْ ما يصيرُ إليه)) . صحيح ابن حبان (٧٠٢). واتە : خواردن و خواردنەوەی ئادەمیزاد ، نموونەی جوانی هێناوەتەوە بۆ ژیانی مرۆڤ لە دونیادا ئەگەر ئەو خواردنە بهێنێت و جوانی بكات و خوێی و بەهارتی بە سەردا بكات و رێكی بخات بەلاّم كۆتایی و پاشە رۆكەی چی دەبێت ژیانی دونیاش بەو شێوەیە ..؟!

كەواتە هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی هەر شتێك لە ژیانی دونیادا چ حەلاّل بێت و چ حەرام بێت ، لە پێناویدا هەموو دابەزینێكی بۆ دەكەیت ، بەلێ واتە دونیا ئەوەیە بەرهەمەكەشی ئەوەیە كە تۆ دلّت پێ خۆشە ، وە هەركەسێك كە پێی خۆشە لە دونیادا یان ئاواتی ئەوە دەخوازێت و یادی ئەوە دەكات كە بژی و كامەرانی بە دەست بهێنێت باش بزانێت كە كامەرانی بۆ ئەوە نیە لە ژیانی دونیادا وە كامەرانی هەموو دونیا لە چاو كامەرانی ژیانی دوای مردن بەرزەخ یان بە هەشت هەر هیچ نیە ، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی:

لە(المستورد كوری شداد) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((ما الدُّنيا في الآخِرةِ إلَّا كَمِثلِ ما يَجعَلُ أحَدُكُم إصبَعَه هذه في اليَمِّ، فليَنظُرْ بمَ يَرجِعُ)) . اخرجه المسلم برقم (٢٨٥٨). واتە : هەموو نیعمەتەكانی دونیا وەكو ئەوە وایە كە ئادەمیزادێك پەنجەیەكی بخاتە ناو ئاوێكی دەریاوە وە سەیری بكات كە چەند تنۆكە ئاوێكی لەگەڵ خۆی هێناوەتە دەر ، ئەوەندە نیعمەت لە دونیا هەیە لە چاو قیامەتدا ..؟!

كەواتە : دونیا نیعمەتی نەبڕاوەی لێ نیە بۆ تۆ لە چاو نیعمەتی نەبڕاوەی بەهەشت كە پێی بگەیت كە جێگەی یەكەم جاری باوەگەورەی تۆی كە ئادەم – عليه السلم – بۆیە هاتوویتە ئێرەوە بۆ ئەوەی دیسان بگەڕێتەوە بۆ جێگە بنەڕەتیەكەی خۆت وە ئەو كەسانەی ژیانی دونیایان لا خۆشە با چاك بزانن كە ژیانی دونیا خۆشیەكانی رۆیشتووە تاڵی و سوێریەكان ماوە تەوە ، وە ئەگەر پێی خۆش بێت بژی دەبێت ئەو تاڵی و سوێریەش بچێژێت وەكو لەم فەرموودەی پێغەمەبەری خوا ﷺ بۆ مان باس دەكات ...

مردن و لێ پرسینەوە

لە (معاویە کوری سفیان) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((لَمْ يَبْقَ مِن الدُّنيا إلَّا بلاءٌ وفتنةٌ)) . صحيح ابن حبان برقم (٦٩٠). واتە : ژیانی دونیا فیتنە نەبێت هیچ خۆشی و کامەرانی تێدا نەماوە ..؟! هەر لەبەر ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە ژیانی دونیا دا خۆمان بە نامۆ یان غەریب بزانین و رێبواری ئەم دونیایە بین ، چونکە رێگەی ئێمە بۆ چاکە کردن ئێرەیە بەلاَم ئامانج و مەبەستمان شوێنی نەبڕاوە و هەمیشەیی بەهەشتی پان و بەرینە ..؟!

لە (عبداللە کوری عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت :

((أخَذَ رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بمَنكِبي، فقال: كُنْ في الدُّنيا كأنَّكَ غَريبٌ أو عابِرُ سَبيلٍ. وكان ابنُ عُمَرَ يقولُ: إذا أمسَيتَ فلا تَنتَظِرِ الصَّباحَ، وإذا أصبَحتَ فلا تَنتَظِرِ المَساءَ، وخُذ مِن صِحَّتِكَ لمَرَضِكَ، ومِن حَياتِكَ لمَوتِكَ)) . صحيح البخاري برقم (٦٤١٦). واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ شانی گرتم و فەرمووی : (لە دونیا وەك كەسێكی غەریب بە ، یان وەك رێبوارێك بە). ئینجا (عبداللە کوری عمر) دەلێ : ئەگەر ئێوارەت بەسەردا هات چاوەڕوانی بەیانی مەکە ، وە ئەگەر بەیانیت یان رۆژت لێ بوویەوە چاوەڕوانی ئێوارە مەکە ، لەش ساغیت بەهرە وەرگرە بۆ کاتی نەخۆشیت ، وە لە کاتی ژیانتن بەهرە وەرگرە بۆ کاتی مردنت ..؟!

بێ گومان ئەو مردنەی کە تۆ لێ دەترسیت ئەوەندە ترسناکیش نیە ،چونکە تۆ لە ژیانی دونیایی زۆر بچووکەوە دەچیتە ژیانێکی زۆر گەورەترەوە لە ژیانی دونیادا ، بە ئەندازەی چاکە و خێرەکانت گۆڕەکەت بۆ فروان دەبێت چەندە بە قەد ئەو دونیاییە تۆ تێدا ژیانت بەسەر دەبرد ،کەسی وا هەیە لە ژیانی دونیادا تەنها چەند مەترێك ماڵەکەیەتی ،بەلاَم کاتێ وەفاتی کرد گەورەیی مولکو گۆڕەکەی بەقەد ماوەی بینینی چاوەکانیەتی ، بەو مەرجەی کە کەسێکی چاکە کارو ئیماندار بێت ،بەلێ ژیانی دونیا هیچ نیە لە چاو ژیانی بەرزەخ

لە (ابن القیم) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (مرۆڤ چوار شوێنی هەیە تەسك ترین شوێنی ناو سکی دایکە کە لە دایك بوو دێتە ناو دونیایی بەرینەوە ، دواجار دەمرێت دەچێتە ناو گۆڕەوە بۆ ژیانێکی ئینجگار گەورەتر لە (ژیانی دونیا)وە لە گۆڕیش هەڵدەستێت یان زیندوو دەبێتەوە بەرەو ژیانی قیامەت و دەچێتە ژیانێکی ئێجگار گەورەتر لە هەمووی) ابن القيم في (الروح) ص (١١٦).

لە (عمری کوری عبدالعزیز) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (ئەی نەوەی ئادەمیزاد ئێوە دروست کراون بۆ ئەوەی بە هەتا هەتایی بژین ، مردن تەنها بۆ گوێزانەوەتانە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر). ابو نعيم في (حليه الاولياء) (٥/٢٨٧).

(خوای گەورە) مرۆڤەکان دەگوێزێتەوە لە نەبوونەوە بۆ ناو سکی دایك و لەوێشەوە بەرەو ژیانی دونیا ، وە لە دونیاشەوە بەرەو گۆڕ وە لەوێشەوە بەرەو بەهەشت ئەگەر شایستە بێت و رەحمی پێی بکات ، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مان باس دەکات روونی دەکاتەوە کە گۆڕ یان مردن خۆشترە و باشترە لە ژیانی دونیا بۆ مرۆڤەکان بەمەرجێك ئیمانداربن.

لە (عوف کوری مالکی ئەشجعی)- خوا لێ رازی بێت – دەلێت :

((سَمِعتُ النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم وصَلَّى على جِنازةٍ، يقولُ: اللَّهُمَّ اغفِرْ له وارحَمْه، واعفُ عنه وعافِه، وأكرِمْ نُزُلَه، ووسِّعْ مُدخَلَه، واغسِلْه بماءٍ وثَلجٍ وبَرَدٍ، ونَقِّه مِنَ الخَطايا كما يُنَقَّى الثَّوبُ الأبيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، وأبدِلْه دارًا خَيرًا مِن دارِه، وأهلًا خَيرًا مِن أهلِه، وزَوجًا خَيرًا مِن زَوجِه، وقِهِ فِتنةَ القَبرِ وعَذابَ النَّارِ. قال عَوفٌ: فتَمَنَّيتُ أنْ لو كُنتُ أنا المَيِّتَ؛ لدُعاءِ رَسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم على ذلك المَيِّتِ)) . صحيح المسلم برقم (٩٦٣). واتە : لە سەر تەرمێك نوێژی کردوو نزای کرد ، منیش لە نزیکەوە ئەم نزایەم لەبەر کرد ، فەرمووی : (خوایە گیان لێی خۆش ببە و رەحمی پێ بکە ، ئاسوودەی بکە و چاوپۆشی لێ بکە ، رێزی بگرە و شوێنی فراوانی پێ ببەخشە ، بە ئاو بەفرو تەزرە بیشۆ ، لە گوناهی پاکی بکەرەوە هەر وەك چۆن پۆشای سپی پاك ئەبێتەوە لە چڵك و پیسی ، ماڵ و حاڵێکی چاکتر و خێر تر لەوەی خۆی هەیبوو پێ ببەخشە ، کەس و کارێکی چاکتریش لە کەس و کارەکەی خۆی ، هاوسەرێکی چاکتریش لە هاوسەرەکەی ، بیخەرە بەهەشتەوە ، بەناشی بدە لە سزای ناو گۆڕو سزای ئاگر ، (عوف کوری مالك) دەلێت : ئا لەو کاتە پر بە دڵ حەزم دەکرد ئەو مردووە من بومایە ..؟!

بەلێ بێ گومان دەبێت ئەمە بزانین کە مردن گەڕانەوەیە بۆ لای (خوای گەورە) هەروەك دەفەرموویت : ﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ ۝٩٣﴾ [الأنبياء : ٩٣] واتە : [وَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ] بەلاَم خەڵکی دینەکەیان لە نێوان خۆیاندا بەش بەش و پارچە پارچە کردو بوون بە چەند گروپ و کۆمەڵێك [كُلٌّ إِلَيْنَا رَاجِعُونَ (٩٣)] بەلاَم هەموویان لە رۆژی قیامەت بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوەو خۆمان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکەین..!!

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ۝٣٠﴾ [القيامة : ٣٠] واتە : لەو رۆژەدا گەڕاندنەوەو سەرەنجام هەر بۆ لای خوای گەورەیە، ڕوحەکە بەرز ئەکرێتەوە بۆ لای خوای گەورە لە دوای ئەوەی کە فریشتەی گیانکێشان ڕوحەکە ئەکێشێت..!!

مردن و لێ پرسینەوە

(ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – لە سەرەمەرگدا وەسیەتی بۆ هاوەڵانی کرد کە چوار دەوری بوون دەی فەرموو : (لاتضربوا على فسطاطا ولا تتبعوني بمجمر وأسرعوا بي إلى ربي ...) اخرجه أحمد في المسند (٢٩٢/٢). واتە : کەپر نەکەن بەسەر جەنازەکەمەوە ، وە چراو مۆمیش لە دوای جەنازەکەمەوە هەڵنەگرن زوو بم گەیننە لای (خوای گەورە).

(ابو الدرداء) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : (أحب الفقر تواضعا لربي وأحب الموت أشتياق لربي) . ابو نعيم في (حلية الاولياء) (٢١٧/١) . واتە : هەژاریم پێ خۆشە چونکە مل کەچی تیایە بۆ (خوای گەورە) ی خۆم وە مردنیشم پێ خۆشە چونکە موشتاقی لای (خوای گەورە)ی خۆمم ..؟!

(عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : (ليس للمؤمن راحة دون لقاء الله) . ابو نعيم في (حلية الاولياء) (١٣٦/١). واتە : موسڵمان هیچ پشوویەکی نیە جگە لە گەیشتن بە (خوای گەورە) نە بێت ..؟!

(عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : (حبذا المكروهان : الموت و الفقر) . ابن المبارك في (الزهد) (٥٢١). واتە : خۆزگە دەخوازم بە دوو شتە ناخۆشەکە : مردن و هەژاری ..؟!

(عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : (انه سيأتي عليكم زمان لو وجد فيه أحدكم الموت يباع لإشتراه) ابو عمر الداني في (السنن الواردة في الفتن) ص (١٨١) . واتە : زەمانێك دێت هەر یەکێك لە ئێوە گەر مردن ببینێت بفرۆشێت ئەو دەی کرێت ..؟!

هەروەها تابعی بەرێز ((ابو سلمەی کوری عبدالرحمن) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (ان أستطعت ان تموت فمت فو الله ليأتين على الناس زمان يكون الموت أحب إلى أحدهم من الذهب الأحمر) . الحاكم في (المستدرك) (٥١٨/٤). واتە : ئەگەر دەتوانیت بمریت ئەوا بمرە سوێند بەخوا زەمانێك دێت بەسەر خەڵکاندا کە مردن لای یەکێکیان خۆشەویستر دەبێت لە ئاڵتوون یان زێری سوور ..؟!

کەواتە : لێرە ئێمە تێگەیشتین کەوا ژیان رۆژ بە رۆژ بەرەو ناخۆشی و ناهەموارتر دەڕوات بۆیە لە ئاخر زەماندا ئاوات خواستن بە مردن زۆر دەبێت و خۆش ویستنی مردن زیاتر دەبێت ، لە گەڵ ئەوەشدا کە دونیا وە ك بەندیخانەیەك وایە کە ئێمە ژیانی تێدا بەسەر دەبەین ، هەر وەك پێغەمبەری خوا لەم فەرموودەیە بۆ مان باس دەکات ...

لە (ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت :

((الدُّنيا سِجنُ المُؤمِنِ، وجَنَّةُ الكافِرِ)) صحيح المسلم برقم (٢٩٥٦). واتە : دونیا بەندیخانەی ئیماندارە ، وە بەهەشتی کافر و بێ باوەڕە ..؟! بێ گومان هەر کەسێك لە بەندیخانە ئازاد بێت یان ڕزگاری بێت زۆر پێی خۆشحاڵ دەبێت ، کەواتە : بە پێچەوە وانەوە گومان لەوە دانیە ، هیچ کەسیش پێی خۆش نیە دووبارە بگەڕێتەو نێو بەندیخانەکەی کە دونیایە ..؟!

لە (ئیمامی مسروق) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (ما بيت خير للمؤمن من لحد قد إستراح فيه من هموم الدنيا وأمن من عذاب الله) . ابن ابي شيبة فى (المصنف) (١٤٨/٧).

واتە : ئیماندار هیچ خانوویەك نیە چاکتر بێت بۆی وەك ناو گۆڕە کە تیایدا دەحەوێتەوە و ڕزگاری دەبێت لە خەمو مەینەتیەکانی ژیانی دونیا و دوور دەبێت لە سزای (خوای گەورە) ..؟!

لە (عبادەی کوری صامت)- خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((ما علَى الأرضِ من نفسٍ تموتُ، ولَها عندَ اللَّهِ خيرٌ، تُحبُّ أن ترجِعَ إليكم، ولَها الدُّنيا إلَّا القتيلُ، فإنَّهُ يُحبُّ أن يرجِعَ، فيُقتلَ مرَّةً أخرَى)) . صحيح النسائي برقم (٣١٥٩). واتە: هیچ نەفسێك لە سەر زەویدا نیە بمرێ ، لای (خوای گەورە) خێرو پاداشتی هەبێت و حەز بکات بگەڕێتەوە بۆ نێوتان یان ژیانی دونیا ، ئەگەر هەموو دونیاشی پێ بدرێ ، جگە لە کوژراو ، (واتە : ئەو کەسەی بەناحەق کوژراوە یان شەهید بووە) چونکە حەز دەکات بگەڕێتەوە و جارێکی تر بکوژرێتەوە ..؟!

بەڵێ سوودی مردن ئەوەیە بۆ خاوەن ئیمان و باوەر پشوودانە حەسانەوەیە لە دوو ڕووەوە :

یەکەم : کە مردووە حیساب و کتاب کردەوەکانی دونیایی لە سەر نامێنێ تا دەگات بە ڕۆژی قیامەت .

دووەم : ڕزگاری دەبێت لە جەلەسەری بەڵاو نەهامەتی و نارەحەتی ناخۆشیەکانی ژیانی دونیا .

مردن و لێ پرسینەوە

لە (ئەبوقتادە ی ئەنصاری) – خوالێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

((ئا جلوسًا عندَ النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم إذ طلَعَت جِنازةٌ فقال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: (مستريحٌ ومستراحٌ منه) قُلْنا: ما يستريحُ ويُستراحُ منه ؟ فقال صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: (المؤمنُ يموتُ ويستريحُ مِن أوصابِ الدُّنيا وبلائِها ومُصيباتِها والكافرُ يموتُ فيستريحُ منه العبادُ والبلادُ والشَّجرُ والدَّوابُّ) . صحيح البخاري برقم (٦٥١٢).

واتە: ئێمە دانیشت بووین لە لای پێغەمبەری خوا ﷺ جنازەیەك بەلای دا تێپەری ، فەرمووی : (ئەوە ئاسوودەیە و ئاسودەن لە دەستی) ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (ئاسوودەیە و ئاسودەن لە دەستی مانای چی یە ..؟! ئەویش فەرمووی : (بەندەی ئیماندار لە دەست كێشە و جەلەسەری و بەلاو نەهامەت و ناخۆشی دونیا ڕزگاری دەبێت و ئاسوودەیە ، بەندەی كافر و خراپەكاریش خەڵكی ولات و یان مرۆڤەكان و دار و درەخت و ئاژەڵ و گیان لەبەر لە دەستی ئاسوودە دەبن ..؟!

لە (محمود كوری لبید ئەنصاری) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((اثنتانِ يكرههما ابنُ آدمَ : يكرهُ الموتَ، و الموتُ خيرٌ له من الفتنةِ، و يكرهُ قلَّةَ المالِ، و قِلَّةُ المالِ أقلُّ للحسابِ)) شيخ الالباني صحيح الجامع بر قم (١٣٩).

واتە : ئادەمیزاد دوو شتی پێ ناخوشە :

یەكەم : مردنی پێ ناخۆشە و حەزی پێ ناكات بەلام مردن باشترە بۆی لە توش بوون بە فیتنە و پاشگەبوونەوە لە ئیمانداری .

دووەم : پێ ناخۆشە پارەكەی یان ماڵەكەی كەم بێت ، بەلام ئەوە سوود و قازانجە چونكە لێ پرسینەوەی سووك دەبێت .

بەلێ واتە : گەر دە دیناری لابێت لێ پرسینەوەی سووكترە لەوەی لەسەر هەزار دینار لێ پرسینەوەی لە گەڵدا بكرێت ، بێ گومان ئەوەش بزانە ئەو پارەو سامان و ماڵەش كە لای تۆیە هەر هەمووی موڵكی خوایە وە لێپرسراویت لە پەیدا كردنی وە بە ویستی تۆش نیە چۆن سەرف كردنی ..؟!

(عبداللە كوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : (ما من نفس برة ولا فاجرة إلا والموت خير لها من الحياة إن كان برا فقد) ، (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ ١٩٨﴾ [آل عِمۡرَان : ١٩٨] واتە : هێشتا ئەوەی لای خوای گەورەیە بۆ چاكەكاران باشترین شتە كە خوای گەورە بۆیانی ئامادەكردووە ... (وإن كان فاجرة فقد) ، (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَلَا يَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ خَيۡرٞ لِّأَنفُسِهِمۡۚ إِنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِثۡمٗاۖ وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٧٨﴾ [آل عِمۡرَان : ١٧٨] واتە : [وَلا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِأَنْفُسِهِمْ] وە با كافران وا نەزانن كە ئێمە تەمەنیان درێژ ئەكەین و ژیانی خۆشیان پێ ئەدەین یان لە جەنگێك بەسەر موسڵماناندا سەر ئەكەون وا نەزانن ئەمە خێرو چاكەیە بۆ ئەوان [إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا] بەڵكو ئێمە بۆیان درێژ ئەكەینەوە یان پێیان ئەبەخشین بۆ ئەوەی زیاتر تاوانبار بن [وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ (١٧٨)] وە سزایەكیان ئەدەین كە ریسواو زەلیل و سەرشۆڕیان ئەكەین ..!! كەواتە : مردن زۆر چاكە بۆ هەر دوو لا بۆ موسڵمان وە بۆ بێ باوەریش یان كافر ، هەر بەندەیەك چاكە كار بێت لای (خوای گەورە) یان خراپە كار بێت هەر مردن بۆی چاكترە لە ژیان ، ئەگەر خاوەن ئیمان و باوەریش بێت ئەوا ئەوەی لە لای خوایە زۆر چاكترە بۆ ئەو چاكە خوازانە لەوەی لە دونیادا هەیە ، وە ئەگەریش بێ باوەر خراپە كاریش بێت هەر مردن بۆی چاكترە وەكو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿أَنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ خَيۡرٞ لِّأَنفُسِهِمۡۚ إِنَّمَا نُمۡلِي لَهُمۡ لِيَزۡدَادُوٓاْ إِثۡمٗاۖ وَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ١٧٨﴾ [آل عِمۡرَان : ١٧٨]

لە (عبداللە كوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((ذهَبَ صَفْوُ الدُّنيا، فلم يَبْقَ منه إلَّا الكُدْرةُ ، الموتُ اليومَ تُحْفةٌ لكلِّ مُسلمٍ)) . اخرجه ابن ابي شيبة برقم (٣٥٦٥٧).

واتە: خۆشی دونیا ڕۆیشت و تەواو بوو ، تەنها لێڵی و تاڵی و ناڕەحەتیەكەی ماوە ، كەواتە مردن ئەمڕۆ خەڵاتە و دیاریە بۆ هەموو موسڵمانێك ..؟!

لە (عبداللە كوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەلێت : (أمس خير من اليوم ، واليوم خير من غد و كذلك حتى تقوم الساعة) واتە: دوێنی چاكترە بوو لە ئەمڕۆ ، وە ئەمرشۆش چاكترە لە بەیانی ، ڕۆژگاریش بەم جۆرە دەبێت هەتا هاتنی رۆژی قیامەت و تەواو بوونی دونیا ..؟!

به دڵنیایەوە ئەو ڕۆژە هەردێت

بەڵێ ئەو ڕۆژە هەر دێت کە پەردەی غەیب و پەنهانیەکان لە پێش چاوانت لائەبەن ، ئینجا فریشتەی مەرگ یان (الملك الموت) بە هیبەت و ترسناکەوە بۆ کێشانی گیانی تۆ یان ڕۆحی تۆ دادەبەزێ ، بەڵێ بیر لەو ساتە سامناکە بکەرەوە ، کە چۆن چاوەکانت بۆ هەمیشەیی لە سەریەك قەبات دەبێت ، لاشە و جەستەی سارد و سور و بێ جووڵە ووشك لە سەر زەوی کەوتووە ، ئینجا تۆ بۆ شوێنی مردوو شۆران دەبەن ، بێ گومان ئەو ڕۆژە تۆ هیچ توانایەکت نیە بە سەر لاشەکەتەوە ، جەستەو لاشەیەکی بێ گیان ، کەسانی تر دێن هەڵت دەگرن و بۆ شوێنی مردوو شۆر دەبەن پاشان بانگی چەند کەسێك دەکەن لاشە بێ گیانەکەت بشۆن ، ئەو لاو ئەولات پێ دەکەن لە کاتی شۆردندا تۆ هیچ توانان نیە جووڵەیەکیش بکەیت ..؟! ئینجا هەر جل بەرگێکی گران بەهاو بەنرخ لە بەرد دابێت لە بەرد دەکەنەوە جەستە لاشەکەت ڕووت دەبێت لەسەر تاتەی یان تەختەی مردوو شۆر ، پاش شۆردنی لاشەکەت بەتەواوی ئینجا کاتی هاتنی کفنەسپیەکەیە لە بەرد دەکەن ، خۆت لە لاشە و کفنە سپیەکەی خۆت دەترسیت ، ئەو جل و بەرگەی پێش مردن هەمووی گوزەشت کە پیش مردنت فەخرو شانازیت پێوە دەکرد ، ئینجا پەیتا پەیتا بەرەوە شوێنی نوێژ کردن دەبەن مامۆستایەك نوێژی مردووت لەسەر دەکات ، جا ئامادە بووان چەند کەس لەوێ ئامادەبن نوێژی مردووت لە سەر دەکرێ ، پاشان بە پەلە بەروە گۆڕستان دەبەن ، بۆ شوێنەکەی خۆت ئەویش گۆڕێکە بە گوێرەی کردەوەکانی خۆت ، جا ئەگەر لە پیاو چاکان و ڕاستگۆ شەهیدان بێت ، ئەوا گۆڕەکەت یان قبرەکەت پڕ دەبێت لە نوور ، بە پێی ماوەی بینینت گۆڕەکەت بۆ فراوان دەبێت دەبێتە مێرگێك لە مێرگە کانی بەهەشت ، بەڵام ئەگەر کەسێکی خراپەکار بێت ئەوا گۆڕەکەت تەنگ تەسك پڕ دەبێت لە مشك و مار مێرو زیندەوەر ، ئەوەی ڕاستیە لەو گۆڕە هیچ کارەباو ڕۆشنایی لێ نیە ئەوە لە بیر بکە ، چونکە وا سوننەت هەتا دەرز و کونە بچووکە کانیش بە قوڕ خشت و کەرپووچ و بلۆك دەگیرێن ، ئینجا ئەو کەسانەی لە ژیانی دونیا لەگەڵدا بوون وەکو خاو خێزان و دایك و باوك خوشك و برا خزم و کەس کارو هاورێ کانت هەمووی لە گەڵدان لە سەر گۆڕستان ، بەڵام دوای تەواو بوونی فاتیحە خوێندن هەر هەمووی بە جێت ئەهێڵن ، ئەوەندە بە تەنهای تەنانەت لە جەستەکەی خۆت گۆڕەکەشت ئەترسیت ، خۆت ئەمێنێتەوە بەتەنها لە ناو گۆڕەکە لە گەڵ کارو کردەوەکانی کە لە ژیانی دونیا ئەنجامت دابوون ، پاشان ئەو دوو فریشتەی گۆڕ دێنە لات کە ناویان (نەکیر و مونکەر) ە تەنها خۆتی خۆت ، پاش جەند ڕۆژێك لە پرسە گیران لە لایان خزم کەس و کارەکەت ، باس لە کردەوەکانت دەکرێ ، جا ئەگەر کردەوەی چاکەت ئەنجامدا بێت ئەوا باسی لێوە دەکرێ ، ئەگەر کردەوەی خراپەشت ئەنجامدا بێت ئەوا بە هەمان شێوە باسی لێوە دەکرێ ، پاشان دەست دەکەن بە دابەش کردنی مولك ماڵ سامانەکەت بە سەر کەس و کارەکەت ، دوای ئەوە تۆ لە بیر دەکرێت ، بەڵام تۆ لە ناو گۆڕەکەت بە حاڵ و کردەوەی خۆتەوە گرفتاری ، لە ناو گۆڕە ئاگری سوتێنەری بە تێن و تین دەبینی یان گۆڕەکەت دەبێتە پڕ لە سەوزایی و نوور و ڕۆشنایی ، بەلێ لەم ڕۆژە چ وەلامێکی (خوای گەورە) ئەدەیتەوە کە دەربارەی تەمەنت لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی زمانت کە شایەتیت داوە بە درۆ لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی ماڵ سامانەکەت بە چێت پەیداکرد لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی زانستەکەت چۆنت بەکار هێنا لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی ئەمانەت و سپاردەکەت لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی بەرپرسیاریەتیت بەرانبەر خەڵکانێك لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی ماڵ منداله و هاوسەرەکەت لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی دایك و باوك و خۆشك برا لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی جیرانەکانت لێت بپرسێ ..؟! دەربارەی ئەندامەکانی جەستەت لێت بپرسێ ..؟! جا خۆ ئامادەکردن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چیت کردووە چۆن خۆت بۆی ئامادەکردوە ..؟! چونکە ئەو ڕۆژە هەر دێت هەر گیز دواناخیرێت کاتی ئەجەلت ..؟! مەرگ و ڕۆح گێشان هەر دێت هیچ دەرمانێك هیچ پزیشکێك چارەسەری بۆت نیە دەربازت ناکات ، وە هاوار گریانی خاو خێزان دۆستان هیچ دەورێکی بۆت نابێ ..؟! هەستە لە خەو کە هەر گیز ماڵ سامان پارەی زۆر خانوو کۆشك و بالەخانە و ڤیلاو کوری فلانە کەس و فلانە شێخ و فلانە بە پرس و هیچ سوودی بۆت نابێت ، وە هیچ نێوەند گیری و واستیە ڕێگیری نابن لە گەیشتنی مەرگ پێت ، لەوەیە بەیانیکە بێت پێت بگا یان ئێوارەیەك بێت و پێت بگا ، لەوانەیە پێشت تەواو کردنی ئەم پەرتووکە مەرگ ڕێگەی نەدا تەواوی بکەم ، وە یان دوای تەواو کردنی مەرگ بێت ، (خوای گەورە) زانایە بە کاتی هاتنی مەرگی هەر بەندەیەك ، ئینجا ڕێگە ڕاستەکە ئەوەیە بگەڕێوە بۆ لای (خوای گەورە) و بیر لە مردن بکەرەوە ، چونکە لات سەیر نەبێت لە هەر چرکەیەك دا مەرگ بەرۆکت بگرێت ، تۆش خۆت بۆ مردن ئامادەنەکردووە ..؟! ئەی براو خوشکی بەرێز ئەتەوێت چەند لە ژیانی دونیادا بژێت ..؟! شەست ساڵ ..؟! حەفتا ساڵ ..؟! هەشتا ساڵ ..؟! نەوەد ساڵ ..؟! سەد ساڵ..؟! دوو سەد ساڵ ..؟! هەزار ساڵ ..؟! ئەی دوای ئەوە چی ..؟! دوای ئەوە مردن و نەمان و کفن کردن و گۆڕ و ژیانی بەرزەخ و دواتریش قیامەت دێت ...

بەڵێ وەکو چۆن فریشتەی مردن (ملك الموت) هاتووەتەخزمەتی کەسانی تر بەهەمان شێوە دێتە خزمەتی تۆش ، چونکە ژیان چەنێك بەردەوام بێت هەر بە مردن کۆتایی دێت ، هەمووی ئەمرێت ، چاکەکاران و خراپەکاران ، لە خوا ترسان و گوناهکاران ، پاڵەوانەکان و لاوازەکان ، ترسنۆکەکان و جوامێرەکەکان ، ئەوانەی دونیایان خۆشدەوێ و ، ئەوانەی دوارۆژیان خۆشدەوێ ، هەیمەت بەرز و بێ هیمەتەکان ، هەر هەمووی دەمرن ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ۝٢٦ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ۝٢٧﴾ [الرَّحۡمَٰن : ٢٦ - ٢٧] واتە : هەموو دروستکراوەکان لەناو دەچن} [كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦)] هەرچی لەسەر ڕووی زەوی هەیە لە خەڵکی و ئاژەڵ و گیانلەبەران هەر هەموویان ڕۆژێك لە ڕۆژان لەناو ئەچن و کۆتاییان پێ دێت..!! [وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ (٢٧)] تەنها زاتی پیرۆزی پەروەردگاری تۆ ئەمێنێ کە خوایەکە خاوەنی گەورەیی و پیرۆزی و ڕێزەو شایانی ئەوەیە کە بەگەورەو بەڕێز بزانرێت و گوێڕایەڵی بکرێت و سەرپێچی نەکرێت...

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِ﴾ [آل عِمۡرَان : ١٨٥] واتە : هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێ ئەگەر چاکەکار بێ یان خراپەکار، مرۆڤ بێت یان جنی، مەلائیکەت بێت یان شەیتان...

مردن و لێ پرسینەوە

ئەگەر بڵێن بەیانی دەمریت ، چی دەکەیت ..؟!

ئەگەر سەروەت و سامانی یەك وڵاتت پێببەخشن ئایا خۆشحاڵ دەبیت پێی ..؟!

ئەگەر بەڵێن تۆ خاوەنی ئەم دوورگەیەی ئایا خۆشحاڵ دەبیت پێی ..؟!

ئەگەر بەڵێن تۆ خاوەنی سەروەت سامانی تەواوی یەك شاری بەناوبانگی جیهانی ئایا خۆش حاڵ دەبیت پێی ..؟!

ئەگەر بتکەن بە حاکم و فەرمانرەوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئایا خۆشحاڵ دەبیت پێی ..؟!

ئەگەر باشترین ساتەکان و خۆشترین بەرنامەت پێشکەش بکەن ئایا دڵ خۆش دەبیت پێیی ..؟!

ئەگەر باشترین و بە چێژترین خواردنی دونیان پێشکەش بکەن ئایا چێژی لێ وەردەگری ..؟!

ئەگەر جوانترین باشترین و مودیلی ئۆتۆمبێلی گران بەهای دونیات پێشکەش کەن ئایا خۆشحاڵ دەبیت پێی ..؟!

ئەگەر بڵێن تۆ خاوەنی ئەم کۆشك و ڤیلان و باڵەخانەی کە بەهایەکەی بە ١٠٠ ملیۆن دۆلارە ئایا خۆشحاڵ دەبیت پێی ..؟!

ئەگەر بتکەن بە بەرپرس وەك ئەم بەر پرسانەی ئێستا کە لە نازو نیعمەتێکی خۆش دەژێن لە هیچ شتێکیان کەم نیە ئایا خۆشحاڵ دەبێت ..؟!

ئەگەر جواترین و باشترین شێوە ڕوخسارت پێببەخشن لە ئاوێن سەریری ئەکەیت ..؟!

ئەگەر ڤیزای شەنگلی هەموو وڵاتی ئەوروپات پێ بدەن و گەشتی هەموو ئەوریا بکەین ئایا خۆشحاڵ دەبیت پێی ..؟!

وای دانێ مردوویت ، خەڵك و خزم و کەس و ماڵ و مندالەکانت و نەوەکانت ئەگرین بۆت ، وای دانێ لە شوێنی مردوو شۆران خەریکن ئەتشۆن ، ئەم دیمەنە بێهێنە پێش چاوی خۆت ، وە جلەو بەرگە گران بەهاکەتیان لەبەر داکەندی و کفنێکی سپیان لەبەر کردووی ، بهێنێە پێش چاوی خۆت لە ناو داربازەیەك لە چوار لاوە هەڵیانگرتووی بەرەو گۆرستانت دەبەن ، بهێنێنە پێش چاوی خۆت نوێژی مردووت لەسەر دەکەن ، بێهێنە پیش چاوت تۆیان خستۆتە ناو گۆڕەکەت یان قبرەکەتەوە و بە قورو خشت دادەپۆشن ، بێهێنە پێش چاوت خۆڵ دەکەن بەسەر گۆڕەکەت ، وای دانێ ئێستا لە تاریکی گۆڕەکەت دای ، وە تەنیاو بێکەس و کار لە گۆڕەکەت ڕاکشاوی ، ئینجا بیر لەو ساتە بکەرەوە کە (نەکیر مونکەر) لە ناو گۆڕەکەت پرسیارت لێ دەکەن ، دڵنیابە ڕۆژێك دێت ئەگەیتە ئەوشتانەی سەرەوەو تاقی دەکەیتەوە هەروەکو چۆن لە پێش تۆ کەسانی تر بەم ئەزموونە تێ پەریان کردووە ، وەکو داپیرو باپیر و دایك و باوك هاورێ و خۆشەویستانت بەجێیان هێشتووی ، هەروەها لە کەسانی خاوەن حوکم فەرمانرەواکان و بەرپرس و پلە باڵاکان و پادشاو سەرۆکەکانیش ، هەروەها کەسانی خاوەن ئیمان و باوەردار ، وەکەسانی بێ باوەرو کافر و دوو ڕوو خراپەکارەکانیش بەم ئەزموونە تێپەریان کردووە ، تۆش یەکێکی هەر دەبێت ئەو ئەزموونە تێپەر بکەیت ، چونکە ئێمەی بەندە هەموو ڕۆژێك نزیك دەبینەوە لەم ڕۆژە حەتمیە و هەر دێت ، هەنگاو بە هەنگاو ، سات بە سات کات ژمێر بە کات ژمێر و ڕۆژ بە ڕۆژ و هەفتە بە هەفتە و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ ... لە کۆتاییدا هەر پێی ئەگەین ..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ٨﴾ [الجُمُعَة : □□ واتە : { مردن دەتانگرێتەوە} [قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلاقِيكُمْ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: ئەو مردنەی کە ئێوە لێی ڕائەکەن هەر ئەتانگرێتەوەو پێتان ئەگات و رزگارتان نابێت لە دەستی [ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ] پاشان ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوایەك کە زانای هەموو نهێنی و پەنهانەکانە [فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٨)] وە لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هەواڵتان پێ ئەدات بە هەموو ئەو کردەوە خراپانەی کە لە دونیا کردووتانە، وە سزا وەرئەگرن لەسەری و هیچی نافەوتێ...

مردن و لێ پرسینەوە

لە ناوبەری خۆزگەو ئاواتەکانی دونیا

بەلێ ئەمە هەمان ئەو ساتەیە کە قورئانی پیرۆز لە بارەیەوە باسی کردووە ، هەمان ئەم چرکە ساتەیە کە قورئانی پیرۆز باسی لە دڵنیای ڕوودانی کردووە ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ٥٧﴾ [العَنكبُوت : ٥٧] واتە : [كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ] هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێ [ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٥٧)] پاشان تەنها بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە..؟!

بەلێ مردن واتە کۆتایی هەموو خۆشی و لە زەتەکان ، کۆتایی هەموو ڕەنج و ماندوو بوون و نەهامەتی و موصیبەتەکان ، وەیان کۆتایی هەموو خۆزگەو ئومێدو ئاواتەکانی دونیا، وای دانێ کە ئێستا فریشتەی مەرگ یان (ملك الموت) گیانی تۆی کێشاوە تۆ لە جنازەیەك زیاتر هیچ نیت ، تۆیان لە سەر تاتە شۆر شۆردووە ، خەڵك و خزم و کەس و کار و هاورێ کانت لە سەرت ئەگرین ، تۆش گریانی ئەوان دەبیستی بەڵام توانای قسەکردن و هیچ جوڵەیەکت نەماوە ، دوای چەند کات ژمێرێك لە سەر دارە بازە هەڵد ئەگرن دەبەن بەرەوە گۆڕستان ، ئەو شوێنە کە زۆر ڕقت لێیەتی بە هەموو تەمەنت ، وە بەردەوام لە ژیانی دونیادا لەم شوێنە ڕات دەکرد ئینجا بێ ویستی خۆت بەرەو ئەو شوێنە دەتبەن گۆڕەکەت چاوەڕێی تۆیە و ئەو قەبرەیان یان چاڵەیان تەنها بۆ تۆ هەڵکەندووە ، یەکەم شتێك لە ناو گۆڕەکەت کە دەکەوێتە بیرت تەنها ئەوەیە کە خۆت دەبینیتەوە کە زۆر بە تەنهای کەست لە گەڵدا نیە ، بۆنموونە : نە خزم و کەس و کارو ماڵ و منداڵ ، نە هاورێ و دۆستە نزیکەکانت ، نە سەرباز و پاسەوانە کانت ، نە دایك نە باوك نە برا نە خوشك هیچ کەس لە گەڵدا نەماوە تۆ تەنهای بەس خۆت و کردەوەکانی دونیا لەگەڵدا دەمێنەوە ، ئیتر هیچ کەس نیە قسەی لەگەڵ بکەیت هیچ کەس نیە کە لە دونیا پیلانی بۆ دادەنای بێت لەوێ فریات بکەوێت ، هیچ کەس نیە هاو سەفەرت بێت کە لە دونیا گەشت و سەیران و سەفەری وڵاتانت لە گەڵدا دەکرد ، هیچ کەس نیە بێت لە تەنیشتت دابنیشێ لە تەنهایە ڕزگارت بکات ، وە بە ڕاستی تەنهایی زۆر سەختە وە خراپتریش لەوە ئەوەیە ، تەنهایی هەمیشەیی بێت نەگەڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا ، بەڵێ ئەکرێ ئەم نەهامەتی موصیبەتە کە لە گۆڕدا هەیە تەنها مانەوەمان لە بیر بکەین ئەویش پێش مردن مان لە ژیانی دونیادا ، بە شێوەیەك کە لە ناو گۆڕدا هەست بە تەنهایی نەکەین لە پرسیاری فریشتەکان و تاریکی و سزای ناو گۆڕ خۆمان بپارێزین ..؟! ئەوەش کاتێك دەکرێ کە لەگەڵ خۆماندا کردەوەی چاکە و ئیمانی ڕاستە قینە ئەو سەروەت و داریی ناوگۆڕەکەتە ، چونکە ئیمانی دامەزراو باشترین هاوڕازو هاودەم بوونی یەقین و دڵنیاییە بە ڕەحمی (خوای گەورە) دوای مردن ..؟! بێ گومان بۆ ئەمڕۆ هەر کردەوەیەکی چاکە بتەوێ ئەنجامی بدەی ، هەر کردەوەیەکی خراپش بتەوێ ئەنجامی بدەی ، وە هەر پارەیەك بتەوی بە حەرام بە دەستی بێنی ، هەر ماڵێك بتەوێ داگیری بکەیت و کەس ڕێگر نەبێت و کەس لێت نەپرسێتەوە ، ماڵی هەیتو بخۆیی هەر مرۆڤێکی بێتاوان زیدانی بکەیت و یان ئازاری بدەیت وەیان بە ناحەق بیکوژی کەسیش لێت نەپرسێتەو ، ماڵی خەڵك بە ناڕەوا بخۆتی کەس نەوێرێ بەرامبەرت قسەبکات ، وەیان هەر تاوانێك و گوناهێك بکەیت کە نەوێرێ حەقت لێ بسێنێتەوە پرسیارت لێ نەکات ..؟! بەڵام بە دڵنیایەوە مردن کۆتای بە هەموو زوڵم ناحەقی ناڕەوایەك هێزو تواناکەت دەهێنێ ، ئینجا دەست دەکرێت بە لێ پرسینەوە لە هەر شتێك لە دونیا کردووتە ئەوەی لە بیریشت کردووە بچووکترین کردووە حیساب و کتابت لە گەڵ دەکرێ جا چ بە چاکە بێت و چ بە خراپە لە ژیانی دونیادا کردووتە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ٨﴾ [الزَّلزَلة : ٧ - ٨] واتە : {چاکەو خراپە چەندێك کەم بێت دەیبینیتەوە} [فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (٧)] لەو ڕۆژەدا هەر کەسێك کردەوەی چاکی کردبێ لە دونیادا بە ئەندازەی مسقالە زەڕەیەك واتە: بچووکترین مێروولە یاخود ئەو گەردەی کە ئەبینرێت تەپو تۆزێك لە پەنجەرەیەکەوە دیارە ئەوەش ئەگرێتەوە، جا کەسێك بە ئەندازەی یەکێك لەو گەردانە چاکەو خێری کردبێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەجرو پاداشتەکەی وەرئەگرێ، بۆیە نابێ مرۆڤی موسڵمان چاکەی لەلا کەم بێ، هەر بۆیە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - ئەفەرمووێ: (خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت کە کردووتە بەخێر لە پێناو خوای گەورەدا بەکەمی مەزانە، ئەگەر قسەیەکی چاکیش بێ بەکەمی مەزانە، ئەگەر لە دۆلکەکەت ئاو بکەیتە ناو گلاسی کەسێکی ترەوە بەکەمی مەزانە، ئەگەر بەڕووی خۆش بەرامبەر موسڵمانێك ڕاوەستی و ڕووت لە گەڵیدا خۆشبێ بەکەمی مەزانە، ئەگەر پێی ئاژەڵێك بەدیاری بەری بۆ هاوسێکەت بەکەمی مەزانە)، ئەمانە هەرچەندە خێرو شتێکی یەکجار کەمن، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا هەر کەسێك لەوانە کەمتر بە ئەندازەی گەردێك یان مێرووولەیەکی بچووك خێرو چاکە بکات ئەیبینێتەوەو خوای گەورە ئەجرو پاداشتی ئەداتەوە لەسەری، وە چاکەیش یەك بە دەیە تا یەك بە حەوت سەد تا زیاتریش..؟! [وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ (٨)] وە بە پێچەوانەیشەوە هەر کەسێك ئەگەر بە ئەندازەی مێروولەیەکی بچووك یان گەردێکی بچووك شەڕو خراپە بکات لە ڕۆژی قیامەتدا ئەیبینێتەوە ئەگەر خوای گەورە لێی خۆش نەبێت، ئەگەر لێی خۆشبوو ئەوە هیچ ئەگەر لێی خۆش نەبووبێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ئەکات، بۆیە نابێ مرۆڤی موسڵمان تاوانی بچووکیشی پێ کەم بێ لەبەر ئەوەی هیچ بچووکێك لەگەڵ بەردەوامیدا بچووك نیە بەڵکو گەورە ئەبێت، والله أعلم.

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ١٩﴾ [ق : ١٩] واتە : [وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ (١٩)] وە سەختی و سەغڵەتی گیانکێشان هات کە شتێکی حەقە لە کاتی مردندا کە ئەمە ئەو مردنە بوو کە تۆ لێی ڕات ئەکرد...؟!

دوورگەی ترس

بە لێ دونیا بە هەموو ڕەنگ و جوانی و خۆشیەکانیەوە ڕووتێکردووین ، بە شێوەیەك کە دین و ئایینی ئاخیرەتی خومانمان بە خۆشیەکی کەمی ئەم دونیایە یان کاتێکی کەم فرۆشتووە ..؟! بەلێ خۆشەویستی دونیامان بە شێوەیەك نۆشیوە بە هەموو دەمارەکانی جەستەمان گوزەر دەکات ، چونکە دڵ دەرِوونمان پەیویست کردووە بە شتی جوان و گرانبەها ڕەنگ و برِیقەی شتی جوان ، وەکو ئۆتۆمبێل و مۆبایل و خانوو و باڵەخانە و ڤیلا کۆشك وتەلاری بەرز بەرز ، وە یان بە دەست هێنانی کەل و پەلی ناو ماڵ بە شێوەیەکی گران بەها و بەنرخ ئەویش وەك چاو لێکەریە بۆتە دیاردە ، وەیان خۆمان پەیویست کردووە بە جواترین کالاو کەل پەڵ و جل بەرگی مۆدێل و شتی هەڵخەڵەتێن ، دڵمان بەس بە خۆشی چێژ وەر گرتن لە زەتە کانی دونیا پەیویستە ، بیر لە دوا ڕۆژ و مردن هەر گیز لە ناو خەڵك کانێکی نەفام نەزان و بێ ئاگا و غافل ناکرێتەوە ..؟! چونکە زۆر ئومێدمان بە وەعد پەیمانی دونیا هەیە ، بیر لە حەرام و حەلاڵ ناکرێتەوە ، لە گەڵ گۆرِانی موسیقایی یانە شەوانەکان و گەعدە و شوێن بار و مەی خواردنەوە خۆشی ڕابواردن دونیا سەرقاڵ بوونە ، هیچ کات بیر لە دوورگەی ترس ناکەنەوە یان بیر لە ژیانی بەرزەخ ناکەنەوە ، هەر بە دوای ئەو پاروە حەرامانە دا دەگەرِێ ، خواردنی ماڵی خەڵك لە لای وەکو غەنیمەت یان دەست کەوت دەزانی هیچ کات بیر لە لێ پرسینەوەی ناکاتەوە کە لەگەڵی دا دەکرێت لە سەر ئەو ماڵە حەرامەی بە دەستی هێناوە ..؟! هەر بۆیە لە بەزەیی و ڕەحمی خودا خۆی بێبەش دەکات ، چونکە لە دونیادا پێشوازی لە گوناهو تاوانەکانی دەکات خۆی بەرەو سەرگەردان و ڕۆچوون دەبات ، ئەم هەموو هۆکاری گرنگی زۆرمان بۆ ژیانی ئەم دونیاییە ، بیرناکەینەوە لە ژیانی بەرزەخ وە ژیانێکی هەمیشەیی و نەبرِاوە ، هیچ کات بیر لە دوورگەی ترس ناکەینەوە هەر خەریکی بەدەست هێنانی پلە و پۆستین لە سەر حیسابی خەڵکی بێ تاوان ، بە هەزران پیلان و نەخشە و جاسووسی غەیبەت کردن قسە هێنان بردن و ماستاو کردن ، بە دوای پلە و پۆست بەپرسیارەتی دا دەگەرِێن ، خوێن و ماڵی خەڵك حەلاڵ دەکەین بۆ بە دەست هێنانی پلە و پۆست ، دڵی خەڵك دەرِنجێنین و ئازاریان دەدەین تەنها بۆ ئەوەی لە پلە و پۆست نەکەوێن ، کەچی پلە و پۆست ماڵی دونیا هەر هەمووی کاتییەو زوو تێدەپەرێ، بەڵێ بە خۆشیەکانی دونیا هەڵدەخەلەتێن ، بە باڵە خانە بەرزەکانی دونیا ، بە دار دەرختەکان بە سەوزایی و ڕووبارەکان ، بە هێز پلە پایە تواناکان ، ئەمانە هەر هەمووی چاوی دڵمانی کوێر کردووە بە شێوەیەك جگە لە دونیا هیچمان نەدەبینی ، چونکە ئەم دونیا یە هەزاران و ملیۆنان کەسی لە (خوای گەورە) دوورخستەوە ، ناو گوناهو تاوانەکان نقومی کردوون ، بەڵێ شەیتان زۆر کەسانی نەفام و نەزانی لە دونیادا هەڵی خەلەتاندوون ، چونکە نەزان و نەفامەکان ئایینی (خوای گەورە) یان بە گاڵتە وەرگرتبوو ، لە پێناوی ڕازیکردنی نەفسیاندا ، هەر بۆ یە (خوای گەورە) لە خۆ تووڕە دەکەن ، لە پێناوی ژیانێکی چەند چرکە یەك یان چەند ڕۆژێکی ئەم دونیایە ، ژیانی هەمیشەیی ئاخیرەتی خۆیان لە ناو برد ، بە داخەوە هەزاران جار بە داخەوە پەشیمانین لەو کردەوەچاکانەی کە هەبوو لە دونیادا دەبوو ئەنجامیان بدەین ، نەمانکرد ، وەیان پەیشمانین لە و کردەوە خراپانەی کردوومان دەبوو ئەنجامی نەدین ..؟! بەلێ لە پێنانی خۆشی دونیا خۆشی هەمیشەیی ئاخیرەتمان لە دەستدا ، لە پێناوی شادی و هاورێ و نەوەکانمان خۆمان لە شادی بەزەخ و دوا ڕۆژ بێبەش کرد ..؟! بەلێ تەنها بیر لە شتە خراپەکانی دونیا دەکەینەوە ئەوانەی شەیتانەکان ئارەزوویان لێیەتی ئێمەش بە دوای دەکەوین و بە فرو فێلی شەیتان هەڵدەخەلەتێن ، گاڵتە بە ئایینی (خوای گەورە) پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەین ، فەرمانەکانی جێ بەجێ ناکەین ، خۆمان دوور ناخەینەوە لە قەدەغەکراوەکان ، ئاشقی دونیاین بە هەموو خۆشیەکانیەوە ئەوانەی کە نەهی کراون یان قەدەغەکراون لە ژیانی دونیا چونکە تەنها ئەو کردەوە خراپانە کارو پیشەی شەیتانە ، بۆیە دەبێت خۆمانی لێ بپارێزین بە دوای ژیانی نەبرِاوە هەمیشە بکەوین نەك ژیانێکی کاتی چەند چرکەیە یان چەند ڕۆژێك لە دونیادا ، خۆمان ئامادە بکەین بۆ وڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکان لە ناو گۆرِەکەماندا ، بۆ ئەوەی بەختەوەری و خۆشی و شادی دونیایی بەرزەخ بەدەست بهێنین ، چونکە دوا وێسگەیە بۆ گەیشت بۆ ڕۆژی مەحشەر یان ڕۆژی لێ پرسینەوەی کۆتایی ئەویش قیامەت ..؟!

مردن و لێ پرسینەوە

تاكەی غافل و بێ ئاگایی لە مردن

ئایا تا ئێستا گوێت لە غەڵ غەڵەی سەرە مەرگ بووە وەیان گوێت لە دەنگی مەرگ هەبووە ..؟!

ئایا تا ئێستا گۆڕەت بینیوە چۆنە ، وەیان ئایان دەزانی ئەندازەكەی چەندە لە ڕووی تەسك باریكی ئەلحەدەكەوە ..؟!

ئایا تا ئێستا ئامادەبووی لە كاتی ناشتنی مردوویەك كە چۆن چۆنی دەنێشرێت ، وەیان كاتێ خشت و گڵ و قوڕو خۆڵی دەكەنەسەری ..؟!

ئایا تا ئێستا دۆست و كەس و كارو هاورێ كانت بە دەستی خۆت ناشتووە ، وەیان ئایا مەرگی ئەوانت بینیوە ..؟!

بەڵێ ئەوانەی كە باسمان كرد لە خزم و كەس و كارو دۆست هاورێ نزیكەكانمان ، لە كۆشك و خانووی خۆش و مەرمەر و كاشی گرانبەهاوە ، دەیان گۆزینەوە بۆ ناو گۆڕەكانیان ، جا ئەوانە لە كۆشك و خانوو قەسری جوان رازاوە و خۆش و پر لە ڕووناكی ناو ماڵ و ژوورەكانیانەوە ، دەگوازرێنەوە بۆ تاریكی ناو گۆڕێكی تەنگ و تەسك و باریكە، وەیان لە باوەشی گەرمی ماڵ ومنداڵ و خزم و كەس كارو هاورێ كانیەوە ، بۆ باوەشی كرم مێرو دووپشك و مارو زیندەوەرەكانەوە ، خزم و كەس كارو دۆست هاورێ ئەمانە هاودەمی دەبن تاكو ڕۆژی كۆتایی ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ئیمانداری دامەزراو بێت لە دونیا كردەوەی چاكەی هەبێت ئەوا (خوای گەورە) ڕەحمی پێ دەكات و گۆڕەكەی پر لە نوور و ڕووناكی باغ و باغات و سەوزایی و پان و بەرین دەبێت یان دەبێت بە مێرگێك لە مێرگەكانی بەهەشت ، وەكو باسمان كرد ئەگەریش كردەوەی خراپی زۆر بێ و ئیمانی لاواز بێ ئەوا سزادەدرێت گۆڕەكەی تەسك و تەنگ و بارێك و پڕ دەبێت لە مێرو دووپشك مشك و مارو كرم زیندەوەرەكان ، هەروەها لە ماڵەكەی لە دنیا دا لە سەر دۆشەك و بالیف قەنەفەی نەرم و خۆش بۆ خاكێكی ڕەق و زبر و ناخۆش دەگوێزرێتەوە ، هەروەها لە لای زیندووەكانەوە دەگوازرێتەوە بۆ لای مردووەكان یان شاری مردووەكان هەریەك و بە حاڵی خۆیەوە سەرقاڵە ، چونكە هیچ كەسێك لە مردووەكان گوناهو تاوانی كەسێكی تر هەڵناگرن هەر كەسە و گوناهی خۆی هەڵدەگرێ ، كەس نیە یارمەتی هاریكاریت بكات و گوناهو تاوانەكانت لەسەر سووك بكات ..؟

كەواتە : ئەی مرۆڤ یان ئەی بەندەی خوا تاكەی بێ ئاگایی لە مردن ..؟! بۆچی ڕۆژێك ناچیتە سەر گۆڕەكانی ئەمانە كە لە دونیادا ستەمیان كردووە ، بۆنموونە : لاشە و جەستەی فیرعەون كە ئێستا لە پاریسە ، وەیان سەر گۆڕەكەی سەرگۆڕەكەی صدام حسین كە ئێستا لە شاری تكریتە ، وەیان سەر گۆڕەكەی محمد قەزافی لە ولاتی لیبیا ، وەیان سەر گۆڕەكەی حوسنی مبارك لە ولاتی میصر ، وەیان سەر گۆڕەكەی خامەنەیی كە چەندەها خەڵكی بێ تاوانی لە سێدارە دا ، ئەمانە زالم و ستەمكارەكانی مێژوو بوون ، بۆ پرسیاریان لێبكە ، دەربارەی سوپاكانیان دەربارەی پاسەوانەكانیان دەربارەی ماڵ و دارایەكانیان ، دەربارەی گەنجینەكانیان ، دەربارەی زمانیان لێیان بپرسە كە قسەیان پێ دەكرد ، دەربارەی دارو قامچیەكانی دەستیان پرسیاریان لێبكە ، دەربارەی چاویان چۆن چێژو خۆشیان لێنەبینی ، دەربارەی هێزو تواناو دەسەڵاتەكانیان لێیان بپرسە و پرسیاریان لێبكە ، دەربارەی توورەیی و هاوارو هاش و ووشیان پرسیاریان لێبكە ، دەربارەی زمانی لووس و قەسەی بریقەدارو بێ وەعد پەیمانەكانیان پرسیاریان لێبكە ، هەروەها دەربارەی خۆبەزلزانیان و تەكەبوور گەورەیی یان پرسیاریان لێبكە ، بێ گومان ئەگەر بە ئیزنی (خوای گەورە) توانایی وەڵامدانەوەیان هەبێت ، بە هەناسەیەكی سارد و سەرەوە یان بە ئاهو ناڵەیەكی پەشیمانیەوە ، وەڵام دەدنەوە ئەڵێن : ئێمە هەڵەمان كرد ، سەرگەردان بووین ، خەسارەت مەند بووین و زەرەرمان كرد و بێ ئاگا ماینەوە تاكو كاتی مردنمان هات ، كەواتە : ئەی خوێنەری خۆشەویست ، برای من خوشكی بەرێزم ، كوڕی خۆم ، كچی خۆم ، تاكەی لە بێ ئاگایی و دووری لە خوداوە ..؟! تاكەی گوێرایەڵی شەیتان و ستەمكاران دەكەیت ، وەیان تاكەی گوێرایەڵی نەفس خۆت دەكەیت بە دوایی پڕ كردنەوەی ئارەزووكانی دونیا دەكەویت ، ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە دڵە ڕەقەكانمان بە تەوبە و پەشیمان بوونەوە نەرم كەینەوە ..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿۞ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿١٦﴾﴾ [الحديد : ١٦] واتە : {كاتی ئەوەیە دڵتان بۆ قورئان نەرم بێت} [أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ] ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە باوەڕداران دڵیان نەرم بێ لە كاتی زیكری خوای گەورەو بیستنی قورئان و خوێندنەوەی، وە لەو حەقەی كە قورئانەو بۆیان دابەزیوە تا ملكەچ و گوێڕایەڵ بن بۆی، (ئیبنو مەسعود) دەفەرمێت: (تەنها چوار ساڵ بوو موسڵمان ببوین خوای گەورە بەم ئایەتە گلەیی لێكردین) [وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (١٦)] وە وەك ئەو كەسانە نەبن كە ئەهلی كتابن لە جوولەكەو گاورەكان كە پێش ئەوەی قورئان دابەزێ ئەمان كتابیان بۆ هاتبوو بەڵام كە سەردەمیان دووركەوتەوە لە پێغەمبەرانیان دڵیان ڕەق بوو، وە زۆرێك لەوان فاسق بوون و لە ڕێگای ڕاست و گوێڕایەڵی خوای گەورە دەرچوو بوون، (خوای گەورە بەرهەڵستی لە موسڵمان دەكات لە خۆچواندنیان بە گاورو جولەكە كە دەستكاری كتابی خوای گەورەیان كردو دونیایان پێ كڕی و پشتگوێیان خست و وازیان لێهێناو روویان لە بیرو بۆچوونی خەڵكی كردو لاسایی كوێرانەیان كردنەوە خوای گەورەیش دڵی ڕەق كردن).

مردن و لێ پرسینەوە

بەلێ بێ گومان بە دڵنیایەوە مردن تەنها یەکجار دێتە خزمەتت ، جگە لەوانەی کە ئەزموونێکیان بینیوە لە مردن ئەوانەش خوا پێبەخشیوون وەکو موعجیزەیەك بۆ پەند وەرگرتن لە کەسانی دەوربەریان ، وەکو باسمان کرد کە مردن یەکجار دێتە خزمەتت ، ئەویش هیچ شتێك ڕێگر نابێت لێیی وەکو : ماڵ ، دارایی و ، خزم و کەس ، پلەو پۆست ، گەنجی و ، جوانی ، ئەمانە هەر هەمووی ڕێگر نابێت لە مردن ، جا ئەی براو و خۆشکی بەرێز ئەی خوێنەری خۆشەویست ، جا لە ئێستا هیچ دوایی مەخە ، چونکە خەسارەت مەند دەبیت ، لە ئێستا دا سواری شەمەند دەفەری یان کەشتی تەوبە بە پێش ئەوەی لە وێسگەی بەرزەخ دوور بکەوێتەوە ، بەو ڕۆژانەی کە لە تەمەنت ڕۆشتووە ئەوەشی پێیداوی فریو مەخۆ ..؟! ئەوەشی کە ماوە هەر بەم شێوەیە دەڕاوات ، بۆیە پەلە بکە نەوەك بێ ئاگاو خەوتبیت و کاتێك بە خەبەر بێتەوە کە درەنگ بووبێت و کار لە کار ترازابێت بگات بە غەلْ غەلەی سەرە مەرگ ..؟! چونکە هەر کاتێك مرۆڤ مرد ، ئینجا داوای گەڕانەوە لە (خوای گەورە) دەکات ، هەر وەك گوێی لەم وەڵامە ئەبێت ، کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ [المؤمنون : ٩٩ - ١٠٠] واتە : [لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ] بەڵکو لە دونیادا کردەوەی چاك بکەم کە پێشتر نەمکردبوو (داوا ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا تا رابوێرێت و تاوان بکات بەڵکو تا کردەوەی چاك بکات، کەواتە ئەوەی لە ژیاندایە با کردەوەی چاك بکات پێش ئەوەی بمرێت و داوای گەڕانەوە بکات و نەگەڕێنرێتەوە) [كَلاَّ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: نەخێر گەڕاندنەوە بۆ دونیا نیە [إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا] ئەمە تەنها قسەیەکە ئەو ئەیڵێ [وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٠٠)] وە لە پێش ئەمانەوە ژیانی بەرزەخ و ناو قەبر هەیە تا ڕۆژی قیامەت.

کەواتە : ئەی خوێنەری خۆشەویست : هەر ئەمرۆ ، نە خێر ، هەر ئەم ساتەی ئێستا کە ئەم کتێبە ئەخوێنیتەوە ، بگەڕێوە پەشیمان بەرەوە تەوبە بکە ، لە دڵە وە بڕیار بدە و سووربە لە سەری و بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگاری جیهانیان ، لەو تەمەنەی کە بێ سوود بە فیڕۆت داوە تەوبە بکە لەو تاوانانەی پێشووت ، بەڵام دەبێت تەوبە کردن تەوبەی نصووح بێت ، چونکە زۆرێك لە ئێمە تەوبە دەکات ، تەوبە کردنەکەی لە گەرووی ناچێتە خوارەوە ، تاکو بگات بە دڵ ، هەر بۆیە کاتێك تەوبە دەکەین دڵمان پڕە لە کینە و ڕەق ، تەوبە دەکەین کەچی بیر لە فرو فێلی دونیا دەکەینەوە ، بە زمان تەوبە دەکەین کەچی دڵمان ئاگای لە گەڕانەوەیەی تەوبەکە نیە ، بێ گومان (خوای گەورە) لە گەل هیچ کەس دوژمنایەتی نیە ، بەڵام هەموو ئەوانەی کە عیبادەت و پەرستش و گوێڕایەلی فەرمانەکانی (خوای گەورە) ناکەن ، ئەوا (خوای گەورە) بە جۆرەها تاقی کردنەوە بەڵاو موصیبەت تاقیان دەکاتەوە بەڵکو بگەڕینەوە ، لە بەڵاو نەخۆشی و ، وە لە کەمی ڕزق و ڕۆزی ، لە خەم پەژارەی زۆر ، لە بێ کەسی تەنهایی ، وە کێشەکان ئەوەیان کۆت کردووە ، لە دڵەڕاوکێیی نەخۆشی دەروونی ، لە دڵ توندی و دڵ ڕەقی و دڵ رەشی ، لە دڵ کوێری ، بەلێ ئەمانە لە ئەنجامی ئەو تۆیەی کە چاندوویانە ئەمانە بەرهەمەکانیانە کەباسمان کرد ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾﴾ [الشورى : ٣٠] واتە : {بەڵاو موسیبەت بە هۆی تاوانی خۆتانەوەیە} [وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ (٣٠)] وە ئێوە تووشی هەر بەڵاو موسیبەتێك ببن بەهۆی تاوانی خۆتانەوەیە هێشتا خوای گەورە لە زۆرێك لە تاوانەکانتان ئەبوورێت و سزاتان نادات لەسەری، (وە لەبیرچوونی قورئانیش هەر بە هۆی تاوانەوەیە، وە ئەوەیش بەڵاو موسیبەتێکی گەورەیە).

بەڵێ کەسی عاقل و ژیرو هۆشمەند زوو هەست بە شتەکان دەکات ، تێدەگات ، حەقی هەموو شتێك ئەدات ، هیچ فریو ناخوات ، چونکە دزانێ چۆن (خوا) پەرستی بکات ، چۆن خۆی بگونجێنی لە گەڵ کەسانی دەوربەرەکەی یان چۆن کردەوەیە چاکە ئەنجام بدات ، چۆن مامەڵەی جوان ڕێك وپێك بکات لەگەڵ خەڵکی ، هیچ کەس لە خۆی نارەنجێنی ، بە بەردەوام هەر شتێك بکات دەبێت ڕەزامەندی (خوای گەورە) لە سەر بێت ئینجا ئەنجامی دەدات ، هەموو شتێك لە پێناوی خوا دەکات ، چونکە ئیمانی دامەزراوە ئیخلاص و دڵسۆزی هەیە بۆ هەر شتێك کە پێی سپێدراوە ، ئەمانەت پارێزە ئەرکی خۆی بە زیادەوە ئەنجام دەدات ، بۆ نموونە : وەك نوێژە فەرزەکان و سوننەتەکانیش ، ڕۆژووە فەرزەکان و سوننەتەکانیش ، زەکات دەدات و خێرو صەدەقەش دەکات ، حەج دەکات و عومرەش ئەنجام دەدات ، چاکە کارە لە گەڵ دایك و باوکی دا لە گەڵ خەڵکیش چاکەکارە ، دەی ئازا بە تۆش کەسێکی عاقل و ژیر بە بە ڕەوشتە بەرزانە بە عیبادەتانە خوا پەرستی بکە فەرمانە کان جێ بەجێ بکە و دوور بکەرەوە لە قەدەغەکراوەکان ، چونکە ئەگەر تۆ کۆتا کەس بیت لەم دونیایەدا مردن هەر دێتە خزمەتت ..؟! بەلێ بێ گومان هیچ عاقڵێك یان هیچ هۆشمەندو ووشیارێك لە بەر خاتری ئەو ژیانە کەمەی دونیا ژیانی بەرزەخی خۆی وێران ناکات ..؟! کەواتە : هەر ئێستا بگەڕیەوە بگە بە کاروانی پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و چاکە کاران و شەهیدان ، هەربۆیە لە لیستی ئەو کەسانە بە کە چاوی فریو خواردن دابخەن ..؟!

(خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّۦنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾ [النساء : ٦٩] واتە : [وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ] پیاوێك لە ئەنصارییەکان هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - کە غەمبار بوو، پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - پێی فەرموو: ئەی فڵانە کەس بۆچی دەتبینم خەفەتباریت؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - شتێکە بیرم لێ کردەوە، فەرمووی چیە؟ وتی: ئێمە بەیانی و ئێوارە دێین بۆ خزمەتی تۆ و تەماشات دەکەین و لە خزمەتتدا دادەنیشین، بەڵام لە قیامەتدا تۆ پلەت بەرزە لەگەڵ پێغەمبەراندایت ئێمە پێت ناگەین، پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - هیچ وەڵامی نەدایەوە یەکسەر جبریل ئەم ئایەتەی بۆ هێنا، پێغەمبەری خوایش- صلى الله عليه وسلم - ناردی بە شوێن پیاوەکەداو موژدەی پێدا: وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بکات- صلى الله عليه وسلم - ئەوە لە بەهەشتدا لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان [وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا (٦٩)] کە ئەمانەیش باشترین ڕەفیق و هاوەڵن کە مرۆڤ هاوڕێیەتی و هاوەڵێتیان بکات.

مردن و لێ پرسینەوە

سەرە مەرگ و گیان کێشان

بەڵێ کاتی سەرەمەرگ یان گیان کێشان سەختترین چرکە ساتی ژیانی هەموو مرۆڤێکە ، ئەمەش لەبەر چەند خاڵێك کە سەرەمەرگ یان گیان کێشان سەخترینە ئەمانەی خوارەوە:

١-چونکە لەم چرکە ساتە لە ژیانێکی ترەوە دەگوازرێیەوە بۆ ژیانێکی تر ، هەر گیز لە پێشدا تام چێژی مردنت نەکردووە تەنها بیستووتە یان لە لای کەسێکی نزیك بوویتە کە لە سەرەمەرگ و گیان کێشان دابووە ، ئەمەش ترسناك ترین کات و ساتە کە مردووەکە لە کاتی گیان کێشان یان ڕۆح کێشان دایە ، بۆیە لە گەلی نەژیاوی شتێکی نامۆو سەریرە لە لات.

٢-لە چرکەساتی سەرەمەرگ یان گیان کێشان هەموو مرۆڤێك بە چاکە کارو خراپە کارەوە ،وەیان بە ئیماندارو بێ ئیمانەوە ، ئەوا فریشتەکان دەبینێت یان فریشتەی مەرگ دەبینێت ، ئا لەم چرکە ساتەی بینینی فریشتەکان مردووەکە دەزانی تازە کاتی مردنی هاتووە ، وەیان حیسابی ڕۆشتووە ، ئەگەر لە دوای گیان کێشانەکەی کردەوەی چاکەی زۆر بێت و کتاب حیسابی باش بێت ئەوا بەختەوەر دەبێت بۆ هەمیشە لە ناو گۆڕەکەیدا ، بەلام ئەگەر کردەوەی خراپی زۆر بێت ، ئەوا بەد بەخت دەبێت بۆ هەمیشە ، هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ ۝٤٧﴾ [الزُّمَر : ٤٧] واته : [وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لافْتَدَوْا بِهِ مِنْ سُوءِ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ] وە ئەگەر ئەوانەی شەریکیان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە هەرچی لەسەر ڕووی زەوی هەیە هەر هەمووی هی ئەوان بێ وە هاوشێوەی ئەوەش بیدەیتە پاڵی بەهەمان شێوە هەر هەمووی ئەبەخشن تەنها لەبەر ئەوەی کە لە خراپی سزای ڕۆژی قیامەت ڕزگاریان بێت بەڵام ڕزگاریان نابێ ئەگەر بە پڕایی زەوی ئاڵتونیش ببەخشن [وَبَدَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ (٤٧)] وە لەلایەن خوای گەورەوە سزای خوای گەورەیان بۆ دەرئەکەوێت کە ئەوان پێشتر حسابیان بۆی نەکردبوو بەخەیاڵیاندا نەهاتبوو وە خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو...

٣-کەسی مردوو لە هەموو تەمەنیدا ئەوەی کۆی کردۆتەوە یان ئەوەی هەیبوو ، ئەوا لە پێش چاوی خۆی لە دەستی دەدا ، وە کو : خزم و کەس و کارو ماڵ و منداڵ و هاوسەر و ، هەروەها لە پارەکەی لە خانوو و کۆشك و باڵەخانەکانی ، وە لە مۆبایلە ئاخیر مۆدیلەکەی لە ئۆتۆمبیلە ئاخر مۆدیلەکەی لە جل و بەرگە برادەکانی ، لە باغ وباغچەکەی ، لە علیم زانستەی کە هەیبووە ، لەو ناوبانگەی کە لە دونیا هەیبووە ، هەرچی هەیبووە لەم چرکەساتە لە خۆزگە ئاواتەکانی لە دەستی دەدا ، هەر بۆیە سەختترین کات و ساتە بۆ مردوو .

٤-سەرمەرگ و گیان کێشان بەڵاو موصیبەتە ، چونکە مردووەکە دەزانی ئەوا قیامەتی لێداهات تازە پەشیمان بوونەوە سوودی نیە ، بە تایبەتی ئەگەر کردەوەی چاکەی زۆر نەبوبێت ، لە سەر تەوبە و پەشیمان بوونەوە نە مردبێ ، هەر لەبەر ئەمە دەگێرنەوە دەڵێن : ستالین ئەو پیاوە بێ باوەرە بوو لە سەردەمی یەکێکی سوفیەتی جاران دا ، ئەو پیاوە دەی ووت : (خوای گەورە) بوونی نیە ، (والعیاذ باللە) یان پەنا بەخوا ، بەڵێ ئەم پیاوە بوو کە سوپایی سوری هەبوو ، دەی ووت : ئەگەر دونیا بکەمە بە پێنج بەش چوار بەشیان قتل و عام بکەم و خوێنی هەموویان بڕێژنم یەك بە شیان بێتە سەر بیرو باوەرو فکری ئێمە کە شوعیەت بوو پێ ئاساییە ، ستالین ئەو پیاوە بوو دەبوو سەربازەکان تەحیەی بۆ بکەن وەلامی بدنەوە ، ئەگەر ئەم کارەیان نەکردبا ئەوا سەربازەکان سزایان وەردەگرت ، بەلام کچەکەی ستالین دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : لە کاتی سەرەمەرگدا باوکم لە نەخۆشخانە دانرا بوو نەخۆش کەوتبوو ، لە شکرێك یان کەتیبەیەك لە دەبابە و مودەرەعە پاسەوانی ئەو نەخۆشخانەی دەکرد ، هەر لە بەر دەرگای نەخۆشخانەو هەتا دەگەیشتە ژوورەکەی باوکم بە نزیکەی (١٦) بازگە یان سەیتەرەی پر لە موخابرات و پاسەوانی دانابوو ، هەموو کەسێك بۆی نەبوو لە ناو نەخۆشخانەکە هاتوو چۆی بکات و بێت و بچێت ، لە ناو ئەو هەموو پاسەوانە کەتیبەی دەبابە و مودەرعە و موخابرات و ئەمن ئەستخباراتە لە گەڵ ئەو هەموو بازگە و سەیتەرەیە ، منیش دەڵێم : ئینجا فریشتەی گیان کێشان یان (ملك الموت) ئەوەی گیانی مرۆڤەکانی بەدەستەوەیە بە ناو هەمووان دا ڕۆیشت و حیسابی بۆ هیچ کەسیان نەکرد ، پاشان کچەکەی دەگێرێتەوە و دەڵێ بینیم باوکم لە هۆش خۆی چوو بوو ، بەڵام چاوی هەڵبریبوە ئاسمان و دەستەکانی بەرز دەکردەوە و دەتگوت دەپارێتەوە و نزا دەکات و شتێك دەڵێت !! هەستمان پێ نە کرد شەقی لە ڕانەکانی خۆی دەدات ، بە دڵنیاییەوە ئەوە ئەو کاتە بوو کە فریشتە کانی بینیوە زانیویەتی ئەو قسە پڕوپۆچانەی کارل مارکسی گەندەڵی بۆ گەن هەموو درۆ بووە کە دەڵێت : (خوای گەورە) بوونی نیە ، (والعیاذ باللە) یان پەنا بەخوا ، ستالین فریشتەکانی بینیوە زانیویەتی تازە کار لە کار نرازا مەجالی هیچی نەماوە تەبەو پەشیمان بوونەوە لێ قبوڵ ناکرێت لەکاتی غەڵ غەڵەی گیان کێشان .

٥-تەمەنی هەرە درێژی هەر مرۆڤێك لەم سەردەمەی ئێستامان دا و ئۆمەتی پێغەمبەری ﷺ بە نزیکەی لە سەد و پەنجا ساڵ تێپەری نە کردووە ، بەڵام ژیانی دوای مردن کە لە سەرەمەرگدا تۆ بۆت یەکلا دەبێتەوە و دەیبینی کە تۆ بەختەورە دەبیت یان بەد بەخت و چارە ڕەش دەبیت ، بە هەزاران ساڵ و بێ کۆتایە ، هەنگاو نانە بۆ ژیانێك کە هەر گیز کۆتایی نایەت ...

مردن و لێ پرسینەوە

بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە وردی دیمەنەکانی سەرتا سەری گیان کێشان و سەرەمەرگ و تا دوا جێگەی کە پێی دەگەین ، بۆ ئێمەی ڕوون کردۆتەوە ، ئەو فەرموودەیە ...

لە (براء ی کوری عازب) - خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

((خرجنا مع رسولِ اللهِ _صلى الله عليه وسلم_ في جِنازَةِ رجلٍ من الأنصارِ فانتهينا إلى القبرِ ولمَّا يُلْحَدْ، فجلسَ رسولُ اللهِ _صلى الله عليه وسلم_ وجلسنا حولَهُ كأنَّ على رؤوسنا الطيرَ، وفي يدهِ عودٌ يَنْكُتُ بِهِ الأرضَ فرفعَ رأسَهُ فقال : استعيذوا باللهِ من عذابِ القبرِ مرتينِ أو ثلاثًا ثُمَّ قال : إنَّ العبدَ المؤمنَ إذا كان في انقطاعٍ من الدنيا وإقبالٍ من الآخرةِ نزلَ عليهِ من السَّماءِ ملائكةٌ بيضُ الوجوهِ كأنَّ وجُوهَهُمُ الشَّمسُ، معهم كفنٌ من أكفانِ الجنَّةِ، وحَنوطٌ من حَنوطِ الجنَّةِ، حتى يجلسونَ منهُ مدَّ بصرهِ ثُمَّ يجيءُ ملكُ الموتِ حتى يجلسَ عند رأسهِ فيقولُ : أيتها النفسُ الطيبةُ اخْرُجي إلى مغفرةٍ من اللهِ ورضوانٍ، قال : فتخرُجُ فتسيلُ كما تسيلُ القَطْرَةُ من فِي السِّقاءِ، فيأخُذُها فإذا أخَذَها لم يدَعُوها في يدهِ طَرْفَةَ عينٍ حتى يأخُذُوها فيجعلوها في ذلكَ الكفنِ وفي ذلكَ الحَنُوطِ ، ويخرجُ منَّها ريحُ كأطيبِ نَفْحَةِ مِسْكٍ وُجِدَتْ على وجهِ الأرضِ، فيصعدونَ بها فلا يمرونَ - يعني بها - علي ملإٍ من الملائكةِ بين السماءِ والأرضِ إلا قالوا : ما هذه الروحُ الطيبةُ ؟ فيقولون فلانُ ابنُ فلانٍ بأحسنِ أسمائِهِ التي كانوا يسمونَه بها في الدنيا حتى ينتهوا به إلى السماءِ الدنيا فَيستفتِحون له فَيُفتحُ له، فَيُشَيِّعَه من كلِ سماءٍ مُقرَّبُوها إلى السماءِ التي تليها حتى ينتهوا به إلى السماءِ السابعةِ فيقول اللهُ تعالى : اكتبوا كتابَ عبدي في عليين وأعيدوه إلى الأرضِ فإني منها خلقتُهم وفيها أعيدُهم ومنها أُخرِجُهم تارَةً أخرى، قال : فتعادُ روحُه فيأتيه ملكان فيجلسانه، فيقولان له : من ربُك ؟ فيقول : اللهُ ربي، فيقولان له : وما دينُك ؟ فيقولُ : ديني الإسلامُ، فيقولان له : ما هذا الرجلُ الذي بُعِثَ فيكم ؟ فيقولُ هو رسولُ اللهِ _صلى الله عليه وسلم_ فيقولان له : وما علمُك ؟ فيقولُ : قرأتُ كتابَ اللهِ فآمنتُ به وصدقتُ، فينادي منادٍ من السماءِ : أن صدقَ عبدي فأفرشوهُ من الجنةِ وألبسوهُ من الجنةِ وافتحوا له بابًا إلى الجنةِ، قال : فيأتيه من روحها وطيبها وُيفسحُ له في قبرهِ مد بصرهِ، قال : فيأتيه رجلٌ حسنُ الوجهِ حسنُ الثيابِ طيبُ الريحِ فيقولُ: أبشر بالذي يسرُّك هذا يومُك الذي كنتَ توعدُ، فيقولُ له : من أنت ؟ فوجهُك الوجهُ الذي يجيءُ بالخيرِ، فيقول : أنا عملُك الصالحُ، فيقول : ربِّ أقمِ الساعةَ حتى أرجعَ إلى أهلي ومالي، وقال : وإن العبدَ الكافرَ إذا كان في انقطاعٍ من الدنيا وإقبالٍ من الآخرةِ نزلَ عليه من السماءِ ملائكةٌ سودُ الوجوهِ معهم المسوحُ فيجلسون منه مدَّ البصرِ، ثم يجيءُ ملكُ الموتِ حتى يجلسَ عند رأسِهِ فيقولُ : أيتها النفسُ الخبيثةُ اخرجُي إلى سَخَطٍ من اللهِ وغضبٍ، فتتفرقُ في جسدهِ، فينزِعُها كما يُنزعُ السَّفُّودِ من الصوفِ المبلولِ، فيأخذُها فإذا أخذَها لم يدعوها في يدهِ طرفةَ عينٍ حتى يجعلوها في تلك المُسُوحِ، ويَخرجُ منها كأنتنِ ريحِ جيفةٍ وجدت على وجهِ الأرضِ، فيصعدون بها فلا يمرون على ملأٍ من الملائكةِ إلا قالوا : ما هذه الروحُ الخبيثةُ ؟ فيقولون : فلانُ ابنُ فلانٍ بأقبحِ أسمائِهِ التي كان يسمى بها في الدنيا حتى ينتهى بها إلى السماءِ الدنيا، فيُستفتحُ له فلا يُفتحُ له، ثم قرأ رسولُ اللهِ _صلى الله عليه وسلم_ : لا تفتح لهم أبواب السماء ولا يدخلون الجنة حتى يلج الجمل في سم الخياط فيقولُ اللهُ : اكتبوا كتابَه في سجِّينٍ في الأرضِ السفلى، فتُطرحُ روحُه طرحًا، ثم قرأ رسولُ اللهِ _صلى الله عليه وسلم_ : ومن يشرك بالله فكأنما خر من السماء فتخطفه الطير أو تهوي به الريح في مكان سحيق فتُعادُ روحُه في جسدهِ ويأتيه ملكان فيجلسانِه فيقولان له : من ربُّك ؟ فيقولُ : هاه هاه لا أدري، فيقولان له : ما دينُك ؟ فيقولُ : هاه هاه لا أدري، فيقولان له : ما هذا الرجلُ الذي بعث فيكم ؟ فيقولُ : هاه هاه لا أدري، فينادي منادٍ من السماءِ أن كذبَ عبدي فأفرشوه من النارِ وألبسوه من النارِ وافتحوا له بابا إلى النار فيأتيه من حرها وسمومها، ويضيق عليه قبره حتى تختلف أضلاعه، ويأتيه رجل قبيح الوجه قبيح الثياب منتن الريح فيقول : أبشر بالذي يسوؤك هذا يومك الذي كنت توعد، فيقول : ومن أنت ؟ فوجهك الوجه الذي يجيء بالشر، فيقول : أنا عملك الخبيث ، فيقول : رب لا تقم الساعة)) . سنن ابو داود برقم (٤٧٥٣) ، ابن ماجه برقم (١٥٤٩) ، سنن النسائی برقم (٢٠٠١). **بەڵێ لە فەرموودەی (براء ی کوری عازب) دا هاتووە لە سنن ابو داود هێناویەتەوە ، دەڵێت : ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دا لەگەڵ جەنازەیە پاوێکی ئەنصاریدا رۆیشتین بۆ گۆڕستان یان قەبرستان بۆ ناشتنی ئەو پیاوە ، کاتێ کە گەیشتین سەر گۆڕەکە بە تەواوی هەڵنەکرا بوو ، جا پێغەمبەر ﷺ دانیشت و ئێمەش لە دەوری دانیشتین ئەوندە بێ دەنگ بووین وەك باڵندە بەسەر سەرمانەوە بێٍ بەو شێوەیە ، دارێکی بە دەستەوە بوو بە هێواشی دەیخشاند لە زەوی وەك ئەوەی بیر لە شتێکی گرنگ بکاتەوە ، سەری بەرز کردەوە و دووجار یان سێ جار فەرمووی : (پەنابگرن بە (خوای گەورە) لە سزاو ئازاری ناو گۆڕ یان قبر) ، لە فەرموودەکەی جەریدا لێردەدا ئەمەی بۆ زیاد کرد ، فەرمووی : (کاتێ کە خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کردو گەڕانەوە مردووەکە دەنگی پێڵاو و نەعلە کانیان دەبیستێت ، لە کاتەدا پێ دەوترێت: ئەی ئەوە یان ئەی پیاوە ، پەروەردگارت کێ یە ..؟! ئایینی تۆ چی یە ..؟! پێغەمبەری تۆ کێ یە ..؟! هەناد ووتی فەرمووی : (دوو فریشتە یان مەلائیکە دێنە لای دایدەنیشێنن و پێی دەڵێن : پەروەردگاری تۆ کێ یە ..؟! ئەویش دەڵێ : (الله) پەروەردگارمە ، پێی دەڵێن : ئایینی تۆ چی یە ..؟! ئەویش دەڵێ : ئایینی من ئیسلامە ، ئەو پیاوە چ کارە بوو لە ناوتاندا رەوانەکرابوو ..؟! مەبەست لەوەی پێغەمبەرت کێ یە ..؟! ئەویش دەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ ، پێ دەڵێن : چۆن دەزانی ..؟! ئەویش دەڵێ : قورئانم خوێندەوە وباوەڕم پێی هێناو بەڕاستم زانی . لە فەرموودەی جەریردا ئەمەی بۆ زیاد کرا : ئەوە دەق ئەم فەرمایشتەی (خوای گەورە) کە دەفەرمووێت :** ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾﴾ [إبراهيم : ٢٧] **، پاشان هەردوو راوی رێك و یەكدەنگ ، فەرمووی: (جار چیە لە ئاسمان جارِ دەدات و دەڵێت : بەڕاستی بەندەکەم ڕاست دەکات ، لە فەرشی بەهەشت بۆ راخەن ، پۆشاك و جل و بەرگی بەهەشتی لەبەرکەن ،دەرگایەکی بۆ بکەنەوە ڕوەو بەهەشت ، فەرمووی : با بۆن و بەرامەی خۆش و نەسیمی بەهەشتی بۆ بێت) . فەرمووی : هەتا چاو پڕبکات گۆڕەکەی یان قبرەکەی بۆ فراوان بکەن). فەرمووی : (بەڵام کافر و بێ باوەرە) باسی حاڵی مردنەکەی کرد ، فەرمووی : (گیانەکەی دەکرێتەوە بە بەریاو دەگەرێتەوە بۆ جەستەی ، دوو فریشتە دێنە لای دایدەنیشێنن و پێی دەڵێن : پەروەردگاری تۆ کێ یە ..؟! ئەویش دەڵێ : ها ها نازانم ، پێ دەڵێن : ئاینی تۆ چی یە ..؟! ئەویش دەڵێ : ها ها نازانم ، پێ دەڵێن : ئەو پیاوە چ کارە بوو لە ناوتاندا رەوانەکرابوو ..؟! ئەویش دەڵێ : ها ها نازانم ، جا جارچیە لە ئاسمان جارِ دەدات و دەڵێت : بە ڕاستی بەندەکەم ڕاست دەکات ، لە فەرشی دۆزەخی بۆ راخەن ، پۆشاك و جل بەرگی دۆزەخی لە بەرکەن ، دەرگایەکی بۆ بکەنەوە روەو دۆزەخ). فەرمووی : با گرەو گەرمای دۆزەخی بۆ بێت) . فەرمووی : گۆڕەکەی لێ تەنگ بێ هەتا پراسووەکانی دەچن بەناو یەکدا) لە فەرموودەکەی جەریردا ئەمەی بۆ زیاد کرد ، لە کێو دەیکان بە خاك و خۆڵ)، فەرمووی : کە لێی دەدات نێوانی رۆژهەڵات و و رۆژئاوا گوێیان لێ دەبێ و دەبیستن جگە لە ئادەمیزاد و جنۆکە ، دەیکاتە بە خاك و خۆڵ ، فەرمووی : ئینجا روح دەکرێتەوە بە بەریا). تێبینی لە فەرموودەی سنن ابوداود هاتووە بە کوردی بە ژمارە (٤٧٥٣) بەم شێوەیە هاتوو ، بەڵام مامۆستا مەلا فائق شارەزووری لە پەرتووکی مردن و ژیانی ناو گۆڕ بە شێوەیەکی جیاواز بە چەند فەرموودەیەك و ریوایەتێکی تر بۆ مان باس دەکات بە ئیزنی خوا ئێمەش باسی دەکەین ...**

مردن و لێ پرسینەوە

لە فەرموودە صحیحە کەی (براء کوری عازب) بەم شێوە هێناویەتەوە بە کوردی ، دەفەرموویێت : (ڕۆیشتن لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ جەنازیەکی پیاوێکی ئەنصاری واتە : پیاوێك لە پیاوەکانی خەڵکی مەدینەمان دەبرد بۆ گۆڕستانی (بەقیع) ، و گەیشتنە لای گۆڕەکە و تەماشامان کرد هێشتا گۆڕەکەی بۆ دروست نەکراوە لە بەر ئەوە جەنازەکەمان دانا و پێغەمبەر ﷺ دانیشت بەرەو ڕووی قیبلە ، و ئێمەش لە چواردەوری کۆبووینەوە زۆر ماتەمینی و ئارامیمان پێوە دیار بوو وە بێ جووڵە بووین هەر وەکو بەردێك یان دارێك کە کۆترێك بەسەری یەوە بنیشێتەو نەئەجولاینەوە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وە پێغەمبەریش چیلکەیەکی بەدەستەوە بوو خەتی پێ دەکێشا (ئینجا سەیری ئاسمانی کردو دوای ئەوە تەماشای زەوی کرد وە فەرمووی پەنا بگرن بە خوا لە سزای گۆڕ سێ جار لێی دووبارە کردینەوە ، وە پاشان فەرمووی : ((إنَّ العبدَ المؤمنَ إذا كان في انقطاعٍ من الدنيا وإقبالٍ من الآخرةِ)) واتە : بەندەی خاوەن باوەڕ کاتێ ڕووی کردۆتە قیامەت و دابڕاوە لە دونیا لە ڕیوایەتێکی تردا ... ((إن الؤمن إذا إحتضر)) واتە : کاتێ گیان کێشانی باوەڕدار دێت کۆمەڵە فریشتەیەك لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە بۆلای لەسەرەمەرگدا ((... نزل إليه ترأت له)) واتە : خۆیانی پێ نیشان دەدەن وە ئەو کەسە واتە مردووەکە دەیان بینێت وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ۝٨٥﴾[الوَاقِعَة : ٨٥] واتە: بەڵام ئێمە لێی نزیکترین لە ئێوە بە زانیاری و تواناو دەسەڵات و بیستن و بینی خۆمان، یاخود مەبەست پێی فریشتەکانی ئێمە لە ئێوە لێی نزیکترن بەڵام ئێوە فریشتەکان نابینن... وە ئەو فریشتانەش ((... ملائكة الرحمة)) واتە : فریشتەی بەبەزەیی و میهرەبانن ، " کە لەوە دەچێت وەکو میوانێك پێشوازی و بەخێر هاتنی بکەن " ، ((... من السماء بيض الوجوه كأن و جوههم الشمس معهم كفن من أكفان الجنة " بحريرة بيضاء)) . واتە : ئەو فریشتانە لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە و ڕووسپین وە ڕوویان وەکو خۆر یان ڕۆژ ڕووناکە کفنێکیان پێ یە لە کفنە کانی بەهەشت وە بۆنێکی خۆش ، ((فيها مسك و ضبائر ريحان)) . واتە : بۆنی میسکی بەهەشتە لە ناو ئاوریشمێکی سپی دایە ... ((وريحان من ريحان الجنة)) . واتە : لەگەڵ هەندێك ڕیحانە لە ڕەیحانەکانی بەهەشت ... ((حتى يجلسوا منة مد البصر فيقولون ...)) . واتە : دێن دادەنیشن لە چوار دەوری دا تا چاو بڕبکات ژمارەیان چەند زۆرە ..؟! لە فەرموودەیەکی (ضعیف) دا هاتووە ژمارەیان (٥٠٠) کەسە بەڵام زۆر لەو ژمارەیە زیاترن ئەویش بە گوێرەی پلە ی خاوەن باوەڕەکەیە تەنها خوا خۆی دەزانێت ... ئەو فریشتانە دێن و دەڵێن (السلام عليكم) وەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمُ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۝٣٢﴾[النَّحل : ٣٢] واتە : [الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ طَيِّبِينَ] ئەو کەسانەی کە مەلائیکەت ڕوحیان ئەکێشێ کە پاك بوونە لە شیرك و تاوان [يَقُولُونَ سَلامٌ عَلَيْكُمُ] پێیان ئەووترێ: سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، یاخود ئێوە سەلامەتن لە ترس و سزا [ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٣٢)] بچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیا کردووتانە... پاشان دەڵێن : (أخرجي أيتها النفس الطيبة ، كانت في الجسد الطيب أخرجي حميدة) واتە: وەرە دەرەوە ئەی ڕۆحی پاك لە جەستەی پاك دا بوویت ، کەواتە پاك بۆ پاکە ئەگەر ڕۆح پاك بێت ئەوا لاشەکەش پاکە (الطيبون للطيبات) ((راضية مرضية عنك وأبشري) واتە : وەرە دەرەوە بەختەوەر بە و ڕازیکراو ببەو خواچ لێت ڕازی یە ، (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ۝٣٠﴾[فُصِّلَت : ٣٠] واتە : {پاداشتی دامەزراوان لەسەر یەکخواپەرستی} [إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا] ئەو کەسانەی کە ئەڵێن پەروەردگاری ئێمە تەنها (الله)یە، پاشان ئیستیقامەیان هەیەو جێگیرو چەسپاو و دامەزراون لەسەر یەکخواپەرستی و کردەوەی چاك و جێبەجێ کردنی فەرزەکان [تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ] فریشتەکانی خوای گەورە لە کاتی گیانکێشان و زیندوو بوونەوەو دەرچوون لەگۆڕو چوونە بەهەشت دائەبەزنە سەریان و پێیان ئەڵێن: [أَلاَّ تَخَافُوا] ئێوە مەترسێن ترستان لەسەر نیە لەمەودوا ئەمین ئەبن [وَلا تَحْزَنُوا] وە خەفەتیش مەخۆن لەوەی کە لە دونیا بەجێتان هێشتووە لە سەروەت و سامان و منداڵ و خێزان، چونکە خوای گەورە باشترتان پێ ئەبەخشێ [وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠)] وە موژدە بێ لێتان بەو بەهەشتەی کە ئێوە بەڵێنتان پێ درابوو... پاشان پێ دەڵێن : ((بروح الله وريحان ورب غير غضبان ، فلايزال يقال لها ذلك حتى تخرج)) . واتە : مژدە بێت بە ڕەحمی (خوای گەورە) بۆت وە بەڕیحانەی بە هەشت وە خوایەك کە تووڕە نی یە لێت ، بەردەوام ئەو وتانەی پێ دەوترێت بۆ ئەوەی نەترسێت تا ڕۆحی دەردەچێت وە کو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ۝٨٨ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ۝٨٩﴾[الوَاقِعَة : ٨٨ - ٨٩] واتە : {ڕوحکێشانی پێشەنگەکان} [فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ (٨٨)] لە کاتی گیانکێشانیشدا خەڵکی سێ کۆمەڵن: یەکەم: ئەگەر ئەو کەسە لە کەسە (موقەڕەب) و نزیك و پێشەنگەکان بێت (ئەو کەسانەن کە واجبات و سوننەتیشیان ئەنجام داوە، وە خۆیان لە حەرام و مەکروه و هەندێك لە موباحیش پاراستووە)..!! [فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ (٨٩)] ئەمانە ڕەوحیان بۆ هەیە لەگەڵ ڕێحاندا (رَوْحٌ) واتە: پشوو ئەدەن لە دونیا، یان دڵخۆش ئەبن، یان بەهەشتیان بۆ هەیە، یان ڕەحمەتیان بۆ هەیە (رَيْحَانٌ) واتە: ڕزق و ڕۆزی بەهەشتیان بۆ هەیە، یاخود ئەو ڕەیحانە بۆنخۆشەی کە خۆمان بۆنی ئەکەین ئەوەیە، وە بەهەشتێکیان بۆ هەیە کە پڕە لە نازو نیعمەت...

مردن و لێ پرسینەوە

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت : ((ثم يجيء ملك الموت عليه السلام)) واتە : ئینجا فریشتەی گیان کێشان دێت بۆ لای تا لای سەریەوە دادەنیشێت و پێی دەڵێت : ئەی ڕۆحی پاکی پڕ ئارام وەر دەر بۆ لای ڕازی بوون و لێ خۆش بوونی خوا ، ڕۆحەکەش دێتە دەرە و دەڕژێت وە چۆن دڵۆپێك ئاو لە دەمی کونەی ئاو یاخود (مەتارە) ئاوێك دڕژێت و دێتە خوا ... لە ڕیوایەتێکی تر دا هاتووە دەفەرموویێت : (وەکو چۆن تاڵە موویەك لە ناو هەویردا بە ئاسانی دەهێنرێتەدەر ئاوا) ڕۆحەکە بە ئاسانس دێتە دەرەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمان کە ئەو کۆمەڵە فریشتەیە دێن بۆ لای ، وە فریشتەی گیان کێشان کە مژدەی دەداتێ ئەو مرۆڤە بەرێزە مردنی پێ خۆشە چونکە چوون بۆ لای (خوای گەورە)ی پێ خۆشە ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت : (کاتێ خاوەن باوەڕ ، مردن دەگاتە سەری ئەوەی دێت دەیبینێت واتە (فریشتەکانی خوا دەبینێت) ئەو کات زۆر خۆشحاڵە کە زووتر ڕۆحی بچێتە دەر لە لاشەی ، (خوای گەورە)ش گەیشتن بەو بەندەیەی پێ خۆشە ، (خاوەن باوەڕ کە هاتە کاتی سەرەمەرگی و فریشتەکانی بینی و ئەوەی بۆ ئامادە کراو زۆر کامەرانە و بەختەوەرە و بە پەلەیە کە ڕۆحی لە لاشەی بچێتە دەرەوە وئا لەو کاتەدا هەر کەسێك گەیشتن بە خوای پێی خۆشە بێت ، (خوای گەورە)ش بەیەك گەیشتنی ئەو بەندەیەی پێ خۆشە). (عائیشە) – خوا لێ ڕازی بێت – دەڵێت : (کاتێ کە فەرموودەکەیان بۆ خوێندەوە فەرمووی : (کاتێ کە چاو ئەبڵەق دەبێ وە سنگی دەکەوێتە لرخە لرخ ، وە لەشی دەکەوێتە لەرزە لەرز و پەنجەکانی ڕق دەبن لەو کاتەدا (هەر کەس پێ خۆش بێت زوو بگت بە خوا ، (خوای گەورە) ش بە یەك گەیشتنی ئەو بەندەیەی پێ خۆشە) . لە ڕیوایەتێکی تردا ((من أحب لقاء الل أحب الله لقائه)) واتە : هەر کەسێك پێی خۆش بێت بگات بە خوا ئەوا خواش پێی خۆشە ئەو بەندەیەی پێی بگات . وە هەر کەسێکیش پێی ناخۆش بێت بگات بە خوا خواش پێی ناخۆشە بگات بە و ، ووتیان : پێ ناخۆش بوون بە گەیشتن بە خوا لە پێ ناخۆش بوونە بەگەیشتن بە مردن ، وە هەمووشمان مردنمان پێ ناخۆشە ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (نەخێر ئەوە نی یە کە ئێوە تێ ی گەیشتوون بەڵکو ئەوە لە کاتی سەرەمەرگ دایە کاتێك مژدەی بەزەی و لێ خۆش بوون و بەهەشتی خوای پێ دەدرێت ، ئەو بەندەیەش گەیشتن بە خوای پێ خۆشە) . لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : ((فليس شيء أحب إليه أن يكون قد لقى الله عز و جل)) . ((فأحب الله لقاءه)) واتە : هیچ شتێك نی یە پێ ی خۆشتربێت لە گەیشتن بە خوای خۆی ، وە خوای گەورەش زۆر پێ ی خۆشە کە ئەو بەندەیەی پێ ی بگات ...

مردن و لێ پرسینەوە

ئایا ڕۆحەکە لەکوێوە دەردەچێت ..؟!

بەڵێ مرۆڤی خاوەن ئیمان و باوەڕ ڕۆحی لە سەریەوە دەردەچێت لەم لاو ئەو لای تەنیشتی یەوە ، هەر وەکو پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەك بۆمان باس دەکات ...

لە (عبدالله کوری عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت :

((لمَّا حُضِرَتْ بنتٌ لرسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ صغيرةٌ فأخذَها رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ، فضمَّها إلى صدرِهِ، ثمَّ وضعَ يدَهُ عليها، فقضَت ، وَهيَ بينَ يدي رسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ، فبَكَت أمُّ أيمنَ، فقالَ لَها رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ : يا أمَّ أيمنَ، أتبكينَ ورسولُ اللَّهِ عندَكِ، فقالَت : ما لي لا أبكي ورسولُ اللَّهِ يبكي، فقالَ رسولُ اللَّهِ : إنِّي لَستُ أبكي، ولَكِنَّها رحمةٌ، ثمَّ قالَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ : المؤمنُ بخيرٍ علَى كلِّ حالٍ تنزعُ نفسُهُ من بينِ جنبيهِ وَهوَ يَحمدُ اللَّهَ عزَّ وجلَّ)) . سنن النسائي برقم (١٨٤٣). واتە : کاتێ کچە بچکۆلە کەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەمەرگدا بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ گرتی نوساندنی بە سینگیەوە ، پاشان دەستی لە سەری داناو ڕۆحی سپارد لە بەر دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ، (ئوم ئەیمەن) دەستی کرد بە گریان ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : ئەی (ئوم ئەیمەن) ئەوە چیە دەگریت لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لە لاتە ، ووتی : ئەی چۆن نەگریم لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەگرێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی من ناگریم ، بەڵکو ئەوە ڕەحمەتێکە ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بڕوادار لە هەموو دۆخێکدا لە خێردایە ، ڕۆح لە پێش چاوی دەکێشرێ ، ئەو هەر ستایشی خوای زاڵی پەیەدار دەکات ..؟!

لە (عبدالله کوری عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((إنَّ المؤمِنَ تَخْرُجُ نفْسُهُ مِنْ بَيْنِ جَنْبَيْهِ، وهُوَ يَحْمَدُ اللهَ تَعَالَى)). شیخ الالباني في صحيح الجامع برقم (١٩٣١). واتە : خاوەن باوەڕ ڕۆحی لە نێوان هەر دوو لا شانی یەوە بەرز دەبێتەوە ، و لە کاتەش دا سوپاسی خوا دەکات ..؟!

لە (عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((نفسُ المؤمنِ تخرجُ رشحًا ولا أحبُّ موتًا كموتِ الحمارِ قيلَ وما موتُ الحمارِ قالَ موتُ الفجأةِ قالَ وروحُ الكافرِ تخرجُ من أشداقِهِ)) . الهيثمي مجمع الزوائد (٣٢٨/٢).

واتە : ڕۆحی باوەڕدار لە گەڵ ئارەق کردنەوەدا دەردەچێ ، حەزم لەو مردنە نییە وەك مردنی گوێدرێژ وایە ، ووترا : مردنی گوێدرێژ کامەیە ..؟! فەرمووی : (مردنی کوتوپڕییە) فەرمووی : ڕۆحی کافر لە چەناگەی دەردەچێت ..؟!

ئەگەر ڕۆح دەرچوو چاو بە دوایدا دەڕوانێت وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە ...

لە (ئوم سلمە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إنَّ الروحَ إذا قُبِضَ تَبِعه البصَرُ)) . شیخ الالباني في صحيح الجامع برقم (١٦٣٤). واتە : ڕۆح دەرچوو چاویش بە دوایدا دەڕوانێت ..؟!

بەڵێ لێرەدا دەگەڕێنەوە بۆ فەرموودەکەی (براء کوری عازب) ، ئەوە بوو کە فریشتەی گیان کێشان هات و مژدەی پێدا و ئینجا گیانی دەکێشێت پاشان یەکسەر لە چاو تروکانێکدا فریشتە کان دەیخەنە ناو کفنە بۆن خۆشە سپی یەکەو کە پڕە لە میسك ورەیحان ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : ((ويخرجُ منْها ريحٌ كأطيبِ نَفْحَةِ مِسْكٍ وُجِدَتْ على وجهِ الأرضِ)) واتە : ڕۆحەکە کاتێك دەردەچێت بۆنی زۆر خۆشترە لە بۆنی بۆن خۆشترین میسکێك کە لە سەر زەویدا هەبێت ..؟!

هەر بۆیە (عائیشە دایکی ئیمانداران) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد بۆنێکی زۆر خۆش لە ژوورەکەیدا بڵاو بۆوە ..؟!

بەڵێ هەتا دەری دەکەن ڕۆحەکە ئەو ئیماندارە خۆی بۆنی خۆشە کفنە کەش بە هەمان شێوە بۆنی خۆشە لە بەر ئەوەی کە ڕۆحەکە دەردەهێنرێت ...فریشتەکان دانە بە دانە ئەو ڕۆحە ئەوەندە بۆنی خۆشە بە یەکتری دەدەن و بۆنی دەکەن ئینجا دەفەرمووێت ... ئالەو کاتەدا ئەو ڕۆحە کە چووە دەستی ئەو فریشتانەوە هەموو فریشتەی زەو و ئاسمان دوعای خێری بۆ دەکەن وە داوای پلەی بەرزی بۆ دەکەن وە هەموو دەرگاکانی ئاسمانی بۆ دەکرێتەوە و لێ پرسراوانی دەرگاوانە کانی ئاسمان خۆزگە دەخوازن و داوا دەکە لە (خوای گەورە) کە ئەو ڕۆحە پاکە لە ڕێی ئەوانەوە بەرەو ژوولر بچێت ئاسمان ، پاشان ئەی کەن ئەو کفنە سپی یە بۆنخۆشە و تێوەی دەئاڵێنن ، واتە : چۆن دەبێت لاشەکە کفنی سپی بێت ، ڕۆحە کەش کفنە کەی ئاوریشمی سپی یە ..؟!

مردن و لێ پرسینەوە

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۖ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾﴾ [الأنعام : ٦١] واتە : {تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە} [وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ] وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە باڵادەست و بەتوانایە لەسەرووی بەندەکانیەوە [وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً] وە مەلائیکەتیش ئەنێرێتە سەرتان کە کردەوەکانتان بپارێزێ و بینوسێت، یاخود خۆتان بپارێزێ لە بەڵاو موسیبەت [حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا] تا مردن ئەگات بە یەکێکتان فریشتەکانی ئێمە ڕوحی ئەکێشن، (ئیبنو عەبباس) دەفەرمێت: فریشتەی گیانکێشان یارمەتیدەری هەیە لە فریشتەکانی تر کە ئەوان گیان دەکێشن و روح بگاتە گەروو (ملك الموت) دەیکێشێت [وَهُمْ لا يُفَرِّطُونَ (٦١)] وە ئەوان هیچ کەمتەرخەمیەك ناکەن لەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێیان کردبێ لە گیانکێشان...

بەلێ فریشتەکان زۆرن کە ئەوان تێدەپەڕن بەلایاندا وە بەرز دەبنەوە و ڕۆحەکەشیان پێ یەو هەر پۆلە فریشتەیەکیان پێ دەگات ئەوا ئەو پۆلانە دەڵێن : ئەم ڕۆحە پاکە بۆن خۆشە کێیە ..؟! ئەوانیش دەڵێن : (فلانی کوری فلانە) ، بەچاکترین ناوێك لە دونیادا ناوی برابێت تا بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمانی یەکەم ، ئەو فریشتانەی لە ئاسمانی یەکەم دەفەرموون : ئەم بۆنەخۆشە چیە لە سەر زەوییەوە هات ، وە دەڵێن : بۆنی هەر گیز بۆنی وامان نەدیوە لە خۆشتر ..؟! لە دوایدا دەرگای ئاسمانی لێ دەکرێتەوە بۆ نەفسە پاکەکە ، پاشان پێ ی دەوترێت : ئەمە کێ یە ..؟! ئەوانیش دەڵێن : (فلانی کوری فلانە) ، وە ئەوان پێ ی دەڵێن : سلاو لە نەفسە پاکە کە لە ناو جەستی پاکدا بوو ، ئینجا دەڵێن : خوا پەیایە بەرزت بکات خۆت و ئەو لاشەیەی کە تێیدا کردەوەی چاکەت پێ کردووە لە ژیانی دونیادا ، پاشان دەفەرموون : وەرە ژوورە وە تۆ سوپاس کراوی ، مژدەت لێ بێت بە ئارامی وە بە ڕیحانەی بەهەشت وە بە خوایەك کە لێت توورە نیە وە بەردەوام ئەوەی پێ دەڵێن . هەتا بەرێی دەکەن و ئەو ڕۆحە بەرەو ئاسمانی دووەم دەبەن و ئاسمان بە ئاسمان بەرزی دەکەنەوە تا دەیگەیەن ئاسمانی حەوتەم فریشتەی نزیکە بەرێزەکان ئەو ئاسمانانە وای پێ دەڵێن . وەیان هەتا دەیگەیەنە ئەو ئاسمانەی کە (خوای گەورە)ی لێ یە ..؟! لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە کە بەرز دەکرێتەوە بۆ لای (خوای گەورە) فریشتەکانی کە لێپرسراوی نووسنی کردەوەکانی مرۆڤن یان ئادەمیزادن لە ژیانی دونیادا کە ناویان (رقیب و عتیدن) دەڵێن : (خوای گەورە) ئەو فلانە بەندی تۆیە ..!! (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ناوی ئەم بەندیەم بنوسن لە (علیین) کە لە ئاسمانی حەوتەم دایە ، ئەویش کتێبێکە هەموو ژمارەی بە هەشتیەکانی تێدایە لە باوکە ئادمەوە هەتا کۆتا هەمین کەسی بەهەشتی ناوی تۆمار دەکرێت لە ناو تۆمارگەی (خەڵکی بەهەشت) وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ ﴿١٨﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢١﴾ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾ خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ ۚ وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾﴾ [المُطَفِّفِين : ١٨ - □□□ واتە: [كَلاَّ] نەخێر نابێت حاڵیان وابێت، وە بەو شێوازە نیە [إِنَّ كِتَابَ الأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ (١٨)] خوای گەورە دێتە سەر باسی چاکەکاران ئەوانەی کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوایان کردووە - صلی اللّٰه علیه وسلم - وە سەرپێچیان نەکردووە، بە دڵنیایی پەڕاوی کردەوەی ئەو چاکەکارانە لە شوێنە بەرزەکانی بەهەشتدایە، یاخود روحی باوەڕداران لە ئاسمانی حەوتەمە، چەندێك بەرەو ئاسمانەکان بەرەو سەرەوە بڕۆی فراوانتر ئەبێت، یاخود خوای گەورە کتابی ئەوانی لە شوێنە بەرزەکانی بەهەشتدا نانووس کردووە کە ئەمانە بەهەشتین..!! [وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ (١٩)] ئەی محمد - صلی اللّٰه علیه وسلم - تۆ چوزانی ئەم شوێنە بەرزانەی بەهەشت چەند خۆشن یان چۆنن؟، بۆ بەگەورەزانینێتی..!! [كِتَابٌ مَرْقُومٌ (٢٠)] ئەمە کتابێکە نووسراوەو کۆتایی پێهاتووەو زیادو کەمی لێ ناکرێت..!! [يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبُونَ (٢١)] فریشتەکانی خوای گەورە ئامادەن و شایەتی لەسەر ئەدەن..!! {پاداشتی چاکەکاران لە بەهەشتدا} [إِنَّ الأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ (٢٢)] ئەوانەی کە چاکەکارن و گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەری خوایان کردووە - صلی اللّٰه علیه وسلم - وە تاوان و سەرپێچیان نەکردووە ئەوانە لە نازو نیعمەتی بەهەشتدان..!! [عَلَى الأَرَائِكِ يَنْظُرُونَ (٢٣)] ئەمانە لەسەر جۆلانی و شوێنە بەرزەکانی بەهەشتەوە تەماشای نازو نیعمەتەکان ئەکەن، یاخود تەماشای خوای گەورە ئەکەن.!! [تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ (٢٤)] لە ڕوویاندا درەوشاوی و گەشاوەیی و جوانی ئەو نازو نیعمەتانەیان پێوە دیارە، یاخود بەهۆی بینینی خوای گەورە ڕوویان ئەوەندەی تر جوان و گەشاوەو درەوشاوەو پڕشنگدار بووە..!! [يُسْقَوْنَ مِنْ رَحِيقٍ مَخْتُومٍ (٢٥)] (رَحِيق): ناوێکە لە ناوەکانی مەی، وە لە بەهەشتیشدا مەی بە بەهەشتییەکان ئەدرێ کە جیاوازە لە مەی دونیا لە تام و بۆن و ڕەنگیدا، وە لەوپەڕی خۆشیدایە، وە (مَخْتُوم) واتە: مۆری لێدراوەو دەستکاری نەکراوە تایبەت بۆ ئەمان دانراوە..!! [خِتَامُهُ مِسْكٌ] وە تێکەڵ بە میسکیش کراوە، یاخود کۆتا خواردنەوەی تامی میسکەو لەوپەڕی خۆشیدایە [وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ (٢٦)] بۆ بەهەشت و نازو نیعمەتەکانی بەهەشت با پێشبڕکێکاران پێشبڕکێ بکەن بە کردەوەی چاك وە هەوڵی بۆ بدەن بۆ ئەوەی کە پێی بگەن..!! [وَمِزَاجُهُ مِنْ تَسْنِيمٍ (٢٧)] وە ئەو (مەی¬)یە (تەسنیم)یشی تێ ئەکرێ کە خۆشترین و بەڕێزترین خواردنەوەی بەهەشتە، تێکەڵ بەو خەمرە ئەکرێ ئەوکاتە پێیان ئەدرێ..!! [عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا الْمُقَرَّبُونَ (٢٨)] کەسانی (موقەڕەب) ئەم خواردنەوەیان پێ ئەدرێ..!!

ئینجا (خوای گەورە) دەفەرمووی : ڕۆحەکە بیگەڕیننەوە بۆ سەر زەوی چونکە من بە لێنم پێ داون کە زەوی لە زەوی دروستم کردوون وە دەیانگێرمەوە بۆ ناو زەوی وە لەزەوییشەوە زیندوویان دەکەمەوە ، دووبارە ڕۆحەکە بەو شوێنانەی پێیدا ڕۆیشتووە دەهێنرێتەوە بۆ سەر زەوی بۆنا لاشەکەی ...

مردن و لێ پرسینەوە

ڕوون کردنەوەیەك سەبارەت بەوەی کە ڕۆحەکە دەگەڕێتەوە ناو لاشەکەی بۆ سەر زەوی ، ئالێرەدا مردووەکە (خوای گەورە) هەست و هۆشێکی دەداتێ ، و دەزانێت کێ دەیشوات و کێ هەڵی دەگرێت و کێ لەگەڵی دایە ، وە کێ بۆ ناو گۆڕەکەی شۆڕی دەکاتەوە ..؟!

لە (عبدالرحمن کوری ئیبن ئەبی لە یلێ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : ڕۆحی مردووەکە بە دەست فریشتەیە و پێ ی دەڵێن لە کاتی شۆردن و هەڵگرتنی لە سەر شان گوێ بگرە چۆنت باس دەکەن و چیت پێ دەڵێن ..!!

وە شێخ (مشهور کوری حسن) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : مردوو ئاگای لێ یە کێ دەی شوات و کێ کفنی بۆ دەکات و کێ بەرەو گۆڕستانی دەبات ..!!

بێ گومان فریشتە بەڕێزەکان کە بە (وەفد) چوون لە گەڵیدا دووبارە ئەمانیش بە (وەفد) دەگەڕێنەوە لە گەلیدا وە ك لە مژدەی ئیماندار دا ووتیان ، (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ﴾ [فُصِّلَت : ٣١] واتە : ئێمە دۆست و پشتیوانی ئێوە بووین لە ژیانی دونیاو بە فەرمانی خوای گەورە دەمانپاراستن، وە لەناو گۆڕو قیامەتیشدا هەر لەگەڵتان ئەبین و هۆگرو دڵنەواتان دەبین و لە پردی صیرات دەتانپەڕێنینەوە تا دەتانگەینە بەهەشتەوە !؟

هەروەها ئەگەر هەر موسڵمانێکی بەڕێزی ئیماندار (خوای گەورە) بۆ ڕێك نەخات کفن بکرێت و بشۆرێت ، ئەوا فریشتەکان کفنی دەکەن و دەیشۆن هەروە لەم فەرموودەیەهاتووە.

لە (عبداللە کوری عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووویەتی :

((رأيتُ الملائكةَ تُغسِّلُ حمزةَ بنَ عبدِ المطلبِ، وحنظلةَ بنَ الراهبِ)) . اخرجه الطبراني في (المعجم الكبير) (٣٩١/١١). واتە : فریشتەکانم بینی (حمزة کوری عبدالمطلب ، حنظلة کوری الراهب) دەشۆرد ..؟! چونکە هەردوو کیان شەهید بوون ، شەهید نابێ بشۆریت بەڵام فریشتە ئەوانیان شۆرد ...

لە (ئەبو سعید خدری) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((أنَّ رَسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم قال: إذا وُضِعَتِ الجِنازةُ، واحتَمَلَها الرِّجالُ على أعناقِهم، فإن كانَت صالِحةً قالت: قدِّموني، وإن كانت غيرَ صالِحةٍ قالت: يا ويلَها أينَ يَذهَبونَ بها؟ يَسمَعُ صَوتَها كُلُّ شيءٍ إلَّا الإنسانَ، ولو سَمِعَه صَعِقَ)) . صحيح البخاري برقم (١٣١٤). واتە : ئەگەر جنازەی کە یان مردووەکە کرایە ناو دارە بازە و پیاوان لە سەر شان هەڵیانگرت بەرەو گۆڕستنان ، ئەگەر پێاو چاك بێت ئەوا دەڵێت پەلە بکەن زوو بمبەن و هێواش مەرۆن ، بەڵام ئەگە پیاو خراپ بێت دەڵێت : ئەی هاوار ئەم نەفسە بۆ کوێ دەیبەن ..؟! هەموو شتێك دەنگی دەبیستێ جە لە مرۆڤ ئەگەر (مرۆڤ) گوێی لە دەنگی بووایە ، ئەوا لە ترسان گیان دەردەچوو ...

جا کاتێك جەنازەکەیان هەڵگرت بردیان بەرەو گۆڕستان خستانە ناو گۆڕەکەی ، دیارە ئاگایی لێ یە کێ دەیخاتە ناو گۆڕەکەی بۆیە دەبێت لە لای قاچیەو بخرێتە ناو گۆڕەکەی وە بگوترێت : ((بسم الله وعلى ملة رسول الله ﷺ)) دوایی ئەوە خشت و خۆڵ ی بەسەردا دەکرێت ، پاشان مردووە کە گوێ لە تەپەی ناعلەکانیانە کە دڕۆن بە جێ دەهێڵن ... هەر وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : ((إنه يسمع قرع نعالهم)) . واتە : گوێی لە تەپەی نەعلەکانیانە ..!! لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەو ئایا یەکسەر پرسیارەکەی لێ دەکرێت یان دوای چەند دەمێکی تر ..؟!

لە (ئەنسی کوری مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إن المؤمن إذا وضع في قبره أتاه الملك فيقول له : ماكنت تعبد)). سنن ابوداود برقم (٤٧٥١). واتە: ئیماندار هەر کرایە ناو گۆڕەکەیەوە فریشتەکە دێت و خێرا پرسیاری لێ دەکات و پێ دەڵێت : چیت دەپەرست ..؟!

لە ڕیوایەتێکی تر دا هاتووە دەفەرمووێت : ((إذا قبر الميت أتاه ملكان أسودان)) . سنن الترمذي برقم (١٠٧١). واتە : ئەگەر مردوو کرایە ناو گۆڕەکەی دوو فریشتەی ڕەش دێنە ناو گۆڕەکەی یان دێنە گیانی ... بەڵام لە هەندێك فەرموودەی تر هاتووە کە دوای ئەوەی کە خەڵکەکە لای چۆڵ دەکەن و دەرۆن ئەوا یەکسەی فریشتەکان پر سیاری ناو گۆڕی لێدەکەن ، پێ دەچێ ئەمەش بە گوێرەی پلەی بەندایەتی کردن و تەقوا بێت ، چونکە ئەگەر ئەو کەسە پلەی بەرز بێت لە لای (خوای گەورە) ئەوا لە ناو خەڵکیدا پرسیاری لێ دەکریچت ، بۆ ئەوەی نەترسێت و هیچ نارەحەت نەبێت ، بەڵام ئەگەر تۆزێك ئیمانی لاواز بێت گوناهی هەبێت ، ئەوا وازی لێ دەهێن تاکو خەڵکە کە کەنی چۆڵ دەکات بە جێ دەهێلن ...بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە لە (ئەنسی کوری مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕیتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((وتولى عنه أصحابه حتى إنه ليسمع خفق نعالهم أتاه ملكان)). صحيح البخاري برقم (١٣٧٤). واتە : کەس و کارەکەی بە جێیان هێشت هەتا کوێ ی لە دەنگی پێڵاوەکانیان دەبێت ، پاشان دوو فریشتەکە دێن بۆ پرسیار لێ کردنی ، وە لە دەقی فەرموودەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : ((إذا دخل المؤمن قبره و تولى عنه أصحابه جاءه ملك شديد الانتهار)). مسند أحمد برقم (١١٠٠٠).

واتە : کاتێك ئیماندار خرایە ناو گۆڕەکەیەوە و کەس و کارەکەی بە جێیان هێشت فریشتەیەکی فۆر تورە دێتە لای ...

مردن و لێ پرسینەوە

له (ئەنسى كورى مالك) — خوا لێ رازى بێت — دەگێرێتەوە دەڵێت :

((إنَّ نبيَّ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ دخَلَ نَخلًا لبني النَّجَّارِ، فسَمِعَ صَوتًا ففَزِعَ، فقال: مَن أصحابُ هذه القُبورِ؟ قالوا: يا رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، ناسٌ ماتوا في الجاهليَّةِ، فقال: تعوَّذوا باللهِ من عذابِ النَّارِ، ومن فِتنةِ الدَّجَّالِ، قالوا: ومِمَّ ذاك يا رسولَ اللهِ؟ قال: إنَّ المُؤمِنَ إذا وُضِعَ في قبرِه أتاه مَلَكٌ، فيقولُ له: ما كُنتَ تَعبُدُ؟ فإنِ اللهُ هَداهُ، قال: كُنتُ أعبُدُ اللهَ، فيُقالُ له: ما كُنتَ تقولُ في هذا الرَّجُلِ؟ فيقولُ: هو عبدُ اللهِ ورسولُه، فما يُسأَلُ عن شيءٍ غيرِها، فيُنطلَقُ به إلى بيتٍ كان له في النَّارِ، فيُقالُ له: هذا بيتُك كان في النَّارِ، ولكنَّ اللهَ عَصَمَك ورَحِمَك، فأبْدَلَك به بيتًا في الجَنَّةِ، فيقولُ: دَعُوني حتى أذهَبَ فأُبشِّرَ أهلي، فيُقالُ له: اسكُنْ. وإنَّ الكافِرَ إذا وُضِعَ في قبرِه أتاه مَلَكٌ فيَنتهِرُه، فيقولُ له: ما كُنتَ تعبُدُ؟ فيقولُ: لا أدْري، فيُقالُ له: لا دَرَيتَ ولا تَلَيتَ، فيُقالُ له: فما كُنتَ تقولُ في هذا الرَّجُلِ؟ فيقولُ: كُنتُ أقولُ ما يقولُ النَّاسُ، فيَضرِبُه بمِطْراقٍ من حَديدٍ بيْنَ أُذُنَيهِ، فيَصيحُ صَيحةً يسمَعُها الخَلْقُ غيرَ الثَّقلينِ)). سنن ابو داود برقم (٤٧٥١). واته : كه پێغەمبەرى خوا ﷺ چووه ناو دارخورماكانى بەنى نجار ، دەنگێكى بيست ترسا ، فەرمووى : خاوەنى ئەم گۆڕانه كێن..؟! ووتيان : ئەى پێغەمبەرى خوا ﷺ ئەوانه خەڵكانێكن له سەردەمى نەفامى دا مردوون ، فەرمووى : پەنا بگرن به (خواى گەوره) له سزاو ئازارى ناو گۆڕ يان ئاگر ، وه له ئاژاوه و فيتنەى دەججاڵ ى درۆزن ، ووتيان : لەبەر چى ئەى پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ئيماندار كاتێ كه دەخرێته گۆڕەوه دايدەنێن فريشتەكان دێنه لاى و پێ دەڵێ : تۆ له ژيانى دونيادا چيت دەپەرست ..؟! (خواى گەوره) رێنموويى دەكات و دەڵێ : (خواى گەورەم دەپەرست ، پێ دەڵێ : دەربارەى ئەو پياوه — واته : پێغەمبەرى خوا ﷺ - چيت دە ووت..؟! ئەويش دەڵێت : بەنده و پێغەمبەرى خوا يه ، ئيتر پرسيارى هيچى ترى لێ ناكرێت ، جا دەبرێت بۆ ماڵێك له ئاگرى دۆزەخ پێى دەوترێت : ئەوه ماڵى تۆ بوو له دۆزەخدا ، بەلام (خواى گەوره) پاراستيتى و سۆزو ميهرەبانى نواند بەرامبەرت ئەو ماڵەى بۆ گۆڕيت به ماڵێك له بەهەشتدا ، دەلێت : وازم لێ بهێنن تاكو برۆم موژده بدەم به خانەوادەو كەس كارەكەم ، پێى دەوترێت : دامەزرى بۆ خۆت و بمێنەرەوه ، بەلام كافر و بێ باوەر كاتێ دەخرێته گۆڕەوەو دايدەنێين فريشتەيەكان دێته لاى تێى دەخوڕيت و پێى دەڵێ : تۆ له ژيانى دونيادا چيت دەپەرست ..؟! ئەويش دەڵێت : نازانم ، پێ دەوترێت : با هەر نەزانيت و هيچ نه لێى — نەتزانى كامه حەق و ڕاستيه و ، قورئانيش نه خوێندۆتەوه - ، پێى دەوترێت : دەربارەى ئەو پياوه — واته پێغەمبەر ﷺ - چيت دەووت ..؟! ئەويش دەڵێت : ئەو خەڵكه چيان دەوت منيش هەر ئەوەم دەووت ، چه كوشێكى ئاسن دەدات به نێوان هەر دوو گوێچكەى دا ، هاوارێك دەكات هەموو بوونەوەرێك دەيبيستێت جگه له مرۆڤ و جنۆكوه ...

ئينجا دووباره دەگەڕێنەوه سەر فەرموودەكەى (براء كورى عازب) ، كه له پێش دا باسمان كرد ، بەلام لێرەدا (ابو هريره) ڕيوايەتى كردووه ، ئەوه بوو كه ووتمان ڕۆحەكەى دێته ناو لاشەكەيەوه پاشان دوو فريشتەى ڕەش دێنه لاى هەروەك هاتووه ...

له (ابو هريره) — خوا لێ رازى بێت — دەگێرێتەوه دەڵێت : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى :

((إذا قبرَ الميِّتُ - أو قالَ أحدُكم - أتاهُ ملَكانِ أسودانِ أزرَقانِ يقالُ لأحدِهما المنْكَرُ والآخرِ النَّكيرُ فيقولانِ ما كنتَ تقولُ في هذا الرَّجلِ فيقولُ ما كانَ يقولُ هوَ عبدُ اللَّهِ ورسولُهُ أشهدُ أن لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ محمَّدًا عبدُهُ ورسولُهُ فيقولانِ قد كنَّا نعلمُ أنَّكَ تقولُ هذا ثمَّ يفسحُ لَهُ في قبرِهِ سبعونَ ذراعًا في سبعينَ ثمَّ ينوَّرُ لَهُ فيهِ ثمَّ يقالُ لَهُ نم فيقولُ أرجعُ إلى أَهلي فأخبرُهم فيقولانِ نم كنومةِ العروسِ الَّذي لا يوقظُهُ إلَّا أحبُّ أَهلِهِ إليْهِ حتَّى يبعثَهُ اللَّهُ من مَضجعِهِ ذلِكَ وإن كانَ منافقًا قالَ سمعتُ النَّاسَ يقولونَ فقلتُ مثلَهُ لا أدري فيقولانِ قد كنَّا نعلمُ أنَّكَ تقولُ ذلِكَ فيقالُ للأرضِ التئِمي عليْهِ فتَلتَئمُ عليْهِ فتختلفُ أضلاعُهُ فلا يزالُ فيها معذَّبًا حتَّى يبعثَهُ اللَّهُ من مَضجعِهِ ذلِكَ)). سنن الرمذي برقم (١٠٧١). واته: هەر كاتێ مردوو يان يەكێكتان خرايه ناو گۆڕەوه و نێژرا دوو فريشته ڕەشى دەم و چاو شين دێنه لاى يەكێكيان پێى دەووترێت (مونكەر) - واته كەس ناناسێت ، ئەوەى تريشيان پێى دەووترێت (نەكير) واته كەس ناياناسێت ، هەر له بەر ئەمه مرۆڤ يەكەمجار بيبێنێت نه ئەوان كەس دەناسن تاكو ڕەحمى پێ بكەن وه نەكەسيش دەياننناسێت — به كەسه مردووەكه دەڵێن : تۆ له ژيانى دونيادا دەربارەى ئەو پياوه — واته پێغەمبەرى خوا ﷺ - چيت دەووت ..؟! ئەويش دەڵێت : بەنده و پێغەمبەرى خوايه ، (أشهد أن لا إله إلا الله ، وإن محمدا عبده ورسوله) ، دەفەرموون : ئێمه زانيومانه كه تۆ ئەمه دەڵێى ، له پاشدا گۆڕەكەى يان قبرەكەى حەفتا گەز به حەفتا گەز بۆ فراوان دەكرێت ، ئينجا بۆى ڕووناك دەكرێتەوه ، له پاشدا پێى دەووترێت : بخەوه ، ئەويش دەڵێ : با بگەڕێمەوه هەواڵ بدەم به كەس و كارەكەم ، دەفەرموون : بخەوه وەك خەوتنى ئەو زاوايەى كه له پەردەدايه جگه له خۆشەويسترين كەسى كەسێكى تر خەبەرى ناكاتەوه ، ئيتر بەردەوام له سەر ئەو حاڵەتەيه هەتا (خواى گەوره) لەو جێگايەدا كه تێيدا ڕاكشاوه زيندووى دەكاتەوه — واته: هەتاكو ڕۆژى دوايى ئينجا (خواى گەوره) زيندووى دەكاتەوه - ، بەلام ئەگەر كەسه مردووەكه دووڕوو موناڧق بوو ئەوا دەڵێ : نازانم گوێم لێ بوو خەڵك شتێكيان دەووت منيش وەك ئەوەم دەووت ، دوو فريشتەكه دەفەرموون : ئێمه زانيومانه كه تۆ ئەمه دەڵێى ، به زەوى دەفەرموون : خۆتى لێ بهێنەوه يەك ، زەوى خۆى لێ دەهێنێتەوه يەك پەراسووەكان بەناو يەكدا دێن ، ئيتر بەردەوام له سەر ئەو حاڵەتەيه هەتاكو (خواى گەوره) له ڕۆژى دوايى دا زيندووى دەكاتەوه لەو جێگايەدا ..؟!

مردن و لێ پرسینەوە

بەڵێ جا بەگوێرەی پلەی بەندەکە دەبێت ئەگەر موسڵمانێکی چاکە کارو لە خوا ترس بێت ئەوا یەك فریشتە دێت وە هەندێکجار دوو فریشتە دێن و پرسیاری لێ دەکەن و نایترسێنن ، بەڵام ئەگەر خراپە کارو تاوانکاو گوناهبار بوو ، ئەوا دوو فریشتەی ڕەش چاو شین چەکوشیان پێ یە و بۆ ئەوەی بیترسێنن وە لێ ی توورە دەبن و دایدەنیشێنن ... ئەگەر موسڵمانێکی چاکە کار بێت ئەوا لە دوورە وە پێی دەڵێن : دانیشە ، بەڵام ئەگەر خراپەکارو بەدکار بێت ئەوا یەکسەر دایدەنیشێن بە زۆر و تووڕەیەوە ،هەروەك لە فەرموودەیەی (ابو هريره) - خوا لێ رازی بێت - دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا صلی فەرموویەتی : ((فَيَجْلِسُ الرَّجُلُ الصَّالِحُ في قَبْرِه غَيْرَ فَزِعٍ ولا مَشْعوفٍ)). ابن ماجه برقم (٤٢٦٨). واتە: بە بێ ترس ئەو پیاوە چاکە دادەنیشێت لە گۆڕەکەیدا - واتە: ئەگەر موسڵمانێکی چاکە کار بێت بە بێ ترس دادەنیشێت لە گۆڕەکەیدا - ...

ابو هريره) - خوا لێ رازی بێت - دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا صلی فەرموویەتی :

((إنَّ المَيِّتَ يَصيرُ إلى القَبْرِ، فَيَجْلِسُ الرَّجُلُ الصَّالِحُ في قَبْرِه غَيْرَ فَزِعٍ ولا مَشْعوفٍ، ثُمَّ يقالُ له: فيمَ كُنْتَ؟ فيقولُ: كُنْتُ في الإسْلامِ، فيقالُ له: ما هذا الرَّجُلُ؟ فيَقولُ: مُحمَّدٌ رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وعلى آلِه وسلَّمَ، جاءَنا بالبَيِّناتِ مِن عنْدِ اللهِ، فصَدَّقْناه، فيقالُ له: هلْ رَأَيتَ اللهَ، فيَقولُ: ما يَنْبَغي لأحَدٍ أن يَرى اللهَ، فيُفرَجُ له فُرْجةٌ قِبَلَ النَّارِ، فيَنظُرُ إليها يَحطِمُ بعضُها بعضًا، فيُقالُ: له انْظُرْ إلى ما وَقاك اللهُ، ثُمَّ يُفرَجُ له قِبَلَ الجَنَّةِ، فيَنظُرُ إلى زَهْرتِها وما فيها فيُقالُ له: هذا مَقعَدُك، ويُقالُ له: على اليَقينِ كُنْتَ، وعليه مِتَّ، وعليه تُبعَثُ إن شاءَ اللهُ، ويَجلِسُ الرَّجُلُ السُّوءُ في قَبْرِه فَزِعًا مَشْعوفًا، فيُقالُ له: فيمَ كُنْتَ؟ فيَقولُ: لا أَدْري، فيُقالُ له: ما هذا الرَّجُلُ؟ فيَقولُ: سَمِعْتُ النَّاسَ يَقولونَ قَوْلًا فقُلْتُه، فيُفرَجُ له قِبَلَ الجَنَّةِ، فيَنظُرُ إلى زَهْرتِها وما فيها فيُقالُ له: انْظُرْ إلى ما صَرَفَ اللهُ عنك، ثُمَّ يُفرَجُ له فُرْجةٌ قِبَلَ النَّارِ، فيَنظُرُ إليها يَحطِمُ بعضُها بعضًا، فيُقالُ له: هذا مَقعَدُك، على الشَّكِّ كُنْتَ، وعليه مِتَّ، وعليه تُبعَثُ إن شاءَ اللهُ تَعالى)). ابن ماجه برقم (٤٢٦٨). واتە: مردوو دەچێتە ناو گۆڕەکەی ، ئینجا پیاوی چاکە کارو پاك لە ناو گۆڕەکەیدا دادەنیشێندرێت بێ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و شۆك بوونی هەبێت ، پاشان پێی دەگوترێت : تۆ لە ناو چ بەرنامەو ئایینێکدا بوویت ..؟! ئەویش دەڵێ : لە ناو ئایینی ئیسلامدا بووم ، جا پێی دەووترێت : ئەو پیاوە کێیە (مەبەست پێی پێغەمبەری خوا یە ﷺ) ..؟! ئەویش دەڵێ : محمد ﷺ نێردراوی خوایە کە هەموو پەیامەکانی بە ڕوون و ئاشکرایی لە لایەن خواوە بۆ هێناین و ئێمەش بە ڕاستمان زانی و بڕوامان پێی کرد ، ئینجا پێی دەووترێت : ئایا خوات بینیوە ..؟! ئەویش دەڵێ : هیچ کەسێك ناتوانێ و بۆی نیە کە خودا ببینێ ، ئینجا دەرچەیەکی بەرەوڕووی ئاگر بۆ دەکرێنەوە و تەماشا دەکات ئاگرەکە یەکتر دەخوات و کڵپە دەکات ، بۆیە پێی دەووترێت : تەماشای ئەو شتە و شوێنە بکە کە خوا تۆی لێ پاراست ، پاشان دەرچەیەکی تر بەرەوڕووی بەهەشت بۆ دەکەنەوە و تەماشای ڕازاوەیی و گەشاوەیی ئەو شتانە دەکات کە لە ناو بەهەشتدا هەیە ، ئینجا پێی دەڵێن : ئەوە شوێن و مەنزڵی تۆیە ، وە پێی دەڵێن : تۆ لە سەر دڵنیای بوویت و هەر لە سەر ئەو دڵنیاییەشت مردی و لە سەر ئەو دڵنیاییەش زیندوو دەکرێتەوە ئەگەر خوا پێی خۆش بێت ، وە پیاوی خەراپ و تاوانبارو دوو ڕوو لە ناو گۆڕەکەیدا بە ترس و بیمێکی زۆرەوە دادەنیشێندرێ و پێی دە ووترێت : لە سەر چ بەرنامە و یاسایەك بوویت ..؟! ئەویش دەڵێ : نازانم ، ئینجا پێی دەڵێن : ئەو پیاوە کێیە ..؟! — مەبەست لە پێغەمبەری خوایە ﷺ - ئەویش دەڵێ : گوێم لە خەڵکی بوو قسەیەکیان دەربارەی دەکردو منیش دەم ووتەوە ، ئینجا بەرەوڕووی بەهەشت دەرچەیەکی بۆ دەکرێتەوە و تەماشای جوانی و ڕازاوەییەکانی ناو بەهەشت دەکات ، جا پێی دەڵێن : تەماشای ئەو شوێنە بکە کە خوا ڕووتی لێ وەرگێرا (بە هۆی تاوان گوناهو دووڕوویەکەت بیچ ئیمانیەکەت) وە ، پاشان بەرەو دۆزەخ دەرچەیەکی بۆ دەکرێتەوە و تەماشای دەکات کە هەندێکی هەندێکی دەخوات لە توندی ئاگرەکە خۆی ، جا پێی دەڵێن : ئەوە شوێنی مانەوەی تۆیە ، کە بە گومانی بوویت (لە زیندوو بوونەوە) لە سەر ئەو گومانەش مردی و هەر لەسەر ئەو گومانەش زیندوو دەکرێیتەوە ئەگەر خوای باڵادەست پێی خۆش بێت ..؟!

لەڕیوایەتێکی تر دا هاتووە لە (جابری کوری عبدالله) — خوا لێ رازی بێت — دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((إذا دَخلَ المؤمِنُ قبرَهُ فأتاهُ ملَكانِ فانتَهَراهُ فيقومُ يَهُبُّ كما يَهُبُّ النَّائمُ فيَسألانِهِ...)) . اخرجه أحمد برقم (١٤٧٦٤). واتە: ئەگەر بەندەیەك خرایە ناو گۆڕەکەیەوە دوو فریشتەی تووڕەو توندو تیژ دینە لای ، مردووەکە هەڵدەستێت وەکو چۆن یەکێك لە خەو ڕادەپەڕێت ، وە دوایی پرسیاری لێ دەکەن ...

تێبینی : هەر بەندەیەك بمرێ لە ناو گۆڕەکەیدا ، ئەوا هۆشی بۆ دەگەڕێتەوە ، واتە بیرو هۆشی دەگەڕێتەوە سەر جارانی پێشووی ژیانی دونیادا ، هەر وەکو بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە لە (عمری کوری خەتابەوە) — خوا لێ رازی بێت — هاتووە دەگێڕێتەوە دەڵێت :

((أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم ذكر فتَّانَ القبرِ فقال عمرُ : أتُرَدُّ علينا عقولُنا يا رسولَ اللهِ ؟ فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم : نعم كهيئتِك اليومَ...)) . ابن حبان برقم (٣١١٥).واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ، باسی فریشتەکانی ناوگۆڕی دەکرد کە لە خەڵك دەپرسنەوە وە منیش ووتم : ئایا ئێمە هەموومان بیرو هۆشمان بۆ دەگەڕێتەوە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بە لێ وەکو شێوەی ئەمڕۆت دەبێت ...

مردن و لێ پرسینەوە

بەڵێ دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکەی (براء ی کوڕی عازب) – خوا لێ ڕازی بێت – لە ڕیوایەتێکی تر دا هاتووە ((ئەگەر ئیماندار بێت ، ئەوا کردەوەکانی چواردەوری دەدەن ، نوێژ لای سەری یەوە دەبێت ، و ڕۆژوو لای ڕاستی یەوە دەبێت و زەکات لای چەپی یەوە دەبێت ، وە کردەوەکانی دیکە لە خێر کردن وچاکە کردن لە گەڵ خەڵکی و خزم کەس وکاری و سەردانی کردنیان ئەوا لە لای هەردوو قاچیەوە دبێت ، فریشتەکان لە لای سەری یەوە ، بۆی دێن ، نوێژ دەڵێت : لە لای منەوە ڕێگەی نیە ، پاشان لە لای ڕاستی یەوە بۆی دێن ڕۆژوو دەڵێت : لای منەوە ڕێگەی نیە ، پاشان لە لای چەپی یەوە بۆی دێن زەکات دەڵێت لای منەوە ڕێگەی نیە ، پاشان لە لای هەر دوو قچی یەوە دێن کارە چاکەکانی خێرو کردەوەکانی کە سەردانی خزم کەس وکاری و دۆست کردبوو ، دەڵێن : لای منەوە ڕێگەی نیە هەر وەك لە ڕێوایەتێکی تریش هاتووە...

لە (ابو هریرە) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((يُؤتَى الرجلُ في قبرِه فإذا أُتِيَ من قِبَلِ رأسِه دفَعَتْه تلاوةُ القرآنِ وإذا أُتِيَ من قِبَلِ يدَيه دفعَتْه الصدقةُ وإذا أُتِيَ من قِبَلِ رجلَيه دَفَعَه مَشيُه إلى المساجدِ)). شيخ الالباني في صحيح الترغيب برقم (٣٥٦١). واتە : فریشتە دێنە لای ئەو کەسە لە گۆڕەکەیدا ، ئەگەر لای سەریەوە بۆی هاتن ، خوێندنی قورئان ڕێگریان لێ دەکات ، وە ئەگەر لای هەر دوو دەستیەوە هاتن ، خێر و چاکە ڕێگریان لێ دەکات ، وە ئەگەر لە لای قاچەکانیەوە بۆی هاتن ، ڕۆیشتنەکانی بۆ مەزگەوتەکان ڕێگریان لێ دەکات ..؟!

بەڵێ ئەم دوو فریشتەیەی کە دێتەلای پرسیاری لە مردووەکە دەکات ، وا دیارە ئەم پرسیار کردنە تەنها بۆ ئۆمەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، واتە بۆ کەسێکی موسڵمانی دامەزراو و چاکە کار ، وەیان بۆ کەسێکی موسڵمانی خراپە کارو و دوو ڕوو و موونافیق ، چونکە دوو ڕووە کانیش لە سەر ئیسلام هەژمار دەکرێن ، لە گۆڕەکانیادا ، کەواتە : کافرو بێ باوەڕو ئۆمەتانی تری ئەم پرسیارانەیان لێ ناکرێت ، بە پێی ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ...

لە (زیدی کوڕی سابت) – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((... إنَّ هذه الأُمَّةَ تُبتَلى في قُبورِها، فلَولا أن لا تَدافَنوا لَدَعَوتُ اللَّهَ أن يُسمِعَكُم مِن عَذابِ القَبرِ الذي أسمَعُ منه...)) . صحيح المسلم برقم (٢٨٦٧). واتە: بە ڕاستی ئۆمەتی من تووشی سەختی و ناخۆشی و تاقی کردنەوە دەبنەوە لە ناو گۆڕەکانیادا ، ئەگەر لە بەر ئەوە نەبێت کە نەوەك یەکتری نەنێژن ، لە خوا دەپارامەوە کە دەنگی سزای عەزابی ناو گۆڕ وەکو من ببیستن ..؟!

لە (عائیشە دایکی ئیمانداران) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری ﷺ فەرمووی :

((...و أما فتنةُ القبرِ فبي تُفتَنون، و عني تُسألون ...)) . شيخ الالباني صيحي الجامع برقم (١٣٦١). واتە : بەڵام لێ پرسینەوەی گۆڕ سەبارەت بە مت تاقی دەکرێنەوە و پرسیارتان لێ دەکرێت ، هەر لە بەر ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای بە خوا دەگرت لە سزای گۆڕ...

لە (عائیشە دایکی ئیمانداران – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای دەگرت بە خوا لە :

((اللهُمَّ إنِّي أعوذُ بك مِن فِتنةِ النَّارِ ومِن عَذابِ النَّارِ، وأعوذُ بك مِن فِتنةِ القبرِ، وأعوذُ بك مِن عَذابِ القبرِ، وأعوذُ بك مِن فِتنةِ الغِنى، وأعوذُ بك مِن فِتنةِ الفقرِ، وأعوذُ بك مِن فِتنةِ المَسيحِ الدَّجَّالِ)) . صحيح البخاري برقم (٦٣٧٦).

لە (ئەنسی کوڕی مالك) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای دەگرت بە خوا لە :

((اللهُمَّ إنِّي أعوذُ بك مِنَ العَجزِ والكَسَلِ، والجُبنِ والهَرَمِ، وأعوذُ بك مِن فِتنةِ المَحيا والمَماتِ، وأعوذُ بك مِن عَذابِ القبرِ)) . صحيح البخاري برقم (٢٨٢٣).

دیسان دەگەڕێینەوە بۆ فەرموودەکەی (براء کوڕی عازب) کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی : لە بەر ئەوەی کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفۡعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ۝٢٧﴾ [إبراهيم : ٢٧] واتە : [يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ] خوای گەورە باوەڕداران جێگیر ئەکات بە وشەی جێگیر کە وشەی لا إله إلا الله یە لە ژیانی دونیاو قیامەتدا، وە لەناو گۆڕیشدا ئەتوانن وەڵامی فریشتەکان بدەنەوە بە زمانی پاراو کە الله پەروەردگارمانەو محمد - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەرمانەو ئیسلام دینمانە، کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: ئەم ئایەتە لەسەر سزای ناو گۆڕ دابەزیوە [وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ] وە ئەوانەی کە زاڵم و ستەمکار بن یان مونافیق بن خوای گەورە گومڕاو وێڵیان ئەکات و لەناو قەبریشدا ناتوانن وەڵامی فریشتەکان بدەنەوە [وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ (٢٧)] وە خوای گەورە ویستی لە هەر شتێك بێ جێبەجێی ئەکات...

مردن و لێ پرسینەوە

لە ڕیوایەتێکی تر دا هاتووە لە (ئەنسی کوری مالك) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((فما يُسأل عن شيءٍ غيرها)). شيخ الالباني في صحيح الترغيب برقم (٣٥٥٥). واتە : ئیتر پرسیاری سەبارەت بە هیچی تر لێ ناکرێت ..!! هەروەها بانگ کارێك بانگ دەکات لە ئاسمانەوە ، هەروەکو لە فەرموودەکە هاتووە کە دەفەرمووی: ((...فينادي منادٍ من السماءِ : أن صدقَ عبدي فأفرشوهُ من الجنةِ وألبسوهُ من الجنةِ وافتحوا له بابًا إلى الجنةِ ...)) واتە : بانگ کارێك بانگ دەکات لە ئاسمانەوە ، بەندەکەم ڕاستی کرد بۆی ڕاخەن لە فەرشی بەهەشت و پۆشاکی بە هەشتی بەبەردا بکەن و جێگەی خۆی نیشان بدەن لە بەهەشتدا ، دەرگایەکی بەهەشت بۆ بکەنەوە بیخەنە بەهەشتەوە ..!! ئینجا هەر لە فەرموودەکەدا دەفەرمووی : ((قال : فيأتيه من روحها وطيبها وُيفسحُ له في قبرهِ مد بصرهِ)) واتە : و ئیتر بۆنی خۆش و شنەی بای بەهەشتی پێ دەکات وە گۆڕەکەشی بۆ فراوان دەکرێت تا چاو بڕ بکات ..!! هەروەها لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتووە ، لە (ابو هريره) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :((إذا قبرَ الميِّتُ - أو قالَ أحدُكم - أتاهُ ملَكانِ أسودانِ أزرَقانِ يقالُ لأحدِهما المنْكَرُ والآخرِ النَّكيرُ فيقولانِ ما كنتَ تقولُ في هذا الرَّجلِ فيقولُ ما كانَ يقولُ هوَ عبدُ اللَّهِ ورسولُهُ أشْهدُ أن لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ محمَّدًا عبدُهُ ورسولُهُ فيقولانِ قد كنَّا نعلمُ أنَّكَ تقولُ هذا ثمَّ يفسحُ لَهُ في قبرِهِ سبعونَ ذراعًا في سبعينَ ثمَّ ينوَّرُ لَهُ فيهِ ثمَّ يقالُ لَهُ نم فيقولُ أرجعُ إلى أَهلي فأخبرُهم فيقولانِ نم كنومةِ العروسِ الَّذي لا يوقظُهُ إلَّا أحبُّ أَهلِهِ إليْهِ حتَّى يبعثَهُ اللَّهُ من مَضجعِهِ ذلِكَ وإن كانَ منافقًا قالَ سمعتُ النَّاسَ يقولونَ فقلتُ مثلَهُ لا أدري فيقولانِ قد كنَّا نعلمُ أنَّكَ تقولُ ذلِكَ فيقالُ للأرضِ التئِمي عليْهِ فتلتَئمُ عليْهِ فتختلفُ أضلاعُهُ فلا يزالُ فيها معذَّبًا حتَّى يبعثَهُ اللَّهُ من مَضجعِهِ ذلِكَ)). سنن الرمذي برقم (١٠٧١). واتە: هەر کاتێ مردوو یان یەکێکتان خرایە ناو گۆڕەوە و نێژرا دوو فریشتە ڕەشی دەم و چاو شین دێنە لای یەکێکیان پێی دەووترێت (مونکەر) - واتە کەس ناناسێت ، ئەوەی تریشیان پێی دەووترێت (نەکیر) واتە کەس نایناسێت ، هەر لە بەر ئەمە مرۆڤ یەکەمجار بیبینێت نە ئەوان کەس دەناسن تاکو ڕەحمی پێ بکەن وە نەکەسیش دەیانناسێت — بە کەسە مردووەکە دەڵێن : تۆ لە ژیانی دونیادا دەربارەی ئەو پیاوە — واتە پێغەمبەری خوا ﷺ - چیت دەووت ..؟! ئەویش دەڵێت : بەندە و پێغەمبەری خوایە ، (أشهد أن لا إله إلا الله ، وإن محمدا عبده ورسوله) ، دەفەرموون : ئێمە زانیومانە کە تۆ ئەمە دەڵێی ، لە پاشدا گۆڕەکەی یان قبرەکەی حەفتا گەز بە حەفتا گەز بۆ فراوان دەکرێت ، ئینجا بۆی ڕووناك دەکرێتەوە ، لە پاشدا پێی دەووترێت : بخەوە ، ئەویش دەڵێ : با بگەڕێمەوە هەواڵ بدەم بە کەس و کارەکەم ، دەفەرموون : بخەوە وەك خەوتنی ئەو زاوایەی کە لە پەردەدایە جگە لە خۆشەویسترین کەسی کەسێکی تر خەبەری ناکاتەوە ، ئیتر بەردەوام لە سەر ئەو حاڵەتیە هەتا (خوای گەورە) لەو جێگایەدا کە تێیدا ڕاکشاوە زیندووی دەکاتەوە — واتە: هەتاکو ڕۆژی دوایی ئینجا (خوای گەورە) زیندووی دەکاتەوە - ، بەڵام ئەگەر کەسە مردووەکە دووڕوو مونافق بوو ئەوا دەڵێ : نازانم گوێم لێ بوو خەڵك شتێکیان دەووت منیش وەك ئەوەم دەووت ، دوو فریشتەکە دەفەرموون : ئێمە زانیومانە کە تۆ ئەمە دەڵێی ، بە زەوی دەفەرموون : خۆتی لێ بهێنەوە یەك ، زەوی خۆی لێ دەهێنێتەوە یەك پەراسووەکان بەناو یەکدا دێن ، ئیتر بەردەوام لە سەر ئەو حاڵەتیە هەتاکو (خوای گەورە) لە ڕۆژی دوایی دا زیندووی دەکاتەوە لەو جێگایەدا ..؟!

هەروەها لە ڕیوایەتێکی تر دا هاتووە لە (محمد) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەلێت : خەڵکی یان شانازیان کرد یان باسیان کرد : ئایا پیاوان لە بەهەشت زۆر ترن یان ژنان..؟!

(ابو هريره) دەگێڕێتەوە دەلێت : (باوکی قاسم) ﷺ فەرمووی : ((إنَّ أوَّلَ زُمرةٍ تَدخُلُ الجَنَّةَ على صورةِ القَمَرِ لَيلةَ البَدرِ، والَّتي تَليها على أضوأِ كَوكَبٍ دُرِّيٍّ في السَّماءِ، لكُلِّ امرِئٍ منهم زَوجَتانِ اثنَتانِ، يُرى مُخُّ سُوقِهما مِن وراءِ اللَّحمِ، وما في الجَنَّةِ أعزَبُ؟)). صحيح المسلم برقم (٢٨٣٤). واتە : یەکەمین دەستە کە دەچنە بەهەشتەوە لە سەر شێوەی مانگی چواردەن ، دەستەی دوای ئەوانیش لە سەر شێوەی درخشانترین ئەستێرەی دەرەوشاوەن لە ئاسماندا ، هەر پیاوێك لە وان دوو ژنی هەیە ، ئێسکی یان موخی لاقیان لەو دیوەی گۆشتەکەیەوە دیارە ، لە بەهەشت هیچ کەسێك ڕەبەن نیە ..؟!

، لە (ابو هريره) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إنَّ المؤمنَ في قبرِه لفي روضةٍ خَضراءَ، فيُرحَّبُ لهُ (في) قبرِه سبعينَ ذراعًا، ويُنوَّرُ لهُ كالقمرِ ليلةَ البدرِ)) . شيخ الالباني في صحيح الترغيب برقم (٣٥٥٢). واتە: گۆڕەکەی ئیماندار پڕ لە سەوزایی درەختی دڵڕفێنە دەکرێت ، بە خێر هاتنی دەکرێت و گۆڕەکەی حەفتا گەز فراوان دەکرێت ، وە گۆڕەکەی پڕ لە نور و ڕۆشنایی دەکرێت وەك مانگ لە شەوی چواردە دایە ...

((: فيأتيه رجلٌ حسنُ الوجهِ حسنُ الثيابِ طيبُ الريحِ فيقولُ: أبشر بالذي يسرُّك هذا يومُك الذي كنتَ توعدُ)) واتە : پیاوێکی ڕوخسار جوان و پۆشاك جوان و بۆن خۆشی نیشان دەدرێت و دێت بۆلای و پێی دەلێت : مژدە بێت ئەوا ئەو ڕۆژەیە کە پەیمانت پێدرا بوو ..؟ ((فيقولُ له : من أنت ؟ فوجهُك الوجهُ الذي يجيءُ بالخيرِ، فيقول : أنا عملُك الصالحُ، فيقول : ربِّ أقمِ الساعةَ حتى أرجعَ إلى أهلي ومالي)) . واتە: ئەویش پێ دەلێت : تۆ کێ ..؟! شێوەو ڕوخسارت لە خێر دەچی ، ئەویش دەلێت : من کردەوە چاکە کانی تۆم ، پاشان دەلێت : ئەی پەروەردگار ڕۆژی دوای بەر پا بکا بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای کەس و کارو خانەوادەکەم ...

بەلێ پێغەمبەری خوا ﷺ روونی کردۆتەوە کە لە گۆڕدا بەیانی و ئێوارە هەیە وە هەموو بەیانی و ئێوارەیەکیش موسڵمان شوێنەکەی خۆی ڕۆژی دوو جار نیشان دەدرێت ، هەروەها کافریش بە هەمان شێوە نیشانی دەدرێت تاکو ڕۆژی قیامەت ، وەکو لە فەرموودەیە دا هاتووە کە (عبدالله کوری عمر) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((إنَّ أحَدَكُم إذا ماتَ عُرِضَ عليه مَقعَدُه بالغَداةِ والعَشيِّ، إن كان مِن أهلِ الجَنَّةِ فمِن أهلِ الجَنَّةِ، وإن كان مِن أهلِ النَّارِ فمِن أهلِ النَّارِ، فيُقالُ: هذا مَقعَدُك حتَّى يَبعَثَك اللهُ يَومَ القيامةِ)) . صحيح البخاري برقم (١٣٧٩). واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە بمرێت ئەوا جێگەی خۆی نیشان دەدرێت بەیانیان و ئێواران ئەگەر لە ئەهلی بەهەشت بێت جێی خۆی دەبینێت و پێ دەوترێت ئەوە جێگەکەتە ، وە ئەگەر دۆزەخی بێت بەهەمان شێوە پێ ی دە ووترێت ئەوە جێگە کەتە هەتا ئەو کاتەی (خوای گەورە و تبارك و تعالی) زیندووت دەکاتەوە وە دەتنێرێتەوە ناوی ..!؟

((... فيُقالُ له انظُرْ إلى ما وَقاك اللهُ، ثُمَّ يُفرَجُ له قِبَلَ الجَنَّةِ، فيَنظُرُ إلى زَهْرتِها وما فيها فيُقالُ له: هذا مَقعَدُك، ويُقالُ له: على اليَقينِ كُنْتَ، وعليه مِتَّ، وعليه تُبعَثُ إن شاءَ اللهُ ...)) . ابن ماجه برقم (٤٢٦٨). واتە : بۆیە پێی دەووترێت : تەماشای ئەو شتە و شوێنە بکە کە خوا تۆی لێ پاراست ، پاشان دەرچەیەکی تر بەرەوڕووی بەهەشت بۆ دەکەنەوە و تەماشای ڕازاوەیی و گەشاوەیی ئەو شتانە دەکات کە لە ناو بەهەشتدا هەیە ، ئینجا پێی دەڵێن : ئەوە شوێن و مەنزڵی تۆیە ، وە پێی دەڵێن : تۆ لە سەر دڵنیای بوویت و هەر لە سەر ئەو دڵنیاییەشت مردی و لە سەر ئەو دڵنیاییەش زیندوو دەکرێتەوە ئەگەر خوا پێی خۆش بێت...

((ربِّ أقمِ الساعةَ حتى أرجِعَ إلى أهلي ومالي)) . سنن ابو داود برقم (٤٧٥٣) ، ابن ماجه برقم (١٥٤٩) ، سنن النسائی برقم (٢٠٠١). واتە : ئەی پەروەردگار ڕۆژی دوای بەر پا بکا بۆ ئەوەی بگەرێمەوە بۆ لای کەس و کارو خانەوادەکەم ... لە ریوایەتێکی تر هاتووە ، ((دعوني حتى أذهب فأبشر أهلي)) . سنن ابوداود برقم (٤٧٥١)واتە : لێم گەرێن تا بگەرێمەوە لای کەس و خێزانم تا مژدیان بدەمێ ، بەڵام پێ دەوتریچت بێ دەنگ و هێواش و ئارام بە ... لە ریوایەتێکی تر هاتووە ، پاشان پێ دەوترێت بە ئارام بەو بەخەوە ، ئینجا دەخەوێت وەکو خەوی یەکەم شەوی زاوایەك کە یەکەم جار بخەوێت لە ماڵی خۆیدا چەندە خەوێکی خۆش و بە ئارامە و حەوانەوەیە (واتە : چاکترین هەڵساندن هەڵی دەسێنێت لە خەو) ، تا ئەو کاتەی (خوای گەورە) زیندووی دەکاتەوە لە جێگەیەوە ... کەواتە هەر کەسێك لە کوێدا بنێژرێت هەر لەوێدا زیندوو دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ..!؟

لە (ابو هریرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((... ويُعادُ الجسدُ لما بدأ منه فتُجعَلُ نسَمتُه في النَّسَمِ الطَّيِّبِ وهي طيرٌ تعلَّق في شجرِ الجنَّةِ فذلك...)) . صحيح ابن حبان برقم (٣١١٣).

واتە: لاشەکەی دەگەرێنرێتەوە بۆ ئەوەی یەکەمین جار لێی دروست کراوە کە خۆڵە ، وە ڕۆحەکەی دەکرێتە ناو ڕۆحی پاك ئەویش باڵندەیەك کە چلاو چڵ دەکات لە درەختەکانی بەهەشت ...

گوڕەوشار یان گۆڕ کوشین

به لێ هەموو کەسێك لە قبرەکەیدا یان گۆڕەکەیدا ، تووشی ئازاری گۆڕەکەی دەبێتەوە ، ئەویش پێ دەووترێت : گۆڕەوشار یان گۆڕ کوشین یان تەنگ بوونەوەی گۆڕ ، جا هەموو کەسێك تووشی دەبێت جا ئەگەر پلەی تقواداریيش یەکجار بەرز بێت ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەند فەرموودەیەك باسی ئەو حاڵەتەمان بۆ دەکات کە تووشمان دەبێت.

له (عائیشه دایکی ئیمانداران) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((للقبرِ ضَغْطةٌ لو نجا منها أحدٌ لنجا منها سعدُ بنُ معاذٍ)) . صحيح ابن حبان برقم (٣١١٢).

واته: گۆڕ کوشینێکی هەیە گەر هەبوایە لەو کوشینە ڕزگاری بیوایە ئەوا (سعدی کوری معاذ) ، دەبوو کە ڕزگاری ببێت لە گۆڕەوشار یان گۆڕ کوشینەکەی ...

له (ئەبو ئەیووب ئەنصاری) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

((أنَّ صَبِيًّا دُفِنَ فقالَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ لَوْ أَفْلَتَ أَحَدٌ مِنْ ضَمَّةِ القبرِ لَأَفْلَتَ هَذَا الصبيُّ)) . للسيوطي في شرح الصدور ص (١٥٨).

واته: پێغەمبەری خوا منداڵێکی خستە ناو گۆڕەکەیەوە ، فەرمووی : گەر کەسێك هەبوایە ڕزگاری ببێت لە گوڕەوشار ئەوا ئەو منداڵە ڕزگاری دەبوو ...

بێ گومان دیارە ئازاری گۆڕەوشار یان گۆڕ کوشین بە گوێرەی پلە ئەو موسڵمانەیە گەر بەندەیەکی چاك بێت ئازارەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە بەڵام گەر تاوانبار بێت ئەوا ئازارەکەی لە سەر زیاد تر دەبێت و قورس دەبێ ..!! پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەوەی (سعدی) خستە گۆڕەکەیەوە ، لەم فەرموودەی (عبداللە کوری عمر) بۆمان باس دەکات ...

له (عبداللە کوری عمر) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((هذا الَّذي تحرَّك له العرشُ، وفُتحَت له أبوابُ السَّماءِ، وشهِده سبعونَ ألفًا من الملائكةِ، لقد ضُمَّ ضمَّه، ثمَّ فُرِّجَ عنهُ)) . صحيح النسائي برقم (٢٠٥٤).

واته: ئا ئەمە ئەو کەسەیە کە (خوای گەورە)عەرشی بۆ هێنایە لەرزە وە واتە : بۆ (سعدی کوری معاذ) وە دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایە سەرپشت ، وە حەفتا هەزار فریشتە لەگەڵ جنازەکەیدا ئامادە بوو : (لقد ضُمَّ ضمَّه، ثمَّ فُرِّجَ عنهُ) واتە : گۆڕەوشار دراو پاش تۆزێك یەکسەر ڕزگاری بوو ...

تێبینی : ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر کەم بووە ئەوەی (سعد) ، دیارە زانایان دەڵێن : وەکو چۆن دایکێکی خۆشەویست جگەر گۆشەکەی ئەگرێتە باوەش و دەکوشێت بۆیە موسڵمانێ تەقوادار و لە خۆ ترس کوشینەکەی ئاوا دەبێت و ئادەمیزادی یان مرۆڤی کافریش دیارە بە پێچەوانەوەیە گوڕ کوشینەکەی زۆر زۆر دەخایەنێت ...

(الحكيم الترمذي) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (هۆی گۆڕەوشار ئەوەیە کە هەموو کەسێك تاوانێك یان گوناهێکی کردووە یان ئارەزووی تاوانێکی یان گوناهێکی کردووە ، بۆیە گۆڕەوشار سزایە بۆ ئەوانە و پاشان بەزەیی (خوای گەورە) فریای دەکەوێت) .

(محمد التميمی) – رەحمەتی خوای لێ بێت – (کوشینی گۆڕ بە هۆی ئەوە وەیە کە زەوی ئادەمیزادی لێ دروست کراوە وەکو دایکی وایە ، ماوەیەکی زۆر لێی دوور کەوتۆتەوە، کاتێك دەبرێتەوە بۆ لای وەکو دایکێك کە جگەر گۆشەکەی ماوەیەکی زۆر لێی دوور کەوتۆتەوە باوەشی پێدا دەکات و لە ئامێزی دەگرێت ، ئەوانەیان کە چاکە کار بوون بە بەزەییەوە و لە سەر خۆ لە ئامێزیان دەگرێت یان لە باوەشیان دەگرێت ، وە ئەوانەشیان کە گوناهکارو سەرپێچی کار بوون لەبەر توڕەبوونی (خوای گەورە) لێیان بە توندی و سەختی و قورسی لە ئامێزیان دەگرێت ...

(عبداللە کوری الشخير) – خوا لێ رازی بێت – بۆمان دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((مَنْ قرَأَ قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ فِي مَرَضِهِ الَّذِي يموتُ فيه لم يُفْتَنْ في قبرِهِ وأَمِنَ ضَغْطَةَ القبرِ وحملَتْهُ الملائكةُ يومَ القيامَةِ بأكُفِّهَا حتى تُجِيزَهُ الصراطَ إلى الجنةِ)) . الهيثمي في مجمع الزوائد (١٤٨/٧) ، اخرجه الطبراني في (المعجم الأوسط) برقم (٥٧٨٥)، أبو نعيم في (حلية الأولياء) (٢١٣/٢).

واته: هەر کەسێك سورەتی إخلاص یان (قل هو الله أحد) لە کاتی نەخۆشی دا بخوێنێتەوە ، ئەو کاتێ مرد لە فیتنەی گۆڕە یان قبر ڕزگاری دەبێ ، وەیان سەلامەت دەبێت لە گۆڕەوشارەی ناو گۆڕەکەی ، فریشتەکانیش لە ڕۆژی قیامەتدا هەڵیدەگرن لە سەر پردی سیرات دەپەڕێنەوە بۆ بەهەشت ...

مردن و لێ پرسینەوە

شوێن و مەنزڵی ڕۆحەکان

بەڵێ دەگەڕێینەوە دیسان بۆ فەرموودەکەی (براء کوری عازب) کە باسمان کرد چۆن ڕۆحی ئیماندار دەچێتە ئاسمانەوە ، چۆن پێشوازی لێ دەکرێت لە لایەن فریشتەکانەوە ...

لە (ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إذا حضر المؤمنُ، أتتْه ملائكةُ الرحمةِ بحريرةٍ بيضاءَ، فيقولون : اخرُجي راضيةً مرضيًا عنك، إلى رَوْحٍ وريحانٍ وربٍّ غيرِ غضبانٍ، فيخرج كأطيبِ ريحِ المسكِ؛ حتى إنه ليناولَه بعضُهم بعضًا؛ حتى يأتوا به بابَ السماءِ، فيقولون : ما أطيبَ هذا الريحِ التي جاءتْكم من الأرضِ ! فيأتون به أرواحَ المؤمنين، فلهم أشدُّ فرحًا به من أحدِكم بغائبِه يقدُم عليه، فيسألونه : ماذا فعل فلانٌ ؟ ماذا فعل فلانٌ ؟ فيقولون : دَعوه فإنه كان في غَمِّ الدنيا، فإذا قال : أما أتاكم ؟ قالوا : ذُهِبَ به إلى أُمِّه الهاويةِ، وإنَّ الكافرَ إذا حضر أتتْه ملائكةُ العذابِ بمسحٍ ، فيقولون اخرُجي ساخطةً مسخوطًا عليكِ، إلى عذابِ اللهِ، فيخرج كأنتَنِ ريحِ جيفةٍ حتى يأتوا بها بابَ الأرضِ، فيقولون ما أنتنَ هذه الريحِ ؟ حتى يأتوا بها أرواحَ الكفارِ)) . اخرجه النسائي برقم (١٨٣٣). واتە: کاتێ ئیماندار ئامادەی سەرە مەرگ دەبێ فریشتەی ڕەحمەت بە حریری سپیەوە یان ئاوریشمی سپیەوە دێن بۆ لای پێی دەڵێن : دەر بچۆ بە خۆشی و ڕازی بوون لێت بۆ لای ڕەحمەتی خوا ، وە دەربچۆ وەك خۆشترین بۆن ن بۆلای پەروەردگارێك كە تووڕە نیە لێت ، ئەویش دەردەچێ وەك خۆشترین بۆنی میسك ، تا فریشتەكان هەندێکیان لە هەندێکی دیکەیان وەریدەگرن ، ئینجا دەیبەن بۆ دەرگای ئاسمان دەڵێن : ئەم بۆنە خۆشە چیە لە زەویەوە بەرزبۆتەوە بۆ لاتان ، ئینجا دەیبەن بۆ لای ڕۆحی ئیمانداران ، ئەوان ئەوەندەیان پێ خۆش زیاتر لەوەی کەسێك لە ئێوە خۆشەویستێکی نادیاری دەبینێتەوە ، پاش ماوەیەکی زۆر لە دابڕان ، ئینجا پرسیاری لێ دەکەن : فلانە کەس چی کرد ..؟! ئەی فلانە کەس چی کرد ..؟!ئینجا دەڵێن : وازی لێ بێنن بە ڕاستی ئەو لە خەم و پەژارەی دونیادایە ، دەڵێ :ئایا نەهاتەوە بۆ لاتان ..؟! ئەوانیش دەڵێن : بردرا بۆ لای دایکی کە (هاویە یە) واتە : دۆزەخ ، وە بێگومان کافرو بێ بڕوا ئەگەر لە سەرەمەرگدا بوو فریشتە ی سزا دێن بۆ لای بە پۆشاکی ناسراو پێی دەڵێن : دەربچۆ بە تووڕەیی و تووڕە بوون لێت بۆ لای سزای خوا ، هەر وەکو بۆ نێکی زۆر پیس و بۆگەن دەردەچێت ڕۆحەکەی ، تا دیبەن بۆ دەرگای سەر زەوی ، دەڵێن : ئەم بۆنە ناخۆشە چیە تا دیبەن بۆ لای ڕۆحی کافران یان بێ باوەڕان ...

لە (ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إنَّ المؤمنَ يُصْعَدُ بروحِه إلى السماءِ فتأتيه أرواحُ المؤمنِين فيستخْبِرونه عن معارفِهم من أهلِ الأرضِ...)) . الطبراني في (تهذيب الاثار) (٥٠٢/٢).

واتە: مرۆڤی ئیماندار ڕۆحەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان و ڕۆحی خاوەن ئیمان و باوەڕانی چواردەوری لێ کۆدەبنەوە هەواڵی کەس و کارو ناسیاوانی خۆیانی لێ دەپرسن لە سەر خەڵکی زەوی ...

لە (عبداللە کوری عمر)- خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((أرواح المؤمنين في جوف طير كالزرازير يتعارفون ويرزقون من ثمر الجنة)) .ابن أبي شيبة في (المصنف) (١٠٣/٣).

واتە: ڕۆحی ئیمانداران لە ناو چەند باڵندەیەکدایە کە لە چۆلەکە زۆر بچووکترە خۆیان بە یەکتری دەناسێنن وە ڕزق ڕۆزیان دەدرێتی لە ڕزق و ڕۆزی بەهەشت ...

لە (عبداللە کوری عمر)- خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((أرواحُ الشُّهداءِ في طيرٍ كالزَّرازيرِ يتعارفون، ويُرزقون من ثمرِ الجنَّةِ)). شيخ اللالباني في (الآيات البينات) ص (٧٩).

ڕۆحی شەهیدان لە ناو چەند باڵندەیەکدایە کە لە چۆلەکە زۆر بچووکترە خۆیان بە یەکتری دەناسێنن وە ڕزق ڕۆزیان دەدرێتی لە ڕزق و ڕۆزی بەهەشت ...

بەڵێ لەم فەرموودەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە یان بۆ مان دەردەکەوێت کە ڕۆحی موسڵمانی ئیمانداری ڕاستەقینە هەندێکیان لە ناو ئەو باڵندە بچووکانەدان وە هەندێکیان دەچنە ناو باڵندەیەکی ڕەنگ سەوزەوە وە هەندێکی تریان خۆیان وەك باڵندەی سەوز وان ، بەڵام هەندێ لەو ڕۆحە ڕۆحە پاکە بەرێزانە کە ڕۆحی شەهیدانن لە پێش دەرگای بەهەشت لە قوبەیەکی سەوزدان ... لە ڕیوایەتێکی تریش هاتووە هەر لە (عبداللە کوری عمر) ...

مردن و لێ پرسینەوە

له (عبدالله كوری عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((الشُّهَدَاءُ على بارِقِ نَهَرٍ بِبابِ الجنةِ في قُبَّةٍ خَضْرَاءَ، يخرجُ عليهم رِزْقُهُمْ مِنَ الجنةِ بُكْرَةً وعَشِيًّا)) . شيخ الالباني في(صحيح الترغيب)برقم (١٣٧٨).

واتە : شەهیدەكان لە كەناری ڕووبارێكن لە بەردەمی دەرگای بە هەشتەوە لە قوبەیەكی سەوزدا ، ڕزق ڕۆزیان بۆ دێت لە بەهەشتەوە بەیانی و ئێوارە ...

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إن أرواحَ المؤمنين في شكلِ طيورٍ تعلقُ بشجرِ الجنَّةِ وأرواحَ الشهداءِ في أجوافِ طيرٍ خضرٍ تسرحُ في الجنَّةِ حيث شاءت)) .فتح البارى ابن حجر (٢٨٧/٣). واتە : ڕۆحی ئیمانداران لە ناو چەند باڵندەیەكی سەوزدان لە درەخت و میوەكانی بە هەشت دەخۆن تا (خوای گەورە) دەیانگێرێتەوە ناو جەستەكانیان لە ڕۆژی قیامەت...ڕۆحەكانی شەهیدان لە ناو باڵندەی سەوزدان بۆ هەر جێگەیەك بیەوێت لە بەهەشتدا و دەروات وە هاتووچۆ دەكات بەسەر درەخت و كەناری ڕووبارەكانی بە هەشت لە بەرو بوومەكەی دەخوات كە ئێوارەیان بەسەردا دێت ئەو باڵندانە دەگەرێنەوە و بۆ هێلانەكانیان لە ژێر چلە ئالتوونیەكانی سێبەری عەرشی خوادا ...پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ : كاتێك هەستیان كرد چەندە خواردن و خواردنەوەكەیان خۆشە و شوێنی حەوانەوەكەیان لە چلە ئالتوونی یەكان ژێر سێبەری عەرشە ...

كەواتە : بەو شێویە ڕۆحەكان نیعمەتی خواردن و خواردنەوەیان هەیە كە (خوای گەورە) ڕزق ڕۆزی پێ بەخشیون ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی : دەبێ كێ بێت هەواڵ بەگەیەنێتە براكانمان كە ئێمە زیندووین لە بە هەشتدا ڕزق ڕۆزیمان پێدەدرێت بۆ ئەوەی دوور نەكەونەوە لە جیهاد و تێكۆشان واز لە جیهاد تێ كۆشان دژ بە كافران نەهێنن لە كاتی جەنگدا ، پاشان (خوای گەورە) ئەو ئایەتەی دابەزاند ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوٓاْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾﴾ [آل عِمۡرَان : ١٦٩] واتە : [وَلا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا] جابری كوڕی عبدالله (خوایان لێ رازی بێت) دەفەرمێت: پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - پێی فەرمووم ئەی جابر بۆ ئەبینم خەفەتباری؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - باوكم شەهید بووەو كۆمەڵێك منداڵی بەجێهێشتووەو قەرزاریشە، فەرمووی: ئایا هەواڵت پێ بدەم كە خوای گەورە لەگەڵ هیچ كەسێكدا قسەی نەكردووە ئیلا لە پشت پەردەوە نەبێت بەڵام بەبێ پەردە ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ باوكتدا كردو فەرمووی: داوا بكە پێت ببەخشم وتی ئەی پەروەردگار بمگەڕێنەوە بۆ دونیا تا دووبارە لە پێناو تۆدا بكوژرێمەوە، خوای گەورە فەرمووی بڕیارم داوە كە گەڕانەوە بۆ دونیا نیە، وتی ئەی پەروەردگار تا هەواڵ بدەمە ئەوانەی دونیا، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، لەسەر ئەو حەفتا صەحابەیە دابەزی كە لە (بیئر مەعونە) كوژران، ئەوانەی لە جەنگی ئوحود وە لە هەر شوێنێك لە پێناو خوای گەورەدا ئەكوژرێن وانەزانن ئەوانە مردوون [بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ (١٦٩)] بەڵكو ئەوانە زیندوون لە حەیاتی بەرزەخدا لای پەروەردگار ڕزق و ڕۆزیان پێ ئەدرێ بە بەردەوامی...

مردن و لێ پرسینەوە

ڕۆح کێشانی بێ باوەڕ

بەڵێ ئێستا دەگەڕێنەوە سەر فەرموودەکەی (براء ی کوری عازب) لە سەر باسی ڕۆح کێشانی کافر یان بێ باوەڕو فاجر و دوو ڕوو ، چەند ڕیوایەتێك هاتووە ، باسی دەکەین ...

لە (براء کوری عازب) دە گێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی :

((... وإنَّ العبدَ الكافرَ إذا كان في انقطاعٍ من الدُّنيا وإقبالٍ من الآخرةِ نزل إليه ملائكةٌ سُودُ الوجوهِ معهم المُسوحُ فيجلِسون منه مدَّ البصرِ، ثمَّ يجيءُ ملكُ الموتِ؛ حتَّى يجلسَ عند رأسِه فيقولُ : أيَّتُها النَّفسُ الخبيثةُ اخرُجي إلى سَخطٍ من اللهِ وغضَبٍ فتُفرَّقُ في جسدِه فينتزِعُها كما يُنتزَعُ السَّفُّودُ من الصُّوفِ المبلولِ فيأخذُها، فإذا أخذها لم يدَعوها في يدِه طرْفةَ عينٍ حتَّى يجعلوها في تلك المُسوحِ، وتخرُجُ منها كأنتنِ جِيفةٍ وُجِدت على وجهِ الأرضِ، فيصعدون بها فلا يمُرُّون بها على ملأٍ من الملائكةِ إلَّا قالوا : ما هذه الرِّيحُ الخبيثةُ ؟ فيقولون : فلانُ بنُ فلانٍ بأقبحِ أسمائِه الَّتي كان يُسمَّى بها في الدُّنيا؛ حتَّى يُنتهَى بها إلى السَّماءِ الدُّنيا، فيُستفتَحُ له فلا يُفتَحُ له. ثمَّ قرأ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم : لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ ، فيقولُ اللهُ عزَّ وجلَّ : اكتُبوا كتابَه في سِجِّين في الأرضِ السُّفلَى، ثمَّ تُطرَحُ روحُه طرحًا، ثمَّ قرأ : وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ، فتُعادُ روحُه في جسدِه، ويأتيه ملَكان فيُجلِسانه فيقولان له : من ربُّك ؟ فيقولُ : هاه هاه لا أدري. قال : فيقولان له : ما دِينُك ؟ فيقولُ : هاه هاه لا أدري. قال : فيقولان له : ما هذا الرَّجلُ الَّذي بُعِث فيكم ؟ فيقولُ : هاه هاه لا أدري، فيُنادي منادٍ من السَّماءِ : أن كذب فأفرِشوه من النَّارِ، وافتَحوا له بابًا إلى النَّارِ، فيأتيه من حرِّها وسَمومِها، ويُضيَّقُ عليه قبرُه حتَّى تختلِفَ فيه أضلاعُه، ويأتيه رجلٌ قبيحُ الوجهِ، قبيحُ الثِّيابِ مُنتِنُ الرِّيحِ فيقولُ : أبشِرْ بالَّذي يسوءُك، هذا يومُك الَّذي كنتَ تُوعدُ فيقولُ : من أنت فوجهُك الوجهُ القبيحُ يجيءُ بالشَّرِّ ! فيقولُ : أنا عملُك الخبيثُ ، فيقولُ : ربِّ لا تُقِمِ السَّاعةَ)). سنن النسائي برقم (٢٠٠١) ، سنن ابوداود برقم (٤٧٥٣) ، ابن ماجه برقم (١٥٤٩). **واتە: کاتێك کافر یان خراپەکارو یاخی و فاجر و دوو ڕوو نزیکی مردن دەبێتەوە ، فریشتەکانی سزا لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە بۆ لای مردووە کە یان جنازەکە ، کە زۆر توندو تیژو بە هێزن یان ڕووخساری ڕەشن کفنێکیان پێ یە لە ئاگرەکە زبر ترە لە هەموو زبرێك بۆگەنترە لە هەموو بۆ گەنێك بۆگەنترە ، پاشان دادەنیشێنن یان لای سە ری دادەنیشن هەتا چاوی پڕ دەکات وە پێی دەڵێن : ئە ی نەفسی پیس لێ توورە بوو لە (خوای گەورە) وەرە دەرەوە بۆ لای سزاو توورەی (خوای گەورە) ، وە یان پێی دەڵێن : ئەی ڕۆحی پیس کە لە جەستەیەکی پیس دا بوویت وەرە دەرەوە بێزراویت وە مژدەت لێ بێ بە سزای ئاوی کوڵ هاتوو و پیسی دۆزەخ ، ئینجا ڕۆحەکەی لە جەستەکەی جیادەکەنەوە وەکو چۆن شیشێکی گۆشت برژاندنی قولاپدار بکرێت بە ناو سووفێك یان خوریەکی تڕی - ئاڵۆزاو هەموو سوفێکە یان خوریەکە لە گەڵ خۆیدا بە یەکجاری دەهێنێتە دەرەوە کە دەردێت هەمووشی ئاڵۆزاوێکی بە سەر یەکدا — بە هەمان شێوە ئەو ڕۆح دەرچوونە ئەو دەمارو دەزولانەی ناو لە شی ئەو مردووە کافرەی پێ پارچە پارچە ، لە کاتی دەرکێشانی ئەو ڕۆحە پیسە بۆن ناخۆشەدا ، ناخۆشترین بۆن لەو شوێنەدا لە سەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە بە هۆی ئەو ڕۆحەوە پاشان بەو ڕۆحە پیسەوە کە تێدەپەڕن بەلای هەر کۆمەڵێك فریشتە لە فریشتەکانی خوا ئەوان دەڵێن : ئەم ڕۆحە پیسە کێ یە ..؟! پێ یان دەڵێن : ئەمە فلانی کوری فلانە بە نتشرین ترین ناو کەلە دونیادا ناوی براوە پێ ی ناسراوە هەت دەگەیەنیرێتە ئاسمانی دونیا ، داوای کردنەوەی دەرگای ئاسمان دەکەن بۆ ئەو ڕۆحە کە بچێتە سەرەوە ، دەرگاوانی ئاسمان پێی دەڵێ : ئەم کێ یە ..؟! دەڵێن : فلانی کوری فلانە ئەویش دەڵێ : ئەی ڕۆحی پیس کە لە لاشەی پیس دا بوویت بێزراوی پێشوازیت لێ نەبێت بڕۆ هەر گیز ئاسمانت بۆ نا کرێتەوە ...!! ، ئێنجا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە ،** ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِ﴾ [الأعراف : ٤٠]

واتە: [لا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ] ئا ئەمانە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە کاتێك کە ڕوحیان ئەکێشرێ بۆ ئەوەی ڕوحیان بەرز بکرێتەوە، یاخود دوعایان بەرز نابێتەوە، یان کردەوەیان بەرز نابێتەوە [وَلا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ] وە ناچنە ناو بەهەشتەوە تا حوشتر نەچێتە ناو کونی دەرزییەوە، یان حەبلی ئەستور نەچێتە کونی دەرزییەوە، کە ئەمە شتێکی ئەستەمە... پاشان (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ناوی بەندەکەم بنووسن لە (سجین) دا لە ژێر حەوتەم زەوی هەرە خوارەوە ... پاشان پێی دەووترێت : ئەو بەندەیەم بگێرنەوە بۆ زەوی چونکە من بەڵێنم داوە کە لە زەوی دروستم کردون و دەیانگێرمەوە بۆ ناو زەوی و هەر لە ناو زەویەوە دیسان زیندوویان دەکەمەوە ، وە ڕۆحەکەی فرێ دەدرێت چۆن فڕێ دانێك هەتا دەگەڕێتەوە و دەکەوێتە ناو جەستەکەی یان لاشەکەی خۆی ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيۡرَ مُشۡرِكِينَ بِهِۦۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ٣١﴾ [الحج : ٣١] **واتە: [حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ] وە لە شیرك لادەن بۆ تەوحیدو شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن [وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ] وە هەر کەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات وەك ئەوە وایە لە ئاسمانەوە بەر بێتەوە سەر زەوی و پارچە پارچە بێت و هەر باڵندەیەك پارچەیەکی بەرێت [أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ (٣١)] یاخود با فڕێی بداتە شوێنێکی دوورو قووڵ و نزمەوە، ئەمە نموونەیە بۆ کەسێك کە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدات کە شەیتانەکان زاڵ دەبن بەسەریداو پارچە پارچەی دەکەن، وە شوێنە دوورە قووڵەکەش ئاگری دۆزەخە کە هەر کەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدا ئەیخاتە ناو قووڵایی ئاگری دۆزەخەوە...**

مردن و لێ پرسینەوە

پاشان ڕۆحەکەی دەگەڕێتەوە ناو جەستەکەی یان لاشەکەی ، ئینجا دوو فریشتە دێنەلای دادەنیشێن ، وە پرسیاری لێ دەکەن یان پێی دەڵێن : خوای تۆ کێ یە .؟! ئەویش دەڵێ : ها ها نازانم ..!! وە پێی دەڵێن : ئاین و بەرنامەت چی بوو لە ژیانی دونیادا ..؟! ئەویش دەڵێ : ها ها نازانم ..!! پێی دەڵێن : ئەو پیاوەی لە ناوتان دا بوو چی بوو یان ئەو نێردراوە چی بوو وە چی دەڵێی لە بارەیەوە ..؟! ئەویش دەڵێت : ها ها نازانم ..!! ئینجا بانگ کارێك لە ئاسمانەوە بانگ دەکات ئەوە درۆ دەکات ، گۆڕەکەی پڕ بکەن لە ئاگر وە پۆشاکی دۆزەخی ئاگری بە بەردا بکەن ، پاشان دەرگایی دۆزەخی بۆ دەکرێتەوە ، دەبینی چۆن گرو پڵپەی ئاگر بە ناو یەکدا دەچێ ، ئینجا گۆڕەکەی لێ تەسك و تروسك دەکرێتەوە ، هەتا هەموو پراسووەکانی لە پشتەوە تێك دەشکێنێت ، پاشان پیاوێکی ڕوخسار ناشرین و پۆشاك نا شرین و بۆن ناخۆش و بۆگەن دێت بۆ لای و وە پێی دەڵێت : مژدەبێت بەوەی پێت ناخۆشە ئا ئەمە ئەو ڕۆژیە کە هەڕەشەت لێ دەکرا و ئاگادار دەکرایتەوە لێی – مژدە بێت بە ڕیسوایت لای خوا و سزایەکی هەتا هەتایی ، ئەویش دەڵێت : تۆش خوا مژدەی شەڕت پێ بدات تۆ کێت ڕوخسارت لە ڕوخساری تاڵ و پیاوی شەڕاگێزی دەچێت ..؟! لە وەڵامدا بەو کافر و دوو ڕووە دەڵێت : من کارە خراپ و چەپەڵ و ستەمەکانی تۆم سوێند بە خوا ئەوەی من تۆم ناسیبێت زۆر سست بوویت لە گوێ ڕایەڵی خوداو بە پەلەو خێرا لە سەر پێچی کردنی خوا دا ، خوا سزا و پاداشتی کردەوە خراپەکانت بداتەوە ، ئەویش دەڵێت: خوایە قیامەت نەهێتە پێش یان قیامەت بەرپا نەبێت ...

ئینجا هەر فەرمووده (براء ی کوری عازب) چەند ڕیوایەتێکی جیاواز هاتووە ئەمانەیە :

لە (ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((فإذا كان الرجلُ السُّوءُ؛ قال: اخرُجي أيَّتُها النفسُ الخبيثةُ ! كانت في الجسدِ الخبيثِ ، اخرُجي ذَميمةً، وأَبْشِري بحميمٍ وغَسَّاقٍ، وآخَرَ من شكلِهِ أزواجٌ، فما تزالُ يُقالُ لها ذلك، حتى تَخْرُجَ، ثم يُعْرَجُ بها إلى السماءِ، فيُفْتَحُ لها، فيُقالُ: من هذا ؟ ! فيُقالُ : فلانٌ، فيُقالُ: لا مَرْحَبًا بالنفسِ الخبيثةِ كانت في الجسدِ الخبيثِ ، ارجِعي ذميمةً؛ فإنها لا تُفْتَحُ لكِ أبوابَ السماءِ، فتُرْسَلُ من السماءِ، ثم تَصِيرُ إلى القبرِ)) . صحيح ابن ماجه برقم (٣٤٥٦). واتە : ئەگەر پیاوێکی خراپەکارو بەد کار بێت ، ئینجا فریشتەکان پێ دەڵێن : ئەی ڕۆحی پیس کە لە جەستەیەکی پیس دا بوویت وەرە دەرەوە ، لۆمەکراوی یان بێزراویت وە مژدەت لێ بێ بە سزای ئاوی زوخاوی لە کوڵ هاتوو و پیسی دۆزەخ ، جا بەم شێوەیە جووتن ، هێشتا هەر ئاوای پێ دەوترێت : تا ڕۆحەکەی دەردەچێت ، پاشان دەبرێتە ئاسمان بۆی دەکرێتەوە ، دەڵێن : ئەمە کێ یە ..؟! دەڵێن : فلانەکەسە ، ئینجا پێ دەڵێن : ئەو نفسە پیسە لەو جستە پیسە مرحبای لێ نەبێت ، با بگەڕێتەوە ئەو لۆمەکراوە یان بێزراوە ، چونکە دەرگاکانی ئاسمانی بۆ ناکرێتەوە ، لە ئاسمانەوە دەگەڕێتەوە خوارەوە پاشان دەگەڕێتەوە ناو گۆڕەکەی ...

لە (ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((فإذا كان عَدُوَّ اللهِ، نَزَلَ به المَوتُ، وعايَنَ ما عايَنَ؛ فإنَّه يُحِبُّ ألَّا تَخرُجَ رُوحُه أبدًا، واللهُ يُبغِضُ لِقاءَه)) . الهيثمي في مجمع الزوائد (٥٥/٣). واتە: گەر دوژمنی خوا کاتی مردنی هات و ئەو فریشانەی بینی حەز دەکات هەر گیز ڕۆحی دەرنەچێت ، وە (خوای گەورە)ش پێ ی ناخۆشە ئەو بەندە یەی پێ بگات ...

لە (عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((ونفسُ الكافرِ تخرجُ من شدقِهِ كما تخرجُ نفسُ الحمارِ)) . أبو نعيم في (حلية الأولياء) (٥٩/٥). واتە: وە ڕۆحی کافر لە شەویلگەیەوە دەهێنرێتە دەرەوە وەك ڕۆح کێشانی کوێدرێژ یان کەر ...

لە (جابری کوری عبدالله) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((يُبْعَثُ كلُّ عبدٍ في القبرِ على ما مات، المؤمنُ على إيمانِهِ، والمُنافِقُ على نِفاقِهِ)) . ابن كثير في تفسير القرآن العظيم (٤١٦/٤). واتە : هەموو کەسێك لە سەر ئەو بیرو باوەڕی دونیا کە لە سەری مردووە زیندوو دەکرێتەوە لە گۆڕەکەیدا ئیماندار لەسەر ئیمانداری خۆی و دوو ڕوو لە سەر دوو ڕووی خۆی ، بێ گومان دوو ڕوو لە ژیانیدا هەر دوو ڕووە هەتا دەکەوێتە خوارەوە و (خوای گەورە) چارەنووسی دوو ڕووی بە قوڵایی هەر خوارووی دۆزەخ دەگەیێنێت ...

کاتی ڕۆح کێشان هەر گیز دوا ناخرێت..؟!

بەڵێ (ئەجەڵ) ئەو کاتەیە یان ئەو ماوەیە کە (خوای گەورە) دیاری کردووە بۆ کۆتایی هاتنی بابەتە گەردوونیەکان و بابەتە شەرعیەکان ، وە ئەو ڕێکەوتەیە کە دیاری کراوە لە ئەزەلەوە بۆ ئێمەی مرۆڤ ....

کەواتە : دەستەواژەی (ئەجەڵ) یان برواری کۆتایی تەمەن ، لە بەرکارهێنانی قورئان هەمان مانای زەمانەوانی هەیە ، کە بریتیە لە کاتێکی دیاری کراو بۆ شتێك ، یان بۆ ژیانی مرۆڤ دیاری کراوە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ۖ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾﴾ [الأعراف : ٣٤] واتە : [وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ] وە هەموو ئوممەتێك کاتی دیاریکراوی خۆیان هەیە کە تیایدا ئەجەلیان دێت [فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُونَ (٣٤)] وەکاتێك کە ئەجەلیان دێت تەنها یەك چرکەو کاتێك نە ئەجەلیان دوا ئەکەوێ نە پێش ئەکەوێ...

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ [الطلاق : ٢] واتە : [فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ] وە کاتێك کە ئافرەتان نزیك بوو عیددەکەیان تەواو بێت و سێ جار کەوتنە سووڕی مانگانەوە [فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ] یان ئەوەتا بیانگەڕێننەوە بەڵام بە چاکە بەبێ ئەوەی کە زیانی پێ بگەیەنی، یان ئەگەر ویستت هەر بەیەکجاری لێی جیاببیتەوە ئەوە بە چاکە لێی جیابەرەوە بەوەی کە مافەکانی هەمووی پێ بدەی، نەك بگاتە کۆتایی ئەوەی کە عیددەکەی تەواو بێ دیسان بیهێنیتەوە بۆ ئەوەی کە زەرەرو زیانی پێ بگەیەنی، یان دەستی لێ هەڵگریت و ئازاری بدەیت و جوێنی پێبدەیت، یان مافەکانی پێ نەدەی ئەمانە حەرامە { تەلاقدان و هێنانەوە پێویستی بە دوو شایەتە}...

کەواتە : وەکو باسمان کرد لە دەستەواژەی قورئان (ئەجەڵ) بەمانای ئەوە دێت ، کە ماوەی دیاری کراوی کاتی شتێکە یان ماوەی دیاری کراوی تەمەنی مرۆڤە ، وە دابرانی کۆتایی یە لە ژیانی دونیادا ، وە ئەو دەستەواژانەی کە پەیوەندیان بە ووشەی (ئەجەڵ) هەیە لە زمانی عەرەبی وەکو : (العمر) ، (الوقت) ، (المدة) واتە: تەمەن ، کات ، ماوە ...

بەڵێ بێ گومان ئەجەڵ یان ماوە کاتی کۆتایی مرۆڤ ، ئەوا پەیوەندیەکی زۆر بە هێزی هەیە بە تواناو قودرەتی (خوای گەورە) لە گەردوونەدا ، جا لێرەدا هەندێکیان تەنها (خوای گەورە) دەزانی و پەیوەندی بە خواوە هەیە خۆی ئەم علمەی پارستووە تاکو ڕۆژی کۆتایی هەر مرۆڤێك ، هەندێکیش بە دروست کراوەکانی ناساندوە علمی پێداوە ، هەندێکی تریشیان مرۆڤە کان لە نێوان خۆیان کاتیان داناوە ، وە هەموو ئەمانەش بە حیکمەت و زانست تواناو فەرمانی (خوای گەورە)یە ، ئەمەش دەکرێت بە چەند بەشەوە :

یەکەم : ئەجەڵ تایبەتە بە علم و زانستی (خوای گەورە) :

بەڵێ ئەجەڵ ئەوەیە کە (خوای گەورە) دایناوە ، هەروەها علم زانستەکەی تەنها هەر خوا دەزانی ، کە (خوای گەورە) لەم گەردوونە و لە ژیانی دونیا و لە قیامەت دیاری کردووە ، وە (خوای گەورە) لە دروستکراوەکانی ئەمانەی داناوە لەوانە وەکو : تەمەن و مردن و سزاو موشەقەت و هیلاکەت و زیندوو بوونەوە لە ڕۆژی قیامەت مقادیری زەوی ئاسمانەکان و کەون یان گەردوون ...

هەروەها (خوای گەورە) لە قورئانەکەی بەیانی کردووە ، کە زانست و زانیاری تایبەت بە ئەجەڵ یان تەمەنی دروستکراوەکانی وەك مردن و زیندوو بوونەوە ، هەروەك دەفەرموویێت:

﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰ أَجَلًا ۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُ ۖ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ ﴿٢﴾﴾ [الأنعام : ٢] واتە: [هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ طِينٍ] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئێوەی لە قوڕ دروست کردووە، واتە: ئەسڵەکەتان کە ئادەمە [ثُمَّ قَضَى أَجَلاً وَأَجَلٌ مُسَمًّى عِنْدَهُ] پاشان کاتێکی دیاریکراوی بۆ داناون کە مردنە، وە کاتێکی دیاریکراوی تر لەلای خۆیەتی کە کەس نایزانێ کە ڕۆژی قیامەتە، یاخود وتراوە: ئەجەلی یەکەم ماوەی دونیایەو دووەمیشیان تەمەنی مرۆڤە تا مردنی، یاخود وتراوە: یەکەم لە دروستکردنی مرۆڤ تا مردنی، وە دووەم لە مردنی تا زیندووبوونەوەی [ثُمَّ أَنْتُمْ تَمْتَرُونَ (٢)] لە دوای ئەوەش ئێوە گومانتان هەیە لە زیندوو بوونەوەو قیامەت...

بەڵێ مانای ﴿عِندَهُ﴾ [الأنعام : ٢] واتە : هیچ کەسێك ئەم علمە نازانێ جگە لە (خوای گەورە) ، چونکە کاتی مردن کاتێکی دیاریکراوی خۆیەتی کە کەس نایزانێ تەمەنی مرۆڤ ...

هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا﴾ [الأعراف : ١٨٧] واتە : {کاتی هاتنی قیامەت غەیبەو خوا نەبێت کەس نایزانێت } [يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي لا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلا هُوَ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - قورەیش پرسیاری ڕۆژی قیامەت لە تۆ ئەکەن کەی خوای گەورە جێگیری ئەکات وە ئەیهێنێت و ڕوو ئەدات؟ بڵێ: هاتنی قیامەت کاتەکەی تەنها لای پەروەردگارەو کاتەکەی ئاشکرا ناکات و تەنها خۆی نەبێ کەس نایزانێ...

مردن و لێ پرسینەوە

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۝٤٢ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ۝٤٣ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ۝٤٤﴾ [النَّازِعَات : ٤٢ - ٤٤] واتە : تەنها خوای گەورە كاتی هاتنی قیامەت دەزانێت [يَسأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا (٤٢)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پرسیارت لێ ئەكەن كەی ڕۆژی قیامەت دێت..؟! [فِيمَ أَنْتَ مِنْ ذِكْرَاهَا (٤٣)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تۆ هیچ زانیارییەكت پێ نیە سەبارەت بە هاتنی ڕۆژی قیامەت، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - بەردەوام پرسیاری لێدەكرا سەبارەت بە كاتی هاتنی رۆژی قیامەت تا خوای گەورە ئەم چەند ئایەتەی دابەزاند..؟! [إِلَى رَبِّكَ مُنْتَهَاهَا (٤٤)] ئەوپەڕی زانیاری هاتنی ڕۆژی قیامەت لای خوای گەورەیەو جگە لە خوای گەورە هیچ كەسێكی تر نازانێ كەی ڕۆژی قیامەت دێت..؟!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَوْلَآ أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَآءَهُمُ ٱلْعَذَابُ ۚ وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ۝٥٣﴾ [العَنكَبُوت : ٥٣] واتە: [وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ] وە كافران لە نەزانیاندا پەلەت لێ ئەكەن لە داوا كردنی سزای خوای گەورە وەكو بەدرۆزانین و گاڵتە پێ كردن [وَلَوْلا أَجَلٌ مُسَمًّى] وە ئەگەر سزاكە كاتی دیاریكراوی خۆی نەبوایە كە ڕۆژی قیامەتە [لَجَاءَهُمُ الْعَذَابُ] ئەوە سزایان بۆ ئەهات لەبەر ئەوەی شایەنی سزان [وَلَيَأْتِيَنَّهُمْ بَغْتَةً] وە بەدڵنیایی لە ناكاویشدا سزایان بۆ دێت [وَهُمْ لا يَشْعُرُونَ (٥٣)] وە ئەوان هەست ناكەن و بێ ئاگان...

هەروەها سەبارەت بە ئەجڵ و تەمەن و مردن وەیان ماوەی كۆتایی تەمەنی مرۆڤ ، ئەم ئایەتانەی خوارەوە باسی دەكەن :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۝٦٠﴾ [الأَنْعَام : ٦٠] واتە : [وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ بِاللَّيْلِ] خوای گەورە ئەو خوایەیە كە بە شەو ئێوە ئەخەوێنێ (يَتَوَفَّاكُمْ) وەفات بەمانای خەوتن دێت [وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُمْ بِالنَّهَارِ] وە زانیاری هەیە كە بە ڕۆژ ئێوە چ كردەوەیەكتان كردووە لە چاك و خراپ [ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ] پاشان بەڕۆژ بەخەبەرتان دێنێتەوە [لِيُقْضَى أَجَلٌ مُسَمًّى] بۆ ئەوەی كاتێكی دیاریكراوی خۆتان بەسەر بەرن [ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٦٠)] پاشان گەڕانەوەتان تەنها بۆ لای خوای گەورەیە لە رۆژی قیامەت پاشان خوای گەورە هەواڵتان پێ ئەدات بەو كردەوانەی كە ئێوە ئەنجامتان داوە...

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ ٱلْءَاخِرَةِ ۚ ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ ۝١٠٣ وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ۝١٠٤﴾ [هُود : ١٠٣ - ١٠٤] واتە: [إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِمَنْ خَافَ عَذَابَ الآخِرَةِ] بە دڵنیایی ئەم لەناوبردنی كافران و ڕزگار كردنی باوەڕدارانە پەندو ئامۆژگاری تیایە بۆ كەسێك كە لە سزای ڕۆژی دوایی بترسێت [ذَلِكَ يَوْمٌ مَجْمُوعٌ لَهُ النَّاسُ] كە ئەو ڕۆژە ڕۆژێكە هەموو خەڵكی سەرەتاكان و كۆتاییەكانی بۆ كۆ ئەكرێتەوە بۆ لێپرسینەوە [وَذَلِكَ يَوْمٌ مَشْهُودٌ (١٠٣)] وە ئەو ڕۆژە كە ڕۆژی قیامەتە هەموو خەڵكی و فریشتەكان و پێغەمبەران ئەیبینن و ئامادەی ئەبن..؟! [وَمَا نُؤَخِّرُهُ إِلاَّ لأَجَلٍ مَعْدُودٍ (١٠٤)] وە ئەو ڕۆژە دوا ناخەین مەگەر بۆ كاتی دیاریكراوی خۆی...

لە (عبدالله كوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

((أنَّ خَلقَ أحَدِكُم يُجمَعُ في بَطنِ أُمِّه أربَعينَ يَومًا أو أربَعينَ لَيلةً، ثُمَّ يَكونُ عَلَقةً مِثلَه، ثُمَّ يَكونُ مُضغةً مِثلَه، ثُمَّ يُبعَثُ إليه المَلَكُ فيُؤذَنُ بأربَعِ كَلِماتٍ، فيَكتُبُ: رِزقَه، وأجَلَه، وعَمَلَه، وشَقيٌّ أم سَعيدٌ، ثُمَّ يَنفُخُ فيه الرُّوحَ؛ فإنَّ أحَدَكُم لَيَعمَلُ بعَمَلِ أهلِ الجَنَّةِ حتَّى لا يَكونُ بينَها وبينَه إلَّا ذِراعٌ، فيَسبِقُ عليه الكِتابُ، فيَعمَلُ بعَمَلِ أهلِ النَّارِ فيَدخُلُ النَّارَ، وإنَّ أحَدَكُم لَيَعمَلُ بعَمَلِ أهلِ النَّارِ، حتَّى ما يَكونُ بينَها وبينَه إلَّا ذِراعٌ، فيَسبِقُ عليه الكِتابُ، فيَعمَلُ عَمَلَ أهلِ الجَنَّةِ فيَدخُلُها)) . صحيح البخاری برقم (٧٤٥٤). واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ كە ڕاستگۆی باوەڕپێكراوە بۆ گێراینەوە و فەرمووی : (بێ گومان دروست كردنی هەر یەك لە ئێوە چل ڕۆژ و چل شەو لە سكی دایكیدا كۆ دەكرێتەوە ، پاشان بە ئەوەندەی تر (چل ڕۆژ) دەبێتە خوێنێكی بە ستوو ، پاشان بە ئەوەندەی تر دەبێتە پارچە گۆشتێك (بە ئەندازەی پارووییەك) ، پاشان خوا فریشتەیەكی (تایبەت) دەنێردرێت بۆ لای و مۆڵەتی پێدەدرێت بە چوار ووشە و دەنووسرێت : (ڕزق و ڕۆزی ، تەمەن ، كردەوەی ، بەدبەخت یان بەختەوەرە ، پاشان گیان دەكات بە بەریدا ، جا بە ڕاستی كەسێك لە ئێوە كاردەكات بە كاری بە هەشتیانە ، هەتا لە نێوان ئەو و بە هەشتدا تەنها گەزێك دەمێنێت ، جا نووسراوەكەی ، پێش دەكەوێت لێی ، ئیتر كاری دۆزەخیانە دەكات و ئەوسا دەچێتە دۆزەخەوە ، وە بێ گومان كەسی واشتان هەیە كارو كردەوەی دۆزەخیانە دەكات هەتا لە نێوان ئەو دۆزەخدا تەنها گەزێك دەمێنێت ، جا نووسراوەكەی پێش دەكەوێت لێی ، ئیتر كاری بەهەشتیانە دەكات ئەو دەچێتە بەهەشتەوە ...

دووەم : ئەجڵ لە نێوان سرینەوەو جێگیر بووندا :

هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَٰجًا وَذُرِّيَّةً ۚ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِىَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ۝٣٨ يَمْحُوا۟ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ ۝٣٩﴾ [الرَّعْد : ٣٨ - ٣٩] واتە: [وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - بە دڵنیایی لە پێش تۆیشدا چەندەها پێغەمبەرانمان ناردووە [وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً] وە خێزان و منداڵیشیان هەبووە لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەو مەلائیكەت نەبوونە [وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ] وە هیچ پێغەمبەرێكیش ناتوانێ موعجیزەیەك لە خۆیەوە بێنێ كە كافران داوای لێ بكەن ئیلا بە ئیزنی خوا نەبێت [لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ (٣٨)] هەموو بڕیارێكی خوای گەورە، یان هەموو كتابێك كە دایبەزاندبێت كاتی دیاریكراوی خۆی هەیە..؟! [يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ] واتە : خوای گەورە ویستی لەهەر شتێك بێت ئەیسڕێتەوەو ویستی لە هەر شتێك بێت جێگیری ئەكات، مەلائیكەتەكان هەموو شتێك ئەنووسن لە وتەو كردەوە....

مردن و لێ پرسینەوە

کە دووشەممەو پێنج شەممە کردەوەکان بەرز دەکرێنەوە هەر شتێك کە تاوان و پاداشتی لەسەر نەبێ دەیسڕنەوە، ئەوەیشی کە تاوان بێ و سزای لەسەر بێت، یان چاکە بێ و پاداشتی لەسەر بێت ئەوانە ئەمێنێتەوەو بەرز دەکرێتەوە، یاخود ئەوەی کە خوای گەورە لە شەریعەتەکانی تر ویستی لێ بێت نەسخی ئەکات ئەوەیشی ویستی لێ بێت ئەیهێڵێتەوە [وَعِنْدَهُ أُمُّ الْكِتَابِ (٣٩)] وە ئەسڵی کتابەکە کە گۆڕانی بەسەردا نایات لە (لوح المحفوظ)ە لای خوای گەورە...

بەڵێ دەربارەی ئەم ئایەتە کە (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿يَمْحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ ۝٣٩﴾ [الرَّعْد : ٣٩] واتە : خوای گەورە ویستی لەهەر شتێك بێت ئەیسڕێتەوەو ویستی لە هەر شتێك بێت جێگیری ئەکات، زانایانی تەفسیر زۆر شتیان دەربارەی ئەم ئایەتە گوتووە لەوانە : (ابن عباس) ، (عبداللە کوری عباس) ، (سعید بن جبیر) ، (قتادە) ، (لضحاك) ، (والكلبي) ، (الحسن) و (الربيع) ...

بەڵام ئەوەی سەرنجە کە (الربيع) – رەحمەتی خوای لێ بێت – بە شێوەیە باسی کردووە ، دەڵێت : (ئەمە دەربارەی ڕۆحەکانەیە کە (خوای گەورە) لە کاتی خەوتندا ڕۆح یان دەکێشێ ، ئەمەش ویستی خوایە بۆ هەر کەسێك بیەوێت بیسرێتەوە یان ڕۆحی بکێشێ بمرێنی ، وە ویستی (خوای گەورە)یە بۆ هەر کەسێك بیەوێت ، ڕۆحەکەی بەردەوام بێت و جێگیری بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، هەروەك دەفەرمووێت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ۝٤٢﴾ [الزُّمَر : ٤٢] واتە: [اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە نەفسەکان ئەمرێنێ لە کاتی خەوتنیانداو ڕوحیان لێ ئەسێنێ [وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا] وە ئەوەیشی کە لە خەوەکەیدا ئەجەلی نەهاتبێت ئەوە خوای گەورە ڕوحەکەی ئەخاتەوە بەرو بۆی دەگەڕێنێتەوە [فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ] ئەوەی کە خوای گەورە بڕیاری مردنی بەسەردا داوە ئەوە کە خەوت لەناو خەودا ڕوحەکەی ئەباتەوەو ئەگرێتەوە [وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى] وە ئەوەیشی کە ئەجەلی نەهاتووە ڕوحەکەی بۆ ئەگەڕێنێتەوەو بەخەبەر دێت و هەڵئەسێتەوە تا کاتی دیاریکراوی خۆی [إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٤٢)] بە دڵنیایی ئەمانە نیشانەو بەڵگەن لەسەر تاك و تەنهایی و تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوەو تێبفکرن لە تواناو دەسەڵاتی خوا...

لە (ابو هريرە) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((لما خلق اللهُ آدمَ ونفخ فيه الروحَ؛ عطس، فقال : الحمدُ للهِ، فحمد اللهَ بإذنِه، فقال له ربُّه : يرحمُك اللهُ يا آدمُ ! اذهبْ إلى أولئك الملائكةِ - إلى ملإٍ منهم جلوسٍ -، فقلْ : السلامُ عليكمْ، فقال : السلامُ عليكمْ، قالوا : عليكَ السلامُ ورحمةُ اللهِ، ثم رجع إلى ربِه، فقال : إنَّ هذه تحيتُك وتحيةُ بنيك بينهُم، فقال له اللهُ - ويداهُ مقبوضتانِ - : اخترْ أيَّتهما شئت، فقال : اخترتُ يمينَ ربي - وكلتا يدي ربي يمينٌ مباركةٌ -؛ ثم بسطها؛ فإذا فيها آدمُ وذريتُه، فقال : أي ربِّ ! ما هؤلاءِ ؟ ! قال : هؤلاءِ ذريتُك؛ فإذا كلُّ إنسانٍ مكتوبٌ عمرُه بين عينَيه، فإذا فيهم رجلٌ أضوأُهم، - أو من أضوإِهم -، قال : يا ربِّ ! من هذا ؟ ! قال : هذا ابنُك داودَ، وقد كتبتُ عمرَه أربعين سنةً، قال : يا ربِّ ! زدْ في عمُرِه، قال : ذلك الذي كتبتُ لهُ، قال : أي ربِّ ! فإني قد جعلتُ له من عمُري ستينَ سنةً، قال : أنتَ وذاكَ، قال : ثم سكن الجنةَ ما شاء اللهُ، ثم هبط منها، وكان آدمُ يعُدُّ لنفسِه، فأتاه ملَكُ الموتِ، فقال له آدمُ : قد عجلت، قد كُتب لي ألفُ سنةٍ ! قال : بلى، ولكنك جعلت لابنكَ داودَ ستينَ سنةً، فجحدَ فجحدَتْ ذريتُه، ونسيَ فنسيتْ ذريته؛ قال : فمنْ يومئذٍ أُمِر بالكتابِ والشهودِ)). أخرجه الترمذي برقم (٣٣٦٨). واتە: (کاتێ خوای گەورە ئادەمی دروستکرد ، ڕۆحی کرد بە بەریا پژمی ، فەرمووی : (الحمد لله) سوپاسی خوای کرد بە ڕێگەپێدانی خوا خۆی ، پەروەردگاری پێی فەرموو : (رحمك الله) ، رەحمەتی خوات لێ بێ ئەی ئادەم ، بڕۆ بۆ لای ئەو فریشتانە ، بۆ لای کۆمەڵێکیان کە دانیشتوون ، بڵێ : (السلام عليكم) سڵاوی خواتان لێ بێ ، ووتیان : (وعليك السلام و رحمه الله) ، لە پاشدا گەڕایەوە بۆ خزمەت پەروەردگاری ، فەرمووی : ئەمە سڵاوکر دنی تۆ و نەوەکانتە لە نێوان خۆیاندا ، (خوای گەورە) هەر دوو دەستی داخست و فەرمووی : هەڵبژێری کامیانت دەوێ ، دەستی ڕاستی پەروەردگارم هەڵبژارد هەر دوو دەستی پەروەرگار هەر ڕاست و پیرۆزە ، لە پاشدا دەستی کردەوە ئادەم و نەوەکانی تێدا بوو، فەرمووی : ئە پەروەردگارم ئەوانە کێن ..؟! فەرمووی : ئەوانە نەوەی تۆن ..!! هەموو کەس لەوانە تەمەنی لە نێوچاوانی نووسرابوو ، یەکێکیان تێدا بوو لە هەر هەموویان نوورانی تر بوو ، ئادەم فەرمووی : ئەی پەروەدگارم ئەوە کێیە ..؟! فەرمووی : ئەوە (داود)ی کورتە چڵ ساڵ تەمەنی بۆ نووسراوە ، ئادەم فەرمووی : ئەی پەروەردگار ..!! تەمەنی زیاتر بکە ، فەرمووی : هەر ئەوەندە بۆ نووسیوە ..!! ئادەم فەرمووی : ئەی پەروەردگارم ..!! من شەست ساڵ لە تەمەنی خۆم دەخەمە سەر تەمەنی ئەو ، فەرمووی: باشە ، فەرمووی : لە پاشدا لە بەهەشت نیشتەجێ بە ئەوەندەی خوا ویستی لە سەر بێ ، ئینجا دوای ئەوە دابەزە بۆ سەر زەوی ، ئادەم خۆی ئامادەکرد ، فریشتەی مردن هات بۆ لای ڕۆحی بکێشێ ، ئادەم فەرمووی : بە ڕاستی پەلەت کرد ، من هەزار ساڵم بۆ نووسراوە..!! ئەویش ووتی: بەڵێ بەڵام تۆ شەست ساڵت داوە بە (داود) ی کورت ، جا نکوڵی کرد نەوەکانیشی نکوڵیان کرد ، لە یادی چوو ، نەوەکانیشی لە یادیان چوو ، فەرمووی : ئیتر لەو ڕۆژەوە فەرمانکرا بە نووسین و شایەت ...)

ئایا ڕۆح چۆنیەتیەکی زانراوی هەیە ..؟!

بەڵێ هەر کسێك لە باری دوای مردنی مرۆڤ بکۆڵێتەوە ، دەبێت بیرۆکەیە بداتە دەست لە بارەی ئەو ڕۆحەی کە لە پاش مردنی دەکەوێتە خۆشی یان ناخۆشی ئەشکەنجە ..؟! ئایا چۆنیەتیەکی دریاریکراوی هەیە ..؟! ئایا ڕۆح بە شێکە لە جەستە یان لاشە ..؟! یان شتێکی ترە جگە لە جەستە ..؟! جا ئەگەر ڕۆح شتێکی ترە ، لە کوێی جەستەدا نیشتە جێیە..؟!وەیان ئایا ڕۆح بە دیهێنراوە ..؟! لە مرۆڤدا هەر یەکێکە یان زیاترە ..؟! ئایا ڕۆحەکان دەمرن ..؟! وە ئەگەر بمرن چۆن دەمرن ..؟! وە ئایا لە ژیانی بەرزەخدا شوێن و ئارام گەی ڕۆحەکان لە کوێیە ...؟! ئایا ڕۆحە کان پاش مردنیان لە ژیانی بەرزەخدا شتێك دەربارەی ڕووداوەکانی ژیانی دونیا دەزانن ..؟! ئەم پرسیارانە پرسیار گەڵێکی تریش ...هتد...

(ابن تیمیه) – رحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (ڕۆح مشورگێری جەستە بە مردن لێی جودا دەبنەوە ، ئەو ڕۆحەیە کە فو پێداکراوە و ئەو نە فسەیە کە بەمردن لێی جیا دەبێتەوە). رسالة العقل والروح ، مجموعة الرسائل المنبرية (٣٦/٢). بەڵێ کەسانێکیش هەند بە هەڵەدا چوون کە ڕۆح و نەفسیان لێك جیاکردۆتەوە و بیروڕایان وابووە کە دوو شتی جیاوازن ، هەر کەسێکیش بە ووردی لە لەو دەقانە ڕامێنێ کە لە باسەکانەوە هاتووە دەزانێ نەفس هەر ئەوەیە کە فریشتەکان دەیکێشن و ، بەرەو ئاسمان بەرزی دەکەنەوە و ، دەیگێڕنەوە ناو جەستە و ، پرسیارو لێ پرسینەوەی لە گەڵ دەکرێ ، جا ئەو کاتە لە گۆڕەکەیدا دەکەوێتە خۆشی و مێرێك لە مێرەگەکانی بەهەشت یان دەکەوێتە ناخۆشی قۆرتێك لە قورتەکانی دۆزەخ ، وە هەمان ئەو ڕۆحەشە کە لە جەستە دەرچوو ئینجا چاو شوێنی دەکەوێت ، هەروەکو لە فەرموودە دا هاتووە ...

جا کەواتە ئەو بە دیهێنراوەی ژیان بە بوونی وی دەبێ ، بەبێ وی ژیان نامێنێ لە دونیادا ، ئەویش پێ دەووترێت : (ڕۆح و نەفسە وەیان گیان و دەروونە).

(ابن تیمیه) – رحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (بێژەی ڕۆح و ڕەوان بە گە لێك مانا دەردەبرێن ؛ بەو هەناسەی لە جەستە دێتە دەرێ و لێی دەچێتە ژووری پێ دەوترێت (ڕۆح یان گیان) هەروەها مەبەست بە (ڕۆح یان گیان) ئەو هەڵمەیە لە بۆشایی دڵ دەردەچێ و بە دەمارەکان دادەگەرێ ، حەکیمان ئەمەشیان ناو ناوە (ڕۆح یان گیان) ؛ جا بە گیانی یان ڕۆحی گیانەوەر نێوزەند دەکرێ ، جا ئەم دوو واتایە جیان لەو گیانەی یان ڕۆحەی لە جەستە جیادەبێتەوە و بریتیە لە ڕەوان (نەفس) کە دگوترێ (نەفس) مانای شتەکە خۆشی دەگەیەنێ ، ڕەنگە مەبەستیش بە (نەفس) ئەو خوێنە بێ کە لە جەستەی گیانداران دایە ، هەروەك زانایانی شەرع دەڵێن : (ئەوی کە نەفسێکی شلی نیە و ، ئەوەی کە نەفسێکی شلی هەیە) دیارە ئەم دوو واتایەش مانای (ڕۆح یان گیان) ناگەیەنن). رسالة العقل والروح ، مجموعة الرسائل المنبرية (٣٦/٢) .

بەڵێ هەروەها لە قورئانی پیرۆز دا هاتووە کە بە (جبریل) – علیه السلام – دە ووترێت (الروح الامین) کە فریشتەی (وحیە) هەروە ك (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ۝١٩٣﴾ [الشُّعَرَاء : ١٩٣] واتە : کە ئەو روحە ئەمینە دایبەزاندووە کە جبریلە...

هەروەها بە قورئانیش دەووترێت کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۝٥٢﴾ [الشُّورَىٰ : ٥٢] واتە : [وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا] وە بەم شێوازە ئێمە ڕوحێکمان بە وەحی بۆ ناردوویت، کە مەبەست پێی قورئانە، بە روح ناوی بردووە لەبەر ئەوەی چۆن لاشە بەبێ روح ناژی مرۆڤیش بەبێ قورئان ناژی [مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ] ئەی محمد - صلی اللّٰه علیه وسلم - تۆ پێش ئەوەی قورئانت بۆ بێت نەتدەزانی قورئان چیەو چی تیادایە وە ئیمان هێنان و درێژەی ئیمان چیە [وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا] بەڵام ئەو قورئانە پیرۆزەمان کردووە بە نوورو ڕووناکیەك کە هیدایەتی هەر کەسێکی پێ ئەدەین لە بەندەکانی خۆمان کە ویستمان لێ بێت و شایەنی هیدایەت بێ [وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٢)] وە تۆ ئەی محمد - صلی اللّٰه علیه وسلم - هیدایەتی خەڵکی ئەدەیت و ڕێنماییان ئەکەیت بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە...

ڕاڤەی (الطحاوي) وا تێبینی کردوو : (ئەگەر چی ڕۆح یان نەفس بە شتە نەرم و ناسکە خواییە دەگوترێن ، بەڵام ئەگەر ڕۆح یان گیان بە لاشە پەیوەست بوو ، ئەوا زۆر بەی جار پێ دەووترێت (نەفس) ، بەڵام ئەگەر بەرەهایی باسکرا ، زیاتر ڕۆحی پێ دەگوترێت). شرح العقيدة الطحاوية ص (٤٤٤).

تێبینی : (ابن تیمیه) – رحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (لە بەر مشورگێری لاشە بە ڕەوان (نەفس) ناو دەبرێ ، لە بەر سووکی ناسکی و نەرمیش پێ دەڵێن (ڕۆح یان گیان) بۆیەش هەر بە (با) دەڵێن (ڕۆح) یان (روح) هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺلە فەرموودەیەکی دا دەفەرمووێ : ((الرِّيحُ من رَوْحِ اللهِ)) .صحيح الأدب المفرد برقم (٦٩١). واتە : (با) لەو ڕۆحەیە کە (خوای گەورە) دروستی کردووە ...

کەواتە ئایا ڕۆح چۆنیەتیەکی زانراوی هەیە ..؟!

وەڵام / لەبەر ئەوەی ڕۆح لە رەگەزێك بە دێهێنراوە کە لە جیهانی بەر هەست دا هاوشێوەی نیە ..!! ئێمە هەر گیز ناتوانین سیفەتەکانی (ڕۆح) بزانین ، هەروەها (خوای گەورە) پێی راگەیاندوین کە (ڕۆح) هەڵدەکشێ و دادەکشێ و ، دەبیستێ و دەبینێ و دەدوێ و شتی تریش ... ، بەڵام ئەم سیفەتانە جیاوازن لە سیفەتە بەر چاوەکانی مادە یان تەنە ناسراوەکانی ئەم جیهانە ، وە بەرزەبوونەوە و دابەزین و بیستن و دیتن و هەستان و دانیشتن بەو شێوەیە نیە کە ئێمە دەیزانین و پێی ئاشناین ..؟! پێغەمبەری خوا ﷺ پێی راگەیاندوین کە (ڕۆح) لە ساتە وەختێك بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵدەکشێ و ، پاشان بەروە گۆڕ یان قبرەکەی دەگەرێتەوە ، هەروەك لە فەرموودەکەی (براء ی کوری عازب) دا باسمان کرد کە چۆن فریشتەکان دادەنیشین و پرسیاری لێدەکەن ، پاشان چۆن ڕۆحەکە بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان ، ئینجا دواتر دەگەڕێتەوە نێو گۆڕەکەی یان قیرەکەی ، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی ئەوەشی پێداوین کە (ڕۆح) لە گۆڕدا دەکەوێتە نێو بەهرە خۆشیی و بەختەوەری ، وەیان دەکەێتە نێو ناخۆشی و بەد بەختی ئەشکەنجە و سزا ، گومانیش لەوە دانیە کە ئەو بەهرە و خۆشی بەختەوەرییە یان ئەو ناخۆشی بەد بەختی ئەشکەنجەیەی ناو گۆڕ یان قبر جیاویە لەوەی ئێمە لەم جیهانەی دونیا پێی ئاشناین..؟!

ئایا (ڕۆح) سەر بەخۆیە لە جەستەدا ..؟!

وەلامێك / بۆ هەموو ئەوانەی کە دەڵێن : (ڕۆح) بەشێکە لە جەستە ..!! هەندێك لە ئەهلی کەلام و بیدەعەچی و فیتنە و ئاشووب گێر لە وانە : وەك (جمهیە و موعتەزیلە) ڕایان وایە کە ڕۆح بەشێکە لە جەستە یان یەکێکە لە سیفەتەکانی جەستە ، وە یان هەندێکی تریان دەڵێن : ڕۆح و نەفس ئەو بایەیە کە لە جەستەدا دێ و دەچێ ..؟!هەندێکی تریش دەڵێن : ڕۆح ژیانە یان میزاجە یان خودی لاشە یە ..؟! . مجموع الفتاوی ابن تیمیه شیَخ الاسلام ص (٣١/٣).

هەندێك لە قوتابیەکانی قوتاتبخانەی فەلسەفەی (ئەرستۆ) دان بەوە دادەنێن کە ڕۆح دەمێنی پاش ئەوەی لە جەستە د جیا دەبێتەوە ..!!بەڵام سیفاتی پڕو پوچ دەدەنە پاڵ (ڕۆح) و دەڵێن : ئەگەر لاشە یان جەستە دابڕا یان جیابوویەوە لە (ڕۆح) ئەوا دەبێتە (عەقڵ) ، عەقڵیش لە لای ئەوان لە مادە داماڵراوە و سەربەخۆیە و بە جوڵە و بە جێگیر بوون وەسف ناکرێ و هیچ بارێکی نوێی بەسەر نایێ ..!! مجموع الرسائل المنبرية ، رسالة العقل والروح (٢١/٢).

بەڵام هەردوو کۆمەڵ کە لە بارەی (ڕۆح) تێکەوتوون ، ئەوانەی کە ئەهلی کەلام و یان ئەوانەی کە بیدعەچین و دەڵێن : ڕۆح بریتیە لە ژیان و میزاج یان خودی جەستە ، زۆربەیانیش کە سزاو ئەشکەنجەی گۆڕ یان قبر ڕەت دەکەنەوە و باوەڕیان پێ نیە ، وەکو بە ناو کۆمەڵە قورئانیەکانی سەردەمی ئێستا ، بە ڕاو بۆچوونی وان هیچ ڕۆحێك نیە دوای مردن لە بەرزەخدا لە خۆشی بەختەوەری بێت یان لە ناخۆشی بەد بەختی و ئەشکەنجە دا بێ ، هەموو ئەو دەقانەش ڕەت دەکەنەوە کە ئەمانە دەسەڵمێنێ ..؟!

کەواتە: ئەو بێ عەقڵ و بیدعەچی و ڕێبازەکانی کەلام و فەلسەفە دەڵێن : گوایە کە ڕۆح لە جەستە جیا ببتەوە دەبێتە عەقڵ ، وە یان دەڵێن : ئەگەر لە لاشە ڕۆح دابڕا جیابوویەوە ئەوا هیچ بارێکی نوێی بەسەر نایێ نە زانست و نە بۆچوون و ، نەبیستن و ، نەبینین و ، نە ویست و ، نە بەختەوەری و ، نە ئاسوودەیی و ، نە هیچی دیکە لەوانەی کە رەنگە ڕووبدا ، بە لکو بە بۆ چوونی ئەوان واتە : بیدعە چی و ڕێبازی کەلام و فەلسەفە دەڵێن : ڕۆح تاهەتایێ بەیەك بارو شێوە دەمێنێتەوە ؛ هەروەك بۆ عەقڵ و دەرون گریمانیان کردووە ..!! .مجموع الرسائل المنبرية ، رسالة العقل والروح (٢٢/٢).

بەلێ هەندێکی تریش هەر لەمانە واتە : بیدعەچیەکان و ڕێبازی کەلام و فەلسەفە ، هەڵبەتە ڕۆحی بە سیفاتی وا وەسف دەکەن ، کە هەربوو (واجب الوجود) ی پێی وەسف دەکەن، لە کاتێکدا وەسفن بۆ شتێکی هەر نەبوو (ممتنع الوجود) ..!!

جا ئێمەش دەڵێن : ڕۆح نە لە ناو جەستەدایە نە لە دەرەوەی جەستە دایە ، نە لە جەستەدا جیایە یان جودایە ، نە تێکەڵی بووە ، نە دەجووڵی ، نە هەڵدەکشێ و نەدادەکشێ ، نە جەستەیە و نەجەستە نیە ..!! . مجموع الفتاوی ابن تیمیه شیَخ الاسلام ص (٣١/٣).

ئەو هۆکارەی ئەو کۆمەڵە گومرایانە خۆیان تووشی هەڵە و بیدعە کردووە ، ئەوەیە کە پشتیان بە فەلسەفە و عەقڵ و ئارەزوو و ئاوەزی خۆ بەستووە و پێوەریان بۆ لێکۆلینەوەی باسێکی پەنهان دارشتووە : هەندێکیان باوەڕیان بە ڕۆحی سەربەخۆ نیە ، ئەمەش باوەڕ نەکردنە بە دەقە شەرعیەکان و موتەواترەکان ، چونکە ڕەتکردنەوەی بەڵگەنەویستێکی ئایینە..!! بەلێ بیدعەچیەکان و فەلسەفە بازەکان و هاورێبازەکانیان ، پێیان وایە بوونی ڕۆح لە جەستە دابڕاوە سەر بە خۆیان سەلماندوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆح لە هەمان ڕەگەزی لاشە یان جەستە نیە ، لە ڕەگەزی تووخمەکانی ترو پەیدابوەکانیان نیە ، بەلکو ڕەگەزێکی جودایە لەو ڕەگەزانە ..!! پێناسەو تێڕوانینیان لەلا گران بووە و ، واژە و دەربڕین و پێوەرکانیان لە ئاست تێفکرین و سنووردار کردنی تەسك بۆتەوە ...

مردن و لێ پرسینەوە

(خوای گەورە)ڕێنمایی ئەوانی کردووە کە وەڵامی خودا پێغەمبەرەکەیان دایەوە ، بڕوایان بە هەواڵەکانیان هێناوە ، جا زانیان کە (چۆنیەتی ڕۆح جودایە لەم جەستە بەرهەستەو بریتیە لە تەنێکی نوورانی بەرزو باڵای ناسکی زیندووی جوڵاو ، بە گەوهەری ئەندامانددا ڕۆدەچێ و ، چۆن ئاو لە ناو گوڵدا دێ و دەچێ و ، چەوری لە ناو ڕۆندا دەجوڵێ و ئاگر لە نێو خەڵوزدا ، ئاوا ڕۆحیش لە نێو جەستە و ئەندامان دایە ، جا تاکو ئەم ئەندامانە ساز و گونجاو بن بۆ شوێنەوارەکانی ئەو تەنە ناسکە ، ئەوا تەنە ناسکەکە هەر پێیوە پەیوەست دەبێ و لێی گیردەبێ و ، ئەو شوێنەوارانەش بەکەڵکی دێن لە هەست و جوڵە و ویستدا ، بەڵام ئەگەر ئەم ئەندامانە بە هۆی زاڵی تێکەڵە قورس و ئەستوورەکان گەند بوون و ، لە قبوڵکردنی شوێنەوارە کاریگەریەکانی ڕۆح دەرچوون ، ڕۆح لە جەستە جودایە دەبێتەوە ، بۆ جیهانی ڕۆحان دادەبڕێ) . ابن القیم کتێبی (الروح) .

ئەو بەڵگانەی کە دەسەڵمێنێ ڕۆح سەر بەخۆیە :

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ﴾ [الزُّمَر : ٤٢] واتە : [اللَّهُ يَتَوَفَّى الأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا] خوای گەورە ئەو خوایەیە کە نەفسەکان ئەمرێنێ لە کاتی خەوتنیانداو ڕوحیان لێ ئەسێنێ [وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا] وە ئەوەیشی کە لە خەوەکەیدا ئەجەلی نەهاتبێت ئەوە خوای گەورە ڕوحەکەی ئەخاتەوە بەرو بۆی دەگەڕێنێتەوە [فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ] ئەوەی کە خوای گەورە بڕیاری مردنی بەسەردا داوە ئەوە کە خەوت لەناو خەودا ڕوحەکەی ئەباتەوەو ئەگرێتەوە...

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَـٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ۝٥٠﴾ [الأنفال : ٥٠] واتە: [وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - کاتێك ببینی کە مەلائیکەت گیانی کافران ئەکێشێ لە جەنگی بەدر کە ئەیانکوتن لە دەموچاو و سمتیان ئەدەن، کە کافران لە غەزای بەدر ڕوویان لە موسڵمانان بکردایا فریشتە بە شمشێر لە ڕوویان دەدان، وە ئەگەر پشتیان هەڵکردایا لە دوایانەوە لێیان دەدان، یاخود فریشتەی گیانکێشان (ملك الموت) ببینی کە گیانی کافران ئەکێشێت بە گشتی ئەوا دیمەنێکی زۆر گەورەو سەرسوڕهێنەرو ترسناك ئەبینی کاتێك کە ڕوحی کافران ئەکێشن وە لەو کاتەدا لە دەموچاو و دواوەیان دەدەن، وە پێیان ئەڵێن: [وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ (٥٠)] بچێژن سزایەکی سووتێنەر کە ئەیانخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە...

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّـٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ﴾ [الأنعام : ٩٣] واتە: [وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - ئای کاتێك کە ستەمکاران و هاوبەشبڕیاردەران ببینی لە کاتی گیانکێشان و سەرەمەرگدا کە چەند حاڵیان سەخت و ناڕەحەتە [وَالْمَلائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ] وە فریشتەکانیش دەستیان لێ کردوونەتەوە بۆ ڕوح کێشانیان یاخود بۆ سزا دانیان کە چەکوشی ئاسنینیان پێیەو لە کاتی گیانکێشاندا لێیان ئەدەن، وە پێیان ئەڵێن: [أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ] دەی ئێوە ڕوحی خۆتان لەم ناڕەحەتییە دەرکەن و دەربازو ڕزگاری بکەن، یاخود ڕوحی خۆتان ڕزگار بکەن لەدەست ئێمە مەهێلن سزای بدەین، یان مەهێلن ڕوحتان بکێشین بیگەڕێننەوە بۆ جێی خۆی، یاخود ڕوحتان دەرکەن و بیدەنە دەستمان و تەسلیمی بکەن [الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ] ئەمڕۆ ئێوە سزا ئەدرێن بەڵام سزایەك کە ڕیسواو سەرشۆڕ ئەکرێن لەگەڵیدا...

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِىَ ۝٢٦ وَقِيلَ مَنْ ۜ رَاقٍ ۝٢٧ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ۝٢٨ وَٱلْتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ۝٢٩ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمَسَاقُ ۝٣٠﴾ [القيامة : ٢٦ - ٣٠] واتە: [كَلا إِذَا بَلَغَتِ التَّرَاقِيَ (٢٦)] نەخێر ئەی مرۆڤ ئێستا ناتوانیت مردن بە درۆ بزانیت، کاتێك کە ڕوح ئەگاتە بە گەروو لە کاتی ڕوح کێشاندا..!! [وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ (٢٧)] ئەو کەسە لە سەرەمەرگدایەو ئەوانەی دەوروبەری ئەڵێن: ئایا پزیشکێك هەیە چارەسەری بکات، یاخود کەسێك ڕوقیەی بەسەردا بخوێنێ تا چاك بێتەوە، یاخود وتراوە: ئەمە قسەی فریشتەکانە ئایا کێ ڕوحەکەی بەرز ئەکاتەوە: مەلائیکەتی ڕەحمەت، یاخود مەلائیکەتی سزا..!! [وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ (٢٨)] وە ئەو کەسە خۆی یەقینی هەیە کە لە کەسوکاری جیا ئەبێتەوەو کۆتایی بە ژیانی هاتووە..!! [وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ (٢٩)] وە قاچەکانی ئەئاڵێنە یەکدا ئەو قاچەی کە لە دونیادا پێی ئەڕۆی ئێستا هەڵی ناگرێت و ناتوانی پێی بڕوات و قاچی ئاڵاوەتە یەکدا، وە خەڵکی لاشەی ئامادە ئەکەن بۆ ناشتن، وە مەلائیکەتیش ڕوحەکەی ئامادە ئەکەن بۆ بردن، یاخود دوارۆژی دونیاو یەکەم ڕۆژی قیامەت بەیەك گەیشتن و سەختی بەسەختی دەگات..!! [إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ (٣٠)] لەو ڕۆژەدا گەڕاندنەوەو سەرەنجام هەر بۆ لای خوای گەورەیە، ڕوحەکە بەرز ئەکرێتەوە بۆ لای خوای گەورە لە دوای ئەوەی کە فریشتەی گیانکێشان ڕوحەکە ئەکێشێت...

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ۝٨٣ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ۝٨٤ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَـٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ۝٨٥﴾ [الواقعة : ٨٣ - ٨٥] واتە : [فَلَوْلا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ (٨٣)] ئای لەو کاتەی کە ڕوح ئەگاتە گەرووتان لە کاتی سەرەمەرگدا..!! [وَأَنْتُمْ حِينَئِذٍ تَنْظُرُونَ (٨٤)] وە ئێوە لەو کاتەدا ئەو کەسە ئەبینن لە گیانکێشاندایە وە ناتوانن هیچ شتێکی بۆ بکەن..!! [وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلَكِنْ لا تُبْصِرُونَ (٨٥)] بەڵام ئێمە لێی نزیکترین لە ئێوە بە زانیاری و تواناو دەسەڵات و بیستن و بینینی خۆمان، یاخود مەبەست پێی فریشتەکانی ئێمە لە ئێوە لێی نزیکترن بەڵام ئێوە فریشتەکان نابینن...

شوێنی ڕۆح لە جەستەی ئادەمیزاد دا :

ڕۆح لە هەموو جەستەی ئادەمیزاد دایە ، لە (ابن تیمیه) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (ڕۆح بە هیچ شوێنێکی جەستە تایبەتمەند نیە ، بەڵکو بە هەموو جەستەدا بڵاو بۆتەوە ، وەکو ژیان هەموو جەستەی داگرتووە ، ڕۆح مەرجە بۆ ژیان ، کە ڕۆح لە جەستەدا بوو ژیانیشی تێدا دەبێت ، بەڵام کە ڕۆح لە جەستەدا دابڕا و جیا بوویەوە ، ژیانیش نامێنێ و جیا دەبێتەوە). رسالة العقل والروح مجموعة الرسائل المنيرية (٤٧/٢).

مردن و لێ پرسینەوە

مردن چ پەند و ئامۆژگاریەکی تێدایە بۆ خەلکی ..؟!

سەرەتا پێویست باش لەوە تێبگەین و بزانین کە مردن چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە ، جا ئەو مرۆڤە یان ئادەمیزادە هەر کەسێك بێت لەو کەسانە : پێغەمبەران – علیه السلام - ، یان پیاوچاکان و، وەیان پاشاکان و سەرکردەکان ، دەسەلاَدارەکان ، زالم و ستەمکارەکان ، دەولەمەندەکان ، هەژارو فەقیرەکان ، بێ دەسەلاَتەکان ، بە هێزەکان و لاوازەکان ، گەورە بچووکەکان لە پیاو ئافرەتان ، هەموو کەسێك دەبێ تامی مردن بچێژێ هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۖ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ۝٥٧﴾ [العَنكبُوت : ٥٧]
واتە : [كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ] هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێ [ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٥٧)] پاشان تەنها بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە...

بە ڕاستی مردن پەند و ئامۆژگاری زۆری تێدایە ، بۆ نموونە گەر کەسێکی زالم ستەمکار دەسەلاَتدار خراپەکار وەیان دەولەمەندو خاوەن مولك دەمرێ ، ئەوا دەبێتە ئامۆژگاری و پەند وەرگرتن بۆ بێ دەسەلاَت و لاواز فەقیر و هەژاراو بێ کەسان ، ئینجا ئەوانە بیر دەکەنەوە کەوا هیچ کەسێك یان هیچ پەلەو پایەو هێز و دەسەلاَت و دولەمەندی و سەروەت و سامان و پاسەوان و مولك پارەو پوولی زۆر ناتوانن ڕێگری لە مردن بکەن و چەندە بەهێزو دەسەلاَت دار و دولەمەند و خاوەن هێزو پاسەوان و کەس و کارو عەشیرەت بێت ، مردن هەر پێی دەگات ناتوانێ ڕزگاری بێ ، کاتێك بیرلەمە دەکەیتەوە کە هیچ جیاوازیەك نیە لە مردن لە نێوان چینەکانی خەلکی ، ئەو کاتە پەندو ئامۆژگاریەکە سوودێکی زۆری بۆت دەبێ ئاسوودە مورتاح دەبیت ئینجا سوپاس گوزای (خوای گەورە) دەکەی و بە بەشی خۆت ڕازی دەبیت ، ئینجا ئەم جیهانەی کە هەیە لات بێ نرخ دەبێت ...

لە (سهل کوری سعد) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

((كنَّا مع رسولِ اللهِ بذي الحُليفةِ، فإذا هو بشاةٍ ميِّتةٍ شائلةٍ برِجلِها، فقال: (أترَونَ هذه هيِّنةً على صاحبِها؟ فوالَّذي نفْسي بيَدِه، للدُّنيا أهونُ على اللهِ مِن هذه على [صاحبِها، ولو كانت] الدُّنيا تزِنُ عِندَ اللهِ جَناحَ بَعوضةٍ ما سقى كافرًا [منها قطرةً أبدًا])) . سنن ابن ماجه برقم (٤١٣٠)، اخرجه الترمذي برقم (٢٣٢٠).

واتە: لە (ذو الحليفة) دا لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بووین ، لە ناکاو مەڕێکی مردارەوە بووی بینی هەلاَواسا بوو قاچی بەرز ببونەوەو مرداربببوو ، جا فەرمووی : ئایا دەزانن ئەو (مەڕەکە) چەند بێ نرخە لە لای خاوەنەکەی ..؟! دەی بێ گومان سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە دونیا لە لای خوا لەو مەڕە بێ نرخترە لە لایەن خاوەنەکەی ، خۆ ئەگەر دونیا تەنها بە ئەندازەی بالی میشوو لەیەك سەنگ قیمەت و نرخی هەبوایە لە لای خوا ، ئەوە خوا هەر گیز دلۆپە ئاوێکی نەدەدایە هیچ کافرێك ...

لە (ابو هريره) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو :

((الدُّنيا ملعونةٌ، ملعونٌ ما فيها، إلَّا ذِكْرُ اللهِ وما والاهُ، وعالِمٌ أو مُتعلِّمٌ)) . سنن ابن ماجه برقم (٤١١٢).

واتە: دونیا لە عنەت لێکراوە (لەلایەن خواوە) وە ئەوەشی کە تێدایە لە عنەت لێکراوە ، تەنها یادی خوا نەبێ لەگەلّ ئەو شتەی کە لەلای خوا خۆشەویستە ، یان زانا یان ئەو کەسەی کە بەدوای زانستەوە یە ...

بەلێ بێ گومان مردن پەندو ئامۆژگاری زۆری تێدایە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە زالم ستەمکارو خراپەکارن ، یان ئەو کەسانەی کە بێ دین و بێ باوەڕن ، وەیان ئەو کەسانەی کە دوو ڕوو ناخ بۆگەن و چاو چنۆك بیسکەن ، بە دلنیایەوە ڕۆژێك (ملك الموت) یان مردن دێت یەخەیان دەگرێ و دونیا بەجێ دەهێلی و ئەو کاتە کەسانێك چاو لەو کەسانە ناکەن زولم و ستەم لە ژێر دەستەکانیان ناکەن و حەق و مافیان پێشەلّ ناکەن ، بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ لای (خوای گەورە) چاکە کار بن و خوا لە خۆیان ڕازی بکەن ، کەواتە پێویستە لەسەر هەموو کەسێك بیر لە مردن و ناخەڕەحەتیەکانی بکاتەوە ، وە بزانێ هەموو ڕۆژێك هەنگاوێگ لە مردن و گۆڕەکەی نزیك دەبێتەوە ، بۆیە دەبێت هەر کەسێك کار بکات بۆ دوای مردنی چونکە هەر چەند بژیت هەر مردن پێ دەگات و ڕزگاری نابێ ، بۆیە دەبێ هەموو مرۆڤێك پرسیار لە خۆی بکە وبلێ ئایا دەبێ چەند بژیم ..؟! پەنجا سالّ ..؟! شەشت سالّ ..؟! حەفتا سالّ ..؟! هەشتا سالّ ..؟! نەوەد سالّ ..؟! سەد سالّ ..؟! سەدو بیست سالّ ..؟! سەدو پەنجا سالّ ..؟! پاش ئەم ژمارەی سالاَنە ئەی بە کوێ دەگەی هەر نامری ..؟! ئەی ئەوانەی دەسەلاَتدار و سەرۆك و سەرکردەی موسلمانان یان ئەوانەی زالم ستەمکارن یان ئەوانەی دەولەمەندی ئەو دونیایەن ، یان ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕو دوو ڕوو مونافیق مولیحد کەسانی چاوچنۆك بیسکە حەرام خۆر و خراپەکارو بەد ڕەوشت زیناکارو مەی خۆر چەندە دەژین ژمارەیەك لەم سالاَنە هەلبژێرە چەندە دەژیت ..؟! ئایا هەر مردن یەخەت ناگری ..؟! ئایا دەتوانی ڕزگارت بێ لە مردن ..؟! ئایا مالّ و سامان و پاسەوان دەسەلاَتەکەو ستەمەکەت فریات دەکەوێ ..؟! ئایا چاو سوور کردنەوە و زولّم ستەم کردن لە خەلّك چارەسەری مردن دەکات ..؟! ئایا کۆکردنەوەی پارە پوولّی حەرام یان خواردنی مالّی حەرام فریات دەکەوێ ..؟! ئایا کەتە کەت بۆ درێژ دەکەرێتەوە ..؟!

مردن و لێ پرسینەوە

دوا وێستگەی ژیانی دونیاو مردن

بەڵێ هەر چەندە مرۆڤ لە دونیایە بژی و هەرچەندە تەمەنی درێژ بێت ، وە لە زۆنگاوی ئارەزووەکانیدا تێر تێر بنۆشێ و بە درێژایی رۆژگار شوێنکەوتووی خۆزگە کانی بێت ، چارەنووسی یەك چارەنووسە نەگۆڕە ، بەڵێ ئەویش هەموو کەسێك دەبێت بچێژێ کە ژیانی ناو گۆڕە و مردنە یان ژیانی بەرزەخە کە دوا وێستگەی ژیانی هەموو کەسێکە ، بێ گومان ئەم چارەنووسە چارەنووسی هەموو کەسێکە بێ جیاوازی رەگەزو رەنگ و نەتەوە و زمان کە دەرچوون و خۆشاردنەوە دەرباز بوون کارێکی ئەستەمە و مەحالە ، هەر وەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۖ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ٥٧﴾ [العَنکَبُوت : ٥٧] واتە : [كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ] هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێ [ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٥٧)] پاشان تەنها بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە...

شاعیر دە لیت :

كل ابن أنثى وإن طالت لاسلامته

يوما على آلة الحدباء محمول

واتە : مرۆڤ هەر چەندە ساغ و سەلامەتیش بێت

رۆژێك دێت لە نێو تابوتدا بەسەر شان ببیەن بۆ گۆڕستان .

بێ گومان رۆژێك دێت هەموو دورستکراوەکانی (خوای گەورە) دەگەڕێنەوە بەردەستی بۆ ئەوەی ووردو درشتی کردەوەکانیان لێ بپرسێتەوە لەم دونیایە کە ئەنجامیانداوە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ٢٨١﴾ [البَقَرَة : ٢٨١]   واتە : [وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ] وە ئێوە تەقوای خوای گەورە بکەن و لە خوای گەورە بترسێن لە رۆژێك کە رۆژی قیامەتە کە تیایدا ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە [ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ (٢٨١)] پاشان هەموو کەسێك کە چی کردبێ ئەجرو پاداشتی خۆی وەرئەگرێت وە هیچ کەسێك زوڵم و ستەمی لێ ناکرێ، (ابن عباس) ئەفەرموێ: ئەمە دوا ئایەتە لە قورئانی پیرۆزدا کە دابەزی بێت، وە ئەفەرموێ: سی و یەك رۆژ دوای ئەم ئایەتە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وەفاتی کرد، وە هەیشە لە زانایان ئەفەرموێ: ئەم ئایەتەی سوورەتی (مائیدە) دوا ئایەتە کە هاتبێتە خوارەوە [الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ] (الْمَائِدَةِ: ٣).

بە لێ بەرێزان خوێنەرانی خوشەویست مردن چارەنووسێکە هەر چەندە ئێمە ئەومان لە یاد کردووە بەڵام ئەو هەر گیز ئێمە لە یاد ناکات ، ئەو رۆژە دوایەمین رۆژەکانی ژیانە ، دوایەمین ساتەکانی ژیانە کە تێدا فورگت ووشك دەبێ و چاوت ئەبڵوقە دەبێ ، باش بزانەو غافل و بێ ئاگا نەبی ، چونکە هیچ رۆژێك وەکو ئەو ساتە نیە کە لە سەرەمەگیت ، رۆژێکە کە (خوای گەورە) نووسیویەتی لە چارەنووسی هەموو گەورە و بچووکێك و چاکە کاور خراپەکارێکدایە ، مردن ئەو کەشتیەیە هەموو کەسێك سواری دەبێ و ، کە دەتگوازێتەوە لە کەناری دونیاوە بۆ ناوە راستی بەرزەخ یان گۆڕ ، وە هەر کەسێك بە پێ کردەوەکانی مامەلەی لە گەڵ دەکرێ لە ژیانی بەرزەخدا ، بەڵێ مردن ئەو ساتەیە کە مرۆڤ لە دواتروکاندنی چاوی دەروانێتە هەموو شتەکان بەتایبەتی بۆ مندالە کان و کەس و کاری ، بۆ هەموو ئەوانەی کەلای دانیشتوون وە لەسەر ڕوخساری هەموو نیشانەکانی مردن دەردەکەون و لە نێو دڵیدا هەموو حەزو ئارەزووەکانی لە ناو دەچن و دەخنکێن ، هەروەکو باسمان کرد مردن ئەو پێوەرەیە کە بێ نرخی دونیا پێی دەپێوین ، وەیان مردن ئەو ساتەیە کە ئازارت دەدات لە هەر چرکەیەك کە لەتاواندا بەسەرت بردووە ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ٩٩ لَعَلِّيٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ١٠٠﴾ [المُؤمِنُون : ٩٩ - ١٠٠] واتە : {کافران داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ دونیا!} [حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ] تا یەکێك لەوان لە کافران کاتێك کە مردن بۆی دێت و دەمرێت [قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ (٩٩)] ئەڵەو کاتە هاوار ئەکات ئەی پەروەردگار بمگەڕێنەوە بۆ دونیا..!! [لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ] بەڵکو لە دونیادا کردەوەی چاك بکەم کە پێشتر نەمکردبوو (داوا ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا تا رابوێرێت و تاوان بکات بەڵکو تا کردەوەی چاك بکات، کەواتە ئەوەی لە ژیاندایە با کردەوەی چاك بکات پێش ئەوەی بمرێت و داوای گەڕانەوە بکات و نەگەڕێنرێتەوە) [كَلَّا] خوای گەورە ئەفەرموێ: نەخێر گەڕاندنەوە بۆ دونیا نیە [إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا] ئەمە تەنها قسەیەکە ئەو ئەیڵێ [وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٠٠)] وە لە پێش ئەمانەوە ژیانی بەرزەخ و ناو قەبر هەیە تا رۆژی قیامەت ...

مردن و لێ پرسینەوە

وێستگەی بەرزەخ

بەرزەخ بریتیە لەو ژیانەی کە لە دوای مردن دەست پێ دەکات و دەکەوێتە نێوان ژیانی دونیا و ژیانی دوا ڕۆژ یان ژیانی قیامەت ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ۝١٠٠﴾ [المؤمنون : ١٠٠] واتە : وە لە پێش ئەمانەوە ژیانی بەرزەخ و ناو قەبر هەیە تا ڕۆژی قیامەت...

بەلێ مرۆڤە كان لە دوای مردنیان لە ژیانێكدا دەمێننەوە كە لە نێوان ژیانی دونیا و دوا ڕۆژدا تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەكرێنەوە ، بێ گومان مرۆڤ لە دوای مردنی دەچێتە ژیانێكی تایبەت جگە لە ژیانی دونیا و دوا ڕۆژن ، لەم بەرزەخەشدا یان لە خۆشیدا دەژیین یان لە ناخۆشیدا هەتا ئەو كاتەی زیندوو دەكرێنەوە ...

بەلێ سەرەتای چوونە ناو ژیانی بەرزەخەوە ، ئەوەیە كە لە پێش دا باسمان كرد لە فەرموودەكەی (براء ی كوری عازب) – خوا لێ رازی بێت – لە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمانی گێراوەتەوە ، دەفەرمووی : كاتێ مرۆڤی باوەڕدار لە دونیا جیا دەبێتەوە و كاتی مردنی دێت كۆمەڵێك فریشتەی ڕوخسار سپی لە ئاسمانەوە بۆ لای دادەبەزن ، ڕوخساریان وەكو خۆر یان ڕۆژ وایە لە درەوشاوییدا ، كەفن و بۆنی بەهەشتیان پێیە بۆ ڕۆحی ئەم ئیماندارە ، ئەم فریشتانە ئەوەندە زۆرن بە ئەندازەی بینینی چاو لەلای دادەنیشن ، پاشان (ملك الموت) فریشتەی ڕۆح كێشان دێت و لەلای سەری ئیماندارەكە دادەنیشێت و دەفەرمووێت : ئەی ڕۆحە پاكەكە وەرە دەرەوە بۆ لێخۆشبوون و ڕەزامەندی (خوای گەورە) ، یەكسەر ڕۆحەكە ئەوەندە بە ئاسانی دێتە دەرەوە وەكو هاتنەدەرەوی دڵۆپە ئاوێك لە ناو جۆركی ئاو ئاوەوە ، ئینجا ڕۆحەكە دەگرێت و دەیخاتە ناو ئەم كفن و بۆنە خۆشەی كە لە بەهەشت هێنابوویان ، ڕۆحی ئەم ئیماندارە بۆنێكی ئەوەندە خۆشی لێ دێت وەكو خۆشترین بۆنی مسكی سەر زەوی وایە بەڵكو زیاتریش ...

پاشان ڕۆحەكەی بەرز دەكرێتەوە بەرەو ئاسمان بۆ لای هەر كۆمەڵە فریشتەیەكدا بڕۆن پرسیاریان لێ دەكەن و دەڵێن : ئەم ڕۆحە پاك و بۆن خۆشە كێیە ..؟! لە وەڵامدا دەڵێن : ئەو فلانی كوری فلانە بە چاكترین ناو ناوی دەهێنن كە لە دونیادا ناوی لێ نرابوو ، هەر بەرزی دەكەنەوە تاوەكو دەگەن بە ئاسمانی تریان هەتا دەكەن بە ئاسمانی حەوتەم ، ئینجا (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ناوی بەندەكەم لە كتابی ئیمانداران وئەهلی بەهەشت بنووسن ، وە ڕۆحەكەی بگەڕێننەوە سەر زەوی ، لە خاكی ئەو زەویەم دروست كردووەن و دەیانگەڕێنمەوە ناوی ، پاشان كە ڕۆحەكەی گەڕایەوە ناو زەوی دوو فریشتە دێنە لای و دایدەنیشێنن پرسیارەكانی ناو گۆڕی لێ دەكەن .... ئینجا بانگ بێژێك لە ئاسمان بانگ دەكات و دەڵێت بەندە ئیماندارەكەم ڕاستی كرد ڕایەخی بەهەشتی بۆ ڕاخەن وە پۆشاكی بەهەشتی لەبەركەن وە دەرگایەكی بۆ بكەنەوە بۆ بەهەشت ، بۆنی خۆشی بەهەشتی بۆ دێت وە گۆڕەكەی بە ئەندازەی بینینی چاو بۆی فراوان دەكرێت ، ئینجا پیاوێكی ڕوخسار و پۆشاك جوان و بۆن خۆشی دێتە لای و پێی دەڵێت : مژدەت لێبێت ئەوە ئەم ڕۆژەیە كە بەڵێنت پێ درابوو ، مردووە ئیماندارەكە پێی دەڵێت : تۆ كێی ..؟! ڕوخسارت بە كەسی چاك و خێردار دەچێت ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : من كردەوە چاكەكانی تۆم ...

بەڵام ڕۆحی كافرو بێ باوەڕ و مونافق و دوو ڕوو مولحید و خراپەكارو ستەمكار لە ژیانی دونیادا بە پێچەوانی ڕۆحی ئیمانداری چاكە كار لێ پرسینەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ ، هەروەك (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُجۡرِمِينَ ۝٤٠﴾ [الأعراف : ٤٠] واتە : [إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا] خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئەو كەسانەی كە ئایەتەكانی ئێمە بەدرۆ ئەزانن وە خۆیان بە گەورە ئەزانن و شوێنی ناكەون [لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ] ئا ئەمانە دەرگاكانی ئاسمانیان بۆ ناكرێتەوە كاتێك كە ڕوحیان ئەكێشرێ بۆ ئەوەی ڕوحیان بەرز بكرێتەوە، یاخود دوعایان بەرز نابێتەوە، یان كردەوەیان بەرز نابێتەوە [وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ] وە ناچنە ناو بەهەشتەوە تا حوشتر نەچێتە ناو كونی دەرزییەوە، یان حەبلی ئەستور نەچێتە كونی دەرزییەوە، كە ئەمە شتێكی ئەستەمە [وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ (٤٠)] وە بەم شێوازە ئێمە سزای تاوانباران ئەدەینەوە...

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ۝٣١﴾ [الحج : ٣١] واتە : [وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ] وە هەر كەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات وەك ئەوە وایە لە ئاسمانەوە بەر بێتەوە سەر زەوی و پارچە پارچە بێت و هەر باڵندەیەك پارچەیەكی بەرێت [أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ (٣١)] یاخود با فڕێی بداتە شوێنێكی دوورو قووڵ و نزمەوە، ئەمە نموونەیە بۆ كەسێك كە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدات كە شەیتانەكان زاڵ دەبن بەسەریداو پارچە پارچەی دەكەن، وە شوێنە دوورە قووڵەكەش ئاگری دۆزەخە كە هەر كەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدا ئەیخاتە ناو قووڵایی ئاگری دۆزەخەوە...

جۆرەکانی سزاکانی ناو گۆڕ یان ژیانی بەرزەخ

بەڵێ هەندێك لەو کردەوانەی کە سزای لەسەر لە ژیانی ناو گۆڕ یان ژیانی بەرزەخ دا ، کە مرۆڤ سزای لەسەر دەدرێت ، جا سزاکان بەپێ کردەوە خراپەکانی ژیانی دونیایە ، ئەو کەسانەی کە لە ژیانی دونیادا کەمتەرخەم بوون لە عیبادەت و پەرستن ، وەیان ئەمجامدانی کردەوەی خراپ و گوناهو تاوان و ڕەوشتی نزم و قێزەون ئەوا سزای خۆی وەردەگرێ لە ژیانی بەرزەخدا ، هەربۆیە موسڵمان دەبێ بێ ئاگانەبێچ لە مردنی بەردەوام هەموو چرکە ساتێك یادی مردن بکاتەوە بۆ ئەوەی تووشی تاوان و گوناه نەبێ ، چونکە لە ژیانی بەرزەخدا تۆڵەی لێ دەسێندرێتەوە بەسزای خۆی دەگات ، سزاکانی ژیانی بەرزەخ بەپێ ئەو بەڵگانەی هاتووە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە بۆمانی ڕوون کردۆتەوە ...

ئەو فەرموودانەی باس لە سزاکانی ژیانی ناو گۆڕ یان بەرزەخ دەکەن ئەمانەن :

١-ئەوکەسانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون لە ژیانی دونیادا :

لە (عائیشە دایکی ئیمانداران) – خوا لێ ڕازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((يُرْسَلُ على الْكَافِرِ حَيَّتَانِ واحدةٌ مِنْ قِبَلِ رَأْسِهِ والأخرى مِنْ قِبَلِ رِجْلَيْهِ يَقْرُصانِهِ قَرْصًا كُلَّمَا فرغَتا عَادَتا إلى يومِ القيامَةِ)) . اخرجه أحمد في المسند برقم (٢٥١٨٩).

واتە: کافر دوو ماری بۆ دەنێردرێت یەکێکیان لە لای سەریەوەو ئەوەی تریان لە لای قاچی یەوە (پێوەی دەدەن یان گازی لێ دەگرن و دەیگەستن) هەتا هەموو لاشەی پارچە پارچە دەخۆن کە تەواو بوو دووبارە لاشەی دروست دەبێتەوە و ئەوانیش دیسان بەو شێوەیەی پێشتری لێ دەکەنەوە تا ڕۆژی قیامەت ...

لە ڕێوایەتێکی تردا هاتووە لە (ابو هریرە) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((أتَدْرونَ ما المَعيشةُ الضَّنكةُ"؟ قالوا: اللهُ ورسولُه أعلَمُ، قال: "عذابُ الكافرِ في قبرِه، والذي نفسي بيَدِه، إنَّه يُسلَّطُ عليه تِسعةٌ وتِسعونَ تِنِّينًا، أتَدْرونَ ما التِّنِّينُ؟ سَبعونَ حَيَّةً، لكل حَيَّةٍ سَبعُ رُؤوسٍ يَلسَعونَه، ويَخدِشونَه إلى يومِ القيامةِ)) . ابن حبان برقم (٣١٢٢).

واتە : ئەزانن ئەم ئایەتە لە سەر کێ دابەزیووە ..؟! کە (خوای گەورە) دەفەرمووێ : ﴿فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾﴾ [طه : ١٢٤] واتە: ئەوە بە دڵنیایی ژیانێکی تەنگ و تەسك لە دونیادا ئەیژێنین لە دوودڵی و گومان و دڵەڕاوکێ و شڵەژاویدا دەژێت، وە لەناو گۆڕیشدا سزا دەدرێت و گۆڕەکەی لێ تەسك دەکرێتەوە تا پەراسووەکانی هەموو دەشکێت [وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى (١٢٤)] وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری ئەکەین... ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئایا دەزانن ((مَعِيشَةً ضَنكًا)) چی یە ..؟! هاوەڵەکان ووتیان : خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ باشتر دەزانن ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەوە ژیانی ناخۆش و نارەحەت و دژواری کافرە لە گۆڕدا سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە ، (نەوەت و نۆ) تنین پەلاماری دەدەن ، ئایا دەزانن (تنین) چی یە ..؟! ئەو ئەژدیهایانەن کە حەفتا مارن ، لە هەر مارێك حەوت سەری هەیە ، لە هەموو لایەکەوە دەگەستن یان پێوەی دەدەن و گازی لێ دەگرن و بریندار دەکەن هەتا ڕۆژی قیامەت ...

لە ڕیوایەتێکی تریش هاتووە لە (ئەسمای کچی ابی بکر) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێریتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((... وتُسلَّطُ عليه دابَّةٌ في قبرِه، معها سَوطٌ، ثَمَرَتُه جَمْرةٌ مِثلُ غَرْبِ البَعيرِ، تَضرِبهُ ما شاء اللهُ، صمَّاءُ لا تسمَعُ صوتَهُ فترحَمَه)) . اخرجه مسند احمد برقم (٢٧٠٢١).

واتە : مرۆڤی کافر و بێ باوەڕ لە گۆڕەکەیدا ئاژەڵێکی کەرو ڕەشی – واتە : کەڕە هیچ نابیستێ تا ڕەحمی پێ بکات لە هاوار و نالەی – بە سەردا زاڵ دەکرێ قامچی یەکی پێ یە سەرەکەی گورزێکە ئەو گورزەش یەك پشکۆ ئاگرە بە ئەندازەی ووشترێك لێی دەدات و کەس گوێی لێ نیە تا ڕەحمی پێ بکات و بەزەیی پێا بێتەوە ...

لە ڕیوایەتێکی تریش هاتووە لە (عبداللە کوری مسعود) – خوا لێ ڕازی بێت – سەبارەت بە مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿...سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا۟ بِهِۦ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ...﴾ [آل عِمْرَان : ١٨٠] دەفەرمووی : ((تُعبانٌ له زَبيبتانِ ينهَشُهُ في قبرِهِ، يقولُ: أنا مالُكَ الَّذي بَخِلْتَ به)) . أخرجه ابن ابي شيبة برقم (١٠٦٩٨).

واتە : دوو ماری شاخ دار دەیگەستن یان پێوەی دەدەن لە گۆڕەکەیدا ، لە ڕیوایەتێکی تردا هااتووە – گاز دەگرێت لە سەری و پاشان خۆی پێچ دەدات لە ملیەوە – پێی دەڵێت : من سامانەکەی تۆم کە جرۆکیت یان چاو چنۆکیت تێدا کردووە ، هیچت نەدەبەخشی ...

٢-کەسی تاوانکار یان خراپەکار چ موسڵمان بێت یان کافرو بێ باوەڕو مونافیق دوو ڕوو بێ دەبێ سزای ناو گۆڕ هەر بچێژی جا لاشەکەشی خۆڵەمێش بێت :

لە (إبن أبی العز الحنفی) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دە لێت : (پاش بزانن سزای گۆڕ یان سزای بەرزەخ سزای هەموو کەسێکە کە بمرێت تاوانکارو و خراپەکار بێت شایەنی ئەو سزایەی ناو گۆڕ بێت جا کافر بێت یان موسڵمان هەر دەبێت ئەو سزایەی پێ بگەیەنرێت ئەگەر لە گۆڕەنرابێت یان لە گۆڕیش نەنرابێت ، بە واتایەکی تر گەر دڕەندە خواردبێ یان لە ئاوە خنکابێ یان سووتابێ ببێتە خۆڵەمێش ، وەیان بای بەهێز بردبێتی و بڵاوی کردبێتەوە ، هەر هەمان ئەو سزایەی لە گۆڕەکەیدا دەگاتە ڕۆح و یان لاشەکەی). شرح عقیدة الطحاوي (٥٧٩/٢).

لە (عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إنَّ المَوتَى لَيُعذَّبون في قبورِهم، حتَّى إنَّ البهائمَ لَتسمَعُ أصواتَهم)) . أخرجه البخاري برقم (٦٣٦٦) ، الطبراني في الكبير (٢٠٠/١٠) ، ابو نعيم في تاريخ (أصبهان) (٢٣٩/١).

واتە: مردووەکان سزا دەدرێن لە ناو گۆڕەکانیاندا هەتا گیانلە بەرانیش گوێیان لە دەنگیانە ...

لە (زید کوری ثابت) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت :

((بينَما النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم في حائطٍ لبَني النَّجَّارِ على بَغلةٍ له ونَحنُ معهُ، إذ حادَت به فكادَت تُلقيه، وإذا أقبُرٌ ستَّةٌ، أو خَمسةٌ، أو أربَعةٌ -قال: كَذا كان يقولُ الجُرَيريُّ- فقال: مَن يَعرِفُ أصحابَ هذه الأقبُرِ؟ فقال رَجُلٌ: أنا، قال: فمَتى ماتَ هؤلاء؟ قال: ماتوا في الإشراكِ، فقال: إنَّ هذه الأُمَّةَ تُبتَلى في قُبورِها، فلَولا أن لا تَداقَنوا لَدَعَوتُ اللهَ أن يُسمِعَكُم مِن عَذابِ القَبرِ الذي أسمَعُ منه. ثُمَّ أقبَلَ علينا بوجهِه، فقال: تَعَوَّذوا باللَّهِ مِن عَذابِ النَّارِ، قالوا: نَعوذُ باللَّهِ مِن عَذابِ النَّارِ، فقال: تَعَوَّذوا باللَّهِ مِن عَذابِ القَبرِ، قالوا: نَعوذُ باللَّهِ مِن عَذابِ القَبرِ، قال: تَعَوَّذوا باللَّهِ مِنَ الفِتَنِ ما ظَهَرَ منها وما بَطَنَ، قالوا: نَعوذُ باللَّهِ مِنَ الفِتَنِ ما ظَهَرَ منها وما بَطَنَ، قال: تَعَوَّذوا باللَّهِ مِن فِتنةِ الدَّجَّالِ، قالوا: نَعوذُ باللَّهِ مِن فِتنةِ الدَّجَّالِ)) . صحيح المسلم برقم (٢٨٦٧).

واتە: لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لە باخەکەی بەنی نجار دا بوو ، بە سەر هێسترەکەیەوە بوو ، ئێمەش لە خزمەتی دا بووین ، لە پڕ هێسترەکەی سڵەیەوە چووە دواوە ، خەریك بوو بیخاتە خوارەوە ، سەیرمان کرد شەش یان پێنج یان چوار گۆڕی لە ناو دا بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ پرسی کێ مردووی ئەم گۆڕانە دەناسێ ..؟! پیاوێك ووتی : من .. پێغەمبەری خوا ﷺ پرسی کەی ئەمانە مردوون ..؟! پیاوەکە ووتی : لە سەردەمی شیریکیدا یان هاوبەشی دانان دا مردوون ..!! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بە ڕاستی ئەو خەڵکە تووشی سەختی نارەحەتی و ناخۆشی دەبن لە گۆڕەکانیاندا ، ئەگەر لە بەر ئەوە نەبێت کە نەوەك یەکتری نەنێژن ، لە خوا دەپارامەوە کە دەنگی سزای ناو گۆڕ وەك من ببیستن ، پاشان پێغەممبەری خوا ﷺ ڕووی تێکردین و فەرمووی : (پەنا بگرن بە خوا لە سزای ئاگر) هەموو ووتیان : پەنا دەگرین بەخوا لە سزای ئاگر ، ئینجا فەرمووی : (پەنا بگرن بە خوا لە سزای ناو گۆڕ) هەموو ووتیان : پەنا دەگرین بە خوا لە سزای ناو گۆڕ ، پاشان فەرمووی : (پەنا بگرن بە خوا لە فیتنەی ئاشکراو پەنهان) هەموو ووتیان : پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنەی ئاشکراو پەنهان ، لەوەودوا فەرمووی : (پەنا بگرن بە خوا لە فیتنە و ئاشووبی دەججال) هەموو ووتیان : پەنا دەگرین لە فیتنە و ئاشووبی دەججال) ...

٣- سزادانی موسڵمان لە ناو گۆڕەکەیدا لەسەر (درۆکردن ، پشت گوێ خستن و لە بیر چوونەوەی قورئان ، وە نوستن لە نوێژی فەرزەکان دا و زیناکردن سووخواردن) :

لە (سمرە کوری جندب) – خوا لێ رازی بێت – دە گێرێتەوە دەلێت :

((كان النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم إذا صَلَّى صَلاةً أقبَلَ علينا بوجهِه فقال: مَن رَأى منكمُ اللَّيلةَ رُؤيا؟ قال: فإن رَأى أحَدٌ قصَّها، فيَقولُ ما شاءَ اللهُ، فسَألَنا يَومًا فقال: هل رَأى أحَدٌ منكم رُؤيا؟ قُلنا: لا، قال: لَكِنِّي رَأيتُ اللَّيلةَ رَجُلَينِ أتَياني فأخَذا بيَدي، فأخرَجاني إلى الأرضِ المُقدَّسةِ، فإذا رَجُلٌ جالِسٌ، ورَجُلٌ قائِمٌ، بيَدِه كَلُّوبٌ مِن حَديدٍ، قال بَعضُ أصحابِنا عن موسى: إنَّه يُدخِلُ ذلك الكَلُّوبَ في شِدقِه حتَّى يَبلُغَ قفاه، ثُمَّ يَفعَلُ بشِدقِه الآخَرِ مِثلَ ذلك، ويَلتَئِمُ شِدقُه هذا، فيَعودُ فيَصنَعُ مِثلَه، قُلتُ: ما هذا؟ قالا: انطَلِقْ، فانطَلَقنا حتَّى أتَينا على رَجُلٍ مُضطَجِعٍ على قفاه ورَجُلٌ قائِمٌ على رَأسِه بفِهرٍ -أو صَخرةٍ- فيَشدَخُ به رَأسَه، فإذا ضَرَبَه تَدَهدَهَ الحَجَرُ، فانطَلَقَ إليه ليَأخُذَه، فلا يَرجِعُ إلى هذا حتَّى يَلتَئِمَ رَأسُه وعادَ رَأسُه كما هو، فعادَ إليه فضَرَبَه، قُلتُ: مَن هذا؟ قالا: انطَلِقْ، فانطَلَقنا إلى ثَقبٍ مِثلِ التَّنُّورِ، أعلاه ضَيِّقٌ وأسفَلُه واسِعٌ يَتَوقَّدُ تَحتَه نارًا، فإذا اقتَرَبَ ارتَفَعوا حتَّى كادَ أن يَخرُجوا، فإذا خَمَدَت رَجَعوا فيها، وفيها رِجالٌ ونِساءٌ عُراةٌ، فقُلتُ: مَن هذا؟ قالا: انطَلِقْ، فانطَلَقنا حتَّى أتَينا على نَهَرٍ مِن دَمٍ فيه رَجُلٌ قائِمٌ على وَسَطِ النَّهَرِ -قال يَزيدُ، ووهبُ بنُ جَريرٍ: عن جَريرِ بنِ حازِمٍ- وعلى شَطِّ النَّهَرِ رَجُلٌ بينَ يَدَيه حِجارةٌ، فأقبَلَ الرَّجُلُ الذي في النَّهَرِ، فإذا أرادَ أن يَخرُجَ رَمى الرَّجُلُ بحَجَرٍ في فيه، فرَدَّه حَيثُ كانَ، فجَعَلَ كُلَّما جاءَ ليَخرُجَ رَمى في فيه بحَجَرٍ، فيَرجِعُ كما كانَ، فقُلتُ: ما هذا؟ قالا: انطَلِقْ، فانطَلَقنا حتَّى انتَهَينا إلى رَوضةٍ خَضراءَ، فيها شَجَرةٌ عَظيمةٌ، وفي أصلِها شيخٌ وصِبيانٌ، وإذا رَجُلٌ قريبٌ مِنَ الشَّجَرةِ بينَ يَدَيه نارٌ يوقِدُها، فصَعِدا بي في الشَّجَرةِ، وأدخَلاني دارًا لم أرَ قطُّ أحسَنَ منها، فيها رِجالٌ شُيوخٌ وشَبابٌ، ونِساءٌ وصِبيانٌ، ثُمَّ أخرَجاني منها فصَعِدا بي الشَّجَرةَ، فأدخَلاني دارًا هي أحسَنُ وأفضَلُ فيها شُيوخٌ وشَبابٌ، قُلتُ: طَوَّفتُماني اللَّيلةَ، فأخبِراني عَمَّا رَأيتُ، قالا: نَعَم، أمَّا الذي رَأيتَه يُشَقُّ شِدقُه فكَذَّابٌ يُحَدِّثُ بالكَذبةِ، فتُحمَلُ عنه حتَّى تَبلُغَ الآفاقَ، فيُصنَعُ به إلى يَومِ القيامةِ، والذي رَأيتَه يُشدَخُ رَأسُه فرَجُلٌ عَلَّمَه اللهُ القُرآنَ، فنامَ عنه باللَّيلِ ولم يَعمَلْ فيه بالنَّهارِ، يُفعَلُ به إلى يَومِ القيامةِ، والذي رَأيتَه في الثَّقبِ فهُمُ الزُّناةُ، والذي رَأيتَه في النَّهَرِ آكِلو الرِّبا، والشَّيخُ في أصلِ الشَّجَرةِ إبراهيمُ عليه السَّلامُ، والصِّبيانُ حَولَه فأولادُ النَّاسِ، والذي يوقِدُ النَّارَ مالِكٌ خازِنُ النَّارِ، والدَّارُ الأولى التي دَخَلتَ دارُ عامَّةِ المُؤمِنينَ، وأمَّا هذه الدَّارُ فدارُ الشُّهَداءِ، وأنا جِبريلُ، وهذا ميكائيلُ، فارفَعْ رَأسَك، فرَفَعتُ رَأسي، فإذا فوقي مِثلُ السَّحابِ، قالا: ذاك مَنزِلُك، قُلتُ: دَعاني أدخُلْ مَنزِلي، قالا: إنَّه بَقيَ لك عُمُرٌ لم تَستَكمِلْه، فلَوِ استَكمَلتَ أتَيتَ مَنزِلَك)) . صحيح البخارى برقم (١٣٨٦).

واتە: زۆر جار کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی دەکرد ، ڕووی تێدەکردین و دەیفەرموو : (ئایا ئەم شەو کەس لە ئێوە خەونی بینیوە ..؟!) جا ئەگەر کەسێك خەونی ببینیایە دەیگێڕایەوە ، پێغەمبەریش ﷺ دەی فەرموو: (ما شاء الله) جا ڕۆژێکیان پرسیاری کرد لێمان و فەرمووی (ئایا کەستان خەوی بینیوە ..؟!) ئێمەش ووتمان نە خێر ، پێغەمبەریش فەرمووی : (بەڵام من ئەم شەو لە خەومدا دوو پیاوم بینی ، هاتن بۆ لام ، دەستیان گرتم و بردمیان بۆ خاکی پیرۆز (واتە : بیت المقدس) جا پیاوێکم بینی دانیشتبوو ، پیاوێکیش وەستابوو چەند قولاپێکی ئاسنینی بەدەستەوە بوو ، – (ئیمامی بوخاری دەڵێ) هەندێ لە هاورێکانمان لە موسی بەم شێوەیان گێراوەتەوە – ((ئەو قولاپانە دەخرێنە نێو ڕوومەتی تا لە پشت سەریەوە دەردەچێ ، ئینجا ڕوومەتی لایەکە تری ئاوا لێ دەکرد ، ئینجا ئەو لا ڕوومەتەی چاك دەبوویەوە یەکی دەگرتەوە ، جا دووبارە وە جاری پێشووی لێدەکرد ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : منیش ووتم : ئەمە چییە ..؟! هەردووکیان ووتیان : برۆ ، جا ڕۆیشتین ، هەتا ڕۆیشتینە لای پیاوێك بە پشدا ڕاکشابوو ، پیاوێکیش خڕە بەردێکی گەورەی پێبوو ، یان تاوێرە بەردێکی پێبوو ، لە سەر سەری پیاوە (ڕاکشاوەکە) ڕاوەستابوو ، دەیکێشا بە تەوقەسەریدا جاکە پێیدا دەکێشا بەردەکە خلۆر دەبوویەوە ، پیاوەکەش دەڕۆیشت بەردەکەی دەهێنایەوە ، جا تا دەهاتەوە بۆ لای پیاوە (ڕاکشاوەکە) ، سەری چاك دەبوویەوەو یەکی دەگرتەوەو وەك خۆی لێ دەهاتەوە دووبارە بەردەکەی پێدا دەکێشایەوە ، ووتم : ئەمە کێ یە ..؟! هەردووکیان ووتیان : تۆ برۆ ، جا ڕۆیشتین تا گەیشتینە لای چاڵێك وە تەنوور وابوو ، دەمەکەی بچووك بوو ، لەبنەوە پان بوو ، لە ژێریەوە گڵپەی ئاگر بوو ، جا کە نزیك دەبوویەوە خەڵکەکە بەرز دەبوونەوە (کە لە نێویدابوو) ، هەتا نزیك بوو بێنە دەرەوە ، کە ئاگر و گڕەکە دەنیشتەوە دەگەڕانەوە بۆ بنی چاڵەکە ، پیاوان و ژنانی ڕووتی تێدا بوو ، منیش ووتم : ئەمانە کێن ..؟! هەردووکیان ووتیان : تۆ برۆ ، جا ڕۆیشتین هەتا چووینە لای ڕووبارێکی خوێن ، پیاوێك لە نێوە ڕاستی ڕووبارەکەدا وەستابوو – یزیدی و وەهبی کوری جەریر لە جریری کوری حازیمەوە گێراویانەتەوە ، کە جریر بەم شێوە گێرایەتیەوە : وە لە قەراغی ڕووبارەکەدا پیاوێك وەستاوەو کۆمەڵێك بەردی لەبەردەمدایە ، جا ئەو پیاوەی لە نێو ڕووبارەکەدا کە لە قەراغەکەدا وەستابوو بەردێکی دەکێشا بەدەمیداو دەیگێڕایەوە بۆ شوێنی خۆی ، جا هەر کە دەیویست بێتە دەرەوە ، بەردێکی دەدا بە دەمیدا ، ئەویش دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی ، منیش ووتم : ئەمە چییە ..؟! ووتیان : برۆ جا ڕۆیشتین تا گەیشتینە باخێکی سەوز دەرختێکی گەورەی تێدا بوو ، لە ژێریدا پیاوێکی پیرو کۆمەڵێ منداڵی تێدا بوو ، پیاوێکیش لە نزیك دەرختەکەوە ئاگرێکی لەبەردەم دابوو هەڵیدەگیرساند ، جا هەردووکیان بە دەرختەکەدا سەریان دەخستم بردیانمە نێو خانوویەکەوە ، خانووی وا جوانم هەر گیز نەدیبوو ، کۆمەڵێ پیاوی پیرو گەنج و ئافرەت و منداڵی تێدابوو ، پاشان لە خانووەکە هێنامیانە دەرەوە ، بە درەختەکەدا سەریان خستم و بردمیانە خانوویەکەوە ، لەوەی یەکەم جوانترو چاکتر بوو ، کۆمەڵێ پیاوی پیرو گەنجی تێدابوو ، ووتم پێیان : ئەم شەو هەردووکتان منتان گەڕاند ، دەی هەواڵی ئەو شتانەم پێ بدەن کە بینیم ، هەردووکیان ووتیان : بەڵێ باشە ، ئەوەی کە بینیت لای ڕوومەتی دەقڵیشێنرا ، ئەوە درۆزن بوو ..!! قسەیەکی درۆی دەکرد ، خەڵکیش لێیەوە وەریان دەگرت ، هەتا بڵاو دەبوویەوە بە هەموو لایەکدا ، جا هەتا ڕۆژی دوایی هەر ئاوای لێ دەکرێ ، ئەوەشیان کە بینیت بەردیان دەکێشا بەسەریدا ، ئەوە پیاوێکە خوا شارەزای قورئانی پێداوە ، شەو دەخەوێت دەوری ناکاتەوە و شەو نوێژی پێ ناکات ، بە ڕۆژیشدا کاری پێ ناکات تا ڕۆژی دوایی هەر ئاوای لێ دەکرێ ، ئەوانەش لە کونەکەدا بینیت ، ئەوە پیاو ئافرەتی زیناکارن یان داوێن پیسن ، ئەوەش لە ڕووبارە خوێنەکەدا بینیت ، ئەو سوو خۆرەکانن ، ئەو پیاوە پیرەی لە ژێر دەرختە گەورەکەدا بوو (ئیبراهیم) – علیە السلام – بوو ، منداڵەکانیش کە لەگەڵیدابوون ، ئەوە منداڵی خەڵکن ، ئەو پیاوەش ئاگرەکەی هەڵدەگیرساند ئەوە فریشتە (مالیك) کە دەرگاوانی دۆزەخە ، خانووەکەی یەکەم کە چوویتە نێوی ماڵ و شوێنی ئیماندارانە بە گشتی ، بەڵام خانووەکەی تریان ئەوە ماڵ و شوێنی شەهیدەکانە ، وە من (جبریلم) ئەمەش (میکائیلە) – علیهم السلام - ، جا سەرت بەرزەکەرەوە ، منیش سەرم بەرزکردەوە ، بینیم لە سەروە وەك هەور وایە ووتیان : ئەوەش شوێنی تۆیە ، ووتم : لێم گەڕێن با بڕۆمە ماڵ و شوێنەکەمەوە ، ووتیان : بەشێك لە تەمەنت ماوە تەواوت نە کردووە ، هەر کات تەواوت کرد ، دێیت بۆ ماڵ و مەنزلەکەت ...

مردن و لێ پرسینەوە

٤-زمان پیسی جویندان بەخەڵکی ، باسی قسەی پاشملە یان غەیبەت کردن ، وەیان (نمیم) قسە گواستنەوە لە نێوان خەڵکیدا بۆ تێکدانی نێوانیان و خۆپاك ڕانەگرتن لە میز :

لە (عبدالله کوری عباس) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

((مَرَّ رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم على قبرَينِ، فقال: إنَّهما لَيُعَذَّبانِ، وما يُعَذَّبانِ في كَبيرٍ، أمَّا هذا فكان لا يَستَتِرُ مِن بَولِه، وأمَّا هذا فكان يَمشي بالنَّميمةِ)) . صحيح البخاري برقم (٦٠٥٢).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای دوو گۆڕدا یان قبر تێپەڕی فەرمووی : بێ گومان ئەم دوو (مردووە) سزا دەدرێن ، وە لە سەر شتێکی گەورەش سزا نادرێن ، جا ئەمەیان خۆی نەدەپاراست لە پرژی میزەکەی ، ئەوەشیان دوو زمانی دەکرد یان (نمیمی) دەکرد -واتە : لە نێوان خەڵکی دا قسەی دەگوازتەوە و دەهێناو دەبرد-

لە (جابر کوری عبدالله) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((أما أحدُهما فكان يغتابُ الناسَ، وأما الآخرُ فكان لا يتأذَّى مِن بولِه)) . اخرجه البخاري في الأدب المفرد برقم (٧٣٥).

واتە: یەکێکیان غەیبەتی خەڵکی دەکرد واتە : لە پاشملە قسەی لە سەر خەڵك دەکا ، ئەوەی تریان لە پاشە میز خۆی نەدەپاراست ..!!

لە (ابو هريره) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەڵێت :

((كنَّا نمشي مع رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم فمررنا على قبرَيْنِ فقام فقُمنا معه، فجعل لونُه يتغيَّرُ حتَّى رعَد كُمُّ قميصِه فقلنا : ما لك يا رسولَ اللهِ ؟ فقال : أما تستمعون ما أسمَعُ ؟ فقلنا : وما ذاك يا نبيَّ اللهِ ؟ قال : هذان رجلان يُعذَّبان في قبورِهما عذابًا شديدًا في ذنبٍ هيِّنٍ. قلنا : فيم ذاك ؟ قال : كان أحدُهما لا يستنزِهُ من البولِ، وكان الآخرُ يُؤذي النَّاسَ بلسانِه، ويمشي بينهم بالنَّميمةِ)) . ابن حبان برقم (٨٢٤).

واتە : لە خزمەت پێغەمبەری خوا دابووین ﷺ تێپەڕین بەلای دوو گۆڕدا ، پێغەمبەر ﷺ وە ستا و ئێمەش وەستاین لە خزمەتیدا سەیری ئەو دوو گۆڕەی کردو ڕەنگب تێك چوو وە لەشی هاتە لەرزە هەتا کراسەکەی سەر دەستی هاتە لەرزە ، ووتمان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ وات لێ هات ..؟! فەرمووی : ئەوەی من گوێم لێ یە ئێوەش گوێتان لێ یە ..؟! ووتیان : چیت گوێ لێ یە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ..؟! فەرمووی : ئەوە دوو پیاون سزادەدرێن لە گۆڕە کانیان دا بە سزایەکی توند لەسەر تاوانێکی سووك ..!! ووتمان : لە سەر چ تاوانێك ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ..؟! فەرمووی : یەکێکیان خۆی لە میز پاك ڕانەدەگرت ، وە ئەوەی تریان ئازاری خەڵکی دەدا بە زمانی و جوێنی پێدەدان ، وە جگە لەوەش دوو زمانی دەکرد لە نێوان خەڵکی دا واتە (نمیمی) دەکرد ...

مردن و لێ پرسینەوە

٥-نوێژ کردن بە بێ دەست نوێژ و سەر نەخستنی ستەم لێکراو :

لە (عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((أُمِرَ بعبدٍ من عبادِ اللهِ أنْ يُضرَبَ في قبرِه مِئَةُ جَلدةٍ، فلم يَزَلْ يُسألُ ويَدْعو حتى صارَتْ جَلدةً واحدةً، فجُلِدَ جَلدةً واحدةً، فامْتلأَ قبرُه عليه نارًا، فلمَّا ارتَفَعَ عنه، قال: عَلامَ جلَدْتُموني؟ قالوا: إنَّكَ صلَّيْتَ صلاةً بغيرِ طُهورٍ، ومرَرْتَ على مَظلومٍ فلم تنصُرْه)) . أخرجه الطحاوي في ((شرح مشكل الآثار)) برقم (٣١٨٥).

واتە: فەرمان درا یەکێك لە بەندەکانی خوادا سەد جلدەی لێ بدرێت لە گۆڕەکەیدا ئەو مردووە بەردەوام دەپاڕایەوە تا بۆی کرا بەیەك جلدە کە لێی درا گۆڕەکەی هەر هەمووی کڵپەی کردوو گڕی تێبەربوو کاتی کابرا هۆشی هاتەوە خۆی ، ووتی : بۆچی ئەم یەك جەڵدەتان لێدام ..؟! ووتیان : چونکە تۆ تەنها یەك نوێژت کرد بەبێ دەست نوێژ ، وە بەلای ئادەمیزادێکی ستەم لێکراودا ڕەت بوویت و سەرت نەخست وە ستەمت لێ دوور نەخستەوە ..؟!

٦-ئەو کەسانەی لە پێش کاتی خۆی ڕۆژوو دەکشێن ، ئەو دایکانەی شیریان نادەن بە منداڵەکانیان ، وە پیاوان و ئافرەتانی زیناکار :

لە (أبو أمامە الباهلی) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ فەرمووی :

((بيْنا أنا نائمٌ، إذ أتاني رَجُلانِ، فأخَذا بضَبْعَيَّ، فأتَيا بي جَبلًا وعِرًا، فقالا لي: اصْعَدْ. فقلتُ: إنِّي لا أُطيقُ. فقالا: إنَّا سنُسهِّلُه لكَ، فصَعِدتُ حتَّى كنتُ في سَواءِ الجبلِ، إذا أنا بأَصْواتٍ شديدةٍ، فقلتُ: ما هذه الأَصْواتُ؟ قالوا: هذا هو عِواءُ أهلِ النَّارِ، ثُمَّ انطَلَقَ بي، فإذا بقومٍ مُعلَّقينَ بعَراقيبِهم، مُشقَّقةٍ أَشْداقُهم، تَسيلُ أَشْداقُهم دمًا، قلتُ: ما هؤلاء؟ قالَ: هؤلاء الَّذين يُفطِرونَ قبلَ تَحِلَّةِ صَومِهم، ثُمَّ انطلَقَ بي، فإذا بقومٍ أَشَدِّ شيءٍ انتفاخًا، وأَنتنِه ريحًا، وأَسوَئِه مَنظرًا، فقلتُ: مَنْ هؤلاء؟ قالَ: هؤلاء الزَّانونَ والزَّواني، ثُمَّ انطلَقَ بي، فإذا أنا بنِساءٍ يَنهَشْنَ ثَديهِنَّ الحيَّاتُ، فقلتُ: ما بالُ هؤلاء؟ فقالَ: هؤلاء اللَّواتي يَمنعْنَ أولادَهُنَّ ألبانَهُنَّ، ثُمَّ انطلَقَ بي، فإذا بغِلْمانٍ يَلعَبونَ بيْنَ نَهرَينِ، فقلتُ: مَنْ هؤلاء؟ قالَ: هؤلاء ذَراريُّ المؤمنينَ، ثُمَّ شرَقَ لي شرَفٌ، فإذا أنا بثَلاثةِ نَفرٍ يَشرَبونَ من خَمْرٍ لهم، قلتُ: مَنْ هؤلاء؟ قالَ: هؤلاء جعفرُ بنُ أبي طالبٍ، وزَيدُ بنُ حارِثةَ، وعبدُ اللهِ بنُ رَواحةَ، ثُمَّ شرَقَ لي شرَفٌ آخرُ، فإذا أنا بثلاثةِ نَفرٍ، قلتُ: مَنْ هؤلاء؟ قالَ: هذا إبراهيمُ، وموسى، وعيسى، وهُم يَنتَظِرونَكَ)) .صحيح ابن خزيمة برقم (١٩٨٦).

واتە : لە کاتێکدا من خەوتبووم لە پڕ دوو پیاو هاتن بۆ لام شانیان یان باڵمیان گرت و بردمیان بۆ سەر چیایەکی یان کێوێکی سەخت ووتیان : سەرکەوە ..!! ووتم : من ناتوانم ..!! ووتیان : بۆتی ئاسان دەکەین ، ئینجا سەرکەوتم تا گەیشتمە سەر چیاکە یان کێوەکە ، لە ناکاو گوێم لە دەنگەدەنگی زۆر توند بوو ، ووتم : ئەو دەنگانە چین ..؟! ووتیان : ئەوانە دەنگی دۆزەخیەکانە ، پاشان بردمیان گەیشتم بە خەڵکێك بە قولە پێیان هەڵواسرابوون ، شەویلگەکانیان لە تلەت بوو بوو خوێنی لێ دەچۆڕا ، فەرمووی ووتم : ئەوانە کێن ..؟! ووترا : ئەوانە ئەو کەسانەن کە پێش کاتی شکاندنی ڕۆژوو ڕۆژووەکانیان دەشکێنن ، پاشان بردمی ، تا گەیشتم بە خەڵکێك زۆر ئاوسا بوون و بۆنیان گەنی بوو ، دیمەنیشیان زۆر ناشرین بوو ، ووتم : ئەوانە کێن ..؟! ووتیان : ئەوانە کوژراوانی بێ باوەڕانە ، پاشان بردمی ، تا گەیشتم بە خەڵکێك زۆر ئاوسابوون و بۆنیان گەنی بوو ، بۆنیان هەر وەکو بۆنی سەر ئاو وابوو ، ووتم : ئەوانە کێن ..؟! ووتیان : ئەوانە پیاوان و ئافرەتانی زیناکارن ، پاشان بردمی ، تا گەیشتم بە ئافرەتانێك مارەکان دەیاندا بە مەمکیانەوە ، ووتم : ئەوانە چیان کردووە ..؟! ووتیان : ئەوانە ئەو ئافرەتانەن کە شیر نادەن بە منداڵەکانیان ، پاشان بردمی ، تا گەیشتم بە چەند منداڵێك لە نێو دوو ڕووباردا یارییان دەکرد ، ووتم : ئەوانە کێن ..؟! ووتیان : ئەوانە منداڵانی ئیماندارانن ، پاشان بەرز کرامەوە بە بەرزکردنەوە ، سێ کەسم بینی ئارەقیان دەخواردەوە (مەبەست پێی ئەو ئارەقەی کە تایبەتە بە بەهەشتییەکان) ووتم : ئەوانە کێن ..؟! ووتیان : ئەوانە (جعفر و زید و ابن رەواحەن) پاشان جارێکی دیکە بەرز کرامەوە ، سێ کەسم بینی ووتم : ئەوانە کێن ..؟! ووتیان : ئەوە (ئیبراهیم و موسی و عیسی) یە ئەوانیش تەماشایان دەکردم ...

٧-ئەو کەسانەی شین واویلاو قورپێوان دەکەن بۆ مردووەکانیان ، مردووەکانیان سزادەدرێن :

لە (المغيرە بن شعبە) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((مَن نيحَ عليه فإنَّه يُعذَّبُ بما نيحَ عليه يَومَ القيامةِ)) . صحيح المسلم برقم (٩٣٣). واتە: هەر کەسێك شین و واویلا بکرێت لە سەری سزاددەدرێت (واتە: مرووەکە) بە هۆی ئەو شین و واویلایەوە کە لە سەری کراوە لە ڕۆژی قیامەتدا ..!!

لە (عمر بن الخطاب) – خوا لێ رازی بێت – دەگێریتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((إنَّ المَيِّت يُعَذَّبُ ببَعضِ بُكاءِ أهلِه عليه)) .صحيح المسلم برقم (٩٢٧). واتە: مرۆڤی مردوو سزا دەدرێت بە هەندێ لە شیوەن گریان و قوڕ پێوانی کەس و کاری لە سەری ..!!

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە لە (عمر بن الخطاب) – خوا لێ رازی بێت – دەگێریتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((المَيِّتُ يُعَذَّبُ ببُكاءِ الحَيِّ عليه)) . صحيح البخاري برقم (١٢٩٢) ، و صحيح المسلم برقم (٩٣٠). واتە : مردوو سزادەدرێت لە گۆڕەکەیدا بە هۆی شین و هاوار و گریانی زیندوان لە سەری ..!!

٨- ئەو کەسانەی کە ناو ناتۆرە و غەیبەتی موسڵمانان دەکەن کەسایەتی موسڵمانان لەکەدار دەکەن :

لە (أنس بن مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((لَمَّا عُرِجَ بي مررتُ بقومٍ لهم أظفارٌ مِن نُحاسٍ يخْمِشون وجوهَهم وصدورَهم، فقلتُ: مَن هؤلاء يا جبريلُ؟ قال: هؤلاء الَّذين يأكُلون لحومَ النَّاسِ، ويقعون في أعراضِهم)) . سنن ابو داود برقم (٤٨٧٨). واتە : لە شەوی میعراج کاتێ کە بەرزیان کردمەوە دام بەلای کۆمەڵێکدا نینۆکی مسیان هەبوو ڕووخسار و سینگی خۆیانیان پێ دەڕوشاند ، ووتم : ئەی جبریل ئەوانە کێن ..؟! فەرمووی : ئەوانە ئەو کەسانەن کە غەیبەتی خەڵکیان کردووە و ناو ناتۆرە قسەیان هەڵبەستووە و باسی شەرف و ناموسی خەڵکیان کردووە ئابڕووویان دەبرن ..!!

٩-ئەو ووتاربێژە موسڵمانانەی کە ئەوەی بە خەڵکی ڕادەگەیەنن خۆیان جێ بەجێ ناکەن ، وەیان خۆیان کردەوەی پێ ناکەن :

لە (أنس بن مالك) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((مَرَرتُ لَيلةَ أُسرِيَ بي على قومٍ تُقرَضُ شِفاهُهم بمَقاريضَ مِن نارٍ. قال: قُلتُ: مَن هؤلاء؟ قالوا: خُطَباءُ أُمَّتِكَ مِن أهلِ الدُّنيا، مِمَّن كانوا يَأمُرونَ الناسَ بالبِرِّ ويَنسَوْنَ أنْفُسَهم، وهم يَتلونَ الكِتابَ، أفلا يَعقِلونَ)) . أخرجه أحمد في المسند برقم (١٣٤٢١). واتە : لە شەوی میعراج کە بەرزکرامەوە بۆ ئاسمان پیاوانێکم بینی کە لێویان بە مەقاشی ئاگرین پارچە پارچە دەکراو گۆشتیان لێ دەکرایەوە ووتم : ئەوانە کێن ئەی (جبریل) ..؟! فەرمووی : ئەوانە ووتاربێژەکان یام مەلاکانی ئۆممەتی تۆن لە دونیادا کەسانێك بوون کە فەرمانیان دەکرد بە چاکە بە خەڵکی ، بەڵام بە خۆیان ئەنجامیان نە دەدا و خۆیان لە بیر دەکرد خۆ ئەوان خوێندەوار بوون کتێبی (خوای گەورە)یان دەخوێندەوە و جێ بەجێ یان نەدەکرد و کاریان پێ نەدەکرد ..!!

(ابن القيم) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (فعذاب القبر معاصي القلب والعين والأذن والفم واللسان والبطن والفرج واليد والرجل والبدن كله ...) واتە: سزای کۆڕ بە هۆی سەرپێچی و تاوانی دڵ و چاو گوێ و دەم و زمان و سك و داوێن دەست و قاچ و هەموو ئەندامەکانی جەستە ..!!

جۆرەکانی نەفس

❖ **نەفسی خراپەکار :**

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ﴾ [يُوسُف : ٥٣] واتە : [وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ] وە من نەفسی خۆم پاك ناكەمەوە چونكە نەفسی هەموو كەسێك فەرمانی پێ دەكات بە خراپەو نەفس زۆر فەرمانكارە بە خراپە [إِلاّ مَا رَحِمَ رَبِّي] تەنها ئەوەی كە خوای گەورە ڕەحمی پێ بكات لەو نەفسانە وەكو نەفسی پێغەمبەران...

❖ **نەفسی سەرزەنشت كار یان لۆمەكار :**

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢﴾ [القِيَامَة : ٢] واتە : [وَلا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ (٢)] وە سوێند ئەخۆم بە نەفسی لۆمەكار، كە نەفسی مرۆڤی ئیماندارە لە دونیادا لۆمەی خۆی ئەكات، باوەڕدار كاتێك كە تاوانێك دەكات لۆمەی خۆی دەكات بۆ ئەم تاوانەت كرد، یان ئەگەر خێرو چاكەیەك بكات لۆمەی خۆی دەكات بۆچی كەمت كردو زیاترت ئەنجام نەدا، بەڵام كافر لە دونیادا چەندێك كوفرو تاوان بكات لۆمەی خۆی ناكات، بەڵام لە قیامەتدا كافر لۆمەی خۆی ئەكات، هیچ كافرێك نیە ئیلا لە ڕۆژی قیامەتدا لۆمەی خۆی ئەكات بۆ لە دونیادا ئیمانت نەهێناو كردەوەی چاكت نەكردو پەشیمان دەبێتەوە...

❖ **نەفسی ئارام یان هێمن و ئۆقرە :**

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ۝٢٧ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ ۝٢٨ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ۝٢٩ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ۝٣٠﴾ [الفَجر : ٢٧ - ٣٠] واتە: {نەفسی هێمن و ئارام} [يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧)] ئەی ئەو نەفسەی كە هێمن و ئارام بوویتە لە دونیادا كە دڵت هێمن و ئارام بووە بە ئیمان هێنان و تەوحیدو یەكخواپەرستی و زیكرو یادی خوای گەورەوە بە تاعەت و عیبادەت و ڕازی بوون بە بڕیارەكانی خوای گەورە..!! [ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً (٢٨)] بگەڕێرەوە بۆ لای خوای گەورە، تۆ لە نەفسی خۆتدا ڕازیت و لە خواش ڕازی بوویتە، وە خوای گەورە لە تۆ ڕازیەو تۆش لە خوا ڕازی بوویتە وە خوای گەورە ئەوەندەی پێ ئەبەخشێ تا ڕازی ئەكات..!! [فَادْخُلِي فِي عِبَادِي (٢٩)] تۆ وەرە ناو كۆی بەندە چاكەكانی منەوە..!! [وَادْخُلِي جَنَّتِي (٣٠)] وە لەگەڵ ئەوانەدا وەرە ناو بەهەشتی منەوە، جا هەیە لە زانایان ئەفەرموون: ئەمە لەسەر ئیمامی ئەبوبەكر دابەزیوە، یان لەسەر ئیمامی عوسمان، یان لەسەر حەمزەی مامی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - ، بەڵام بۆ گشتییەو بۆ سەرجەم باوەڕدارانە ئەوەی كە حاڵی بەو شێوازە بێ خوای گەورە بەو شێوازە لە ڕۆژی قیامەت مامەڵەیان لەگەڵدا ئەكات، والله أعلم...

بەڵێ لێرە دا باسەكە ئەوە نیە كە هەر مرۆڤێك سێ نەفسی هەن ، بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە ئەمانە سیفەت و حاڵی یەك نەفسە یان خودن ، جا ئەگەر ئارەزوو بەسەر دەروندا زاڵ بوو بە هۆی ئەنجامدانی گوناهو تاوان ، ئەوە دەبێتە نەفسێكی خراپەكار ..!! نەفسی لۆمەكاریش ئەوەیە كە گوناهو تاوان دەكات لێیان پەشیمان دەبێتەوە و ، ناونراوە سەرزەنشتكار چونكە لۆمە و سەركۆنەی خاوەنەكەی دەكا لە سەر گوناهو تاوان ، هەروەها ووشەی (اللوامة) بە مانای ئەوەش دێت لە نێوان چاكە كاری و خراپەكاریدا هاتووچۆ دەكا ..!! هەڵبەتە نەفسی (المطمئنة) بریتیە لەوەی كە خێر و چاكەكاری خۆشدەوێ و دەیانخوازێ ، ڕقی لە شەڕو خراپەیە و دەیان بوغزێنی و ، ئەمەش بۆتە ڕەوشت و داب نەریتی ..!! رسالة العقل والروح مجموعة الرسائل المنيرية (٢/٤١).

لە ڕاڤەی (الطحاوي) پاش باسكردنی جۆرە كانی نەفس دەڵێ : ڕاستی وایە : كە یەك نەفسە ، دوو سیفەت وەردەگرێ ، بۆ خۆی خراپەكارە ، كە بڕوا پێشی لێگرت دەبێتە سەرزەنشتكار یان لۆمەكار ، گوناهو تاوان دەكا ، و پاشان سەر كۆنەی خاونەكەی دەكا و ، لە ناو گوناهو خێردا هاتوو جۆ دەكا ، ئەگەر بڕواش بەهێز و پتەو بوو دەبێتە دەرونێكی ئا سوودە ئارام هێمن و ئۆقرە (المطمئنة) ..!! شرح الطحاوي ص ٤٤٥.

مردن و لێ پرسینەوە

چارەسەری نەخۆشی دڵ ، لەڕێگەی لێ پرسینەوەی لە نەفسدا

مەبەست لە چارەسەری دڵ ، چارەسەر و دەرمان کردنی نەخۆشی تێکشکانی خودە لە ڕێگەی نەفسی خراپەکارەوە ، چارە سەر کردنی ئەم نەخۆشیە دەروونییە لە دوو ڕێگەوە گونجاوە و شیاوە :

١-لێ پرسینەوە و موحاسەبە کردنی نەفس ..!!

٢-بەرهەڵستی و دژایەتی کردنی نەفس ..!!

چونکە کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی لە موحاسەبە و لێ پرسینەوەی نەفس هاودەنگی هاوڕێ بوون و پەیڕەوی کردن لە فەرمانەکانی ، بوار و زەمینەی مردنی مەهنەوی دڵ فەرهەم دەکات ..!!

لە (شداد بن أوس) – خوا لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((الكَيِّسُ من دان نفسَه وعمل لما بعد الموتِ والعاجزُ من أتبع نفسَه هواها وتمنَّى على اللهِ)) . سنن الترمذي برقم (٢٤٥٩).

واتە: کەسی ژیر و هۆشیار ئەو کەسەیە موحاسەبەی یان لێ پرسینەوەی نەفسی خۆی دەکات و کاردەکات بۆ دوای مردن – لە دونیادا موحاسەبە و لێ پرسینەوەی نەفسی خۆی دەکات پێش ئەوەی لە گۆڕدا یان لە قیامەت موحاسەبە و لێ پرسینەوەی لەگەڵ بکەن - ، کەسی کەمتەرخەم و نەفام و گەمژەو نەزان ئەو کەسەیە کە شوێن هەواو هەوەستی خۆی بکەوێ و هیواو ئاواتی ئەوەبێ لێ خۆش ببێ – وەیان مرۆڤی زیرەك و هۆشیار و وریا ، کەسێکە کە نەفسی خۆی لۆمە و موحاسبە و لە غاو بکات و بۆ دوای مردنی کاربکات و تێ بکۆشێ ، وە مرۆڤی لاواز و بێ توانا کە سێکە ، کە لە هەوا و ئارەزووەکانی نەفس پەیڕەوەی بکات و بە (لێبوردن و بەخشینی) پەروەردگار ئومێدە وار بێت – ..!!

لە (ثابن كوري الحجاج) – خوا لێ ڕازی بێت – دەڵێت : (عمری کوری خەتاب) – خوا لێ ڕازی بێت – فەرموویەتی :

((حاسِبوا أنفسَكم قبل أن تُحاسَبوا، وزِنوا أنفسَكم قبل أن تُوزنوا، فإنَّه أخفُّ عليكم في الحسابِ غدًا أن تُحاسِبوا أنفسَكم اليومَ وتزيَّنوا للعَرضِ الأكبرِ، كذا الأكبرِ { يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَى مِنْكُمْ خَافِيَةٌ })) . سنن الترمذي برقم (٢٤٥٩)، ئیمام أحمد في (الزهد) برقم (٦٣٣) ، ابن ابي الدنيا في (المحاسبة النفس) (٢).

واتە: پێش ئەوەی لێتان بپرسنەوە ، لە نەفسی خۆتان بپرسنەوە ..!! وە پێش ئەوەی بتان پێون و هەڵتان سەنگێنن ، خۆتان هەڵ بسەنگێنن ..!! ئەگەر ئەمڕۆ باردوودۆخی خۆتان بخەنە بە لێ پرسینەوە و لێکدانەوە ، لێ پرسینەوەی بەیانی و دوا ڕۆژتان ئاسانتر دەبێ ، وە خۆتان بۆ کۆڕ و کۆنگرەی ڕۆژێکی گەورە یان خۆتان بۆ نمایشێکی گەورە ئامادە بکەن یان خۆتان برازێنەوە کە (قیامەتە) ..!! لەو ڕۆژەدا بوونتا دەبێ و هیچ شتێکتان لێ شاراوە و نادیار نابێت ..!!

لە (مەیمونی کوری مهران) دەگێرنەوە کە فەرموویەتی :

((لا يكون العبد تقيا حتى يحاسب نفسه كما يحاسب شريكه من أين مطعمه و ملبسه)). سنن الترمذي برقم (٢٤٥٩).

واتە : بەندە نابێتە کەسێکی خاوەن تەقوا هەتا لێ پرسینەوەی نەفسی خۆی نەکات ، وە چۆن لێ پرسینەوەی شەریکەکەی دەکات خواردن و پۆشاکەکەی لە کوێ بوو ..!!

هەروەها لە (ئیمامی حسن) – خوا لێ ڕازی بێت – گێراوییانەتەوە کە فەرموویەتی : ((هیچ مرۆڤێك ئیمان و باوەڕ پەیدا ناکات کە لە نەفسی خۆی نە پرسێتەوە و موحاسەبەی نەکات و لە خۆی نەپرسێ کە بۆچی وام وتووە ..؟! بەڵام مرۆڤی ئەهلی تاوان و خراپەکاری بەبێ ئەوەی کە خۆی بخاتە بەر پرسیار و لێ پرسینەوەوە ، درێژە بەڕێگەی گومڕایی و بە هەڵە چوونی خۆی دەدات ..!!

مردن و لێ پرسینەوە

هەروەها لە (ئیمامی أحمد کوری حەنبەڵ) لە (وەهب) دەگێڕێتەو کە دەلێت : ((لە نووسراو و نامەی ئالی داود هاتوو: حەق ئەوەیە کە مرۆڤی ژیر و عاقڵ لە چوار کاتژمێر لە ژیانی خۆیدا غافڵ و نائاگا نەبێت :

- کاتژمێرێك تەرخان بکات بۆ سەر ڤاڵ بوون و بە یاد و زیکر و ستایشی پەروەردگار .
- کاتژمێرێك دابنێت کە تیایدا موحاسەبە و لێ پرسینەو لە نەفسی خۆی بکات .
- کاتژمێرێك تەرخان بکات کە لە گەڵ دۆستان و هاوڕێی دڵسۆز و ڕاستگۆ کانیدا ، کەم و کوری لاوازییەکانیان بۆ یەکتری باس بکەن ، بەمەبەستی چاکسازی کردنیان .
- کاتژمێرێك دیاری بکات بۆ ئەوەی تیایدا تەواوی خۆشییەکانی و کاروباره ویسترِاوەکانی نەفسی خۆی بە جێ بهێڵی ، چونکە ئەم کارە لەم کاتژمێرەدا هاوکاری دەکات

بۆ بە کردنی هەستان بە جێ بەجێ کردنی ئەو سێ بابەتەی پێشوو و بۆ دڵی ئەو بە جۆرێك لە گەڕان و گەشت و گوزار دەژمێردرێ وحیسابی بۆ دەکرێت . مرفوعا ابن حبان .

دەگێرنەوە دەلێن : (ئەحنەفی کوری قەیس) هەندێك جار لە چرایەك نزیك دەبوویەوە و پەنجەی خۆی دەخستە سەر گڕوگڵپەی چراکە و بە خۆی دەووت : ئەی ئەحنەف سزای ئاگر بچێژە ..!! بۆچی فلاّن ڕۆژ تووشی فلاّن تاوان بووی ..؟! بۆچی فلاّن ڕۆژ فلاّن گوناهو تاوانت کرد ..؟!

دەگێرنەوە دەلێن : (عمری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – لە نامەیەکی دا بۆ یەکێ لە کاربەدەستەکانی یان کارگوزارەکانی خۆی وە بیری دەخاتەوە کە : ((لە دۆخی خۆشی و سەلامەتی و تەندروستی و پێش ئەوەی ڕووبە ڕووی باردووددۆخی سەخت و نارِەحەت ببێتەوە ، نەفسی خۆی موحاسبە بکەو لێ پرسینەوەی لەگەڵ بکە ، چونکە هەر کەسێ لە بارووددۆخی ئاسوودەیی دا و پێش هاتنی بارووددۆخی سەخت و گران نەفسی خۆی موحاسەبە بکات ، بارووددۆخی باش دەبێت و خەڵکانی تر بەخیلی و ڕژدی پێ دەبەن ، بەلاّم هەر کەسێ ژیانی دونیا و هەوا و ئارەزووی لە موحاسەبە و لێ پرسینەوەی نەفس دووری بخاتەوە و دوای بخات ، تووشی پەشیمانی و پاشگەز بوونەوە و لە ناو چوون دەبێ)) .

دەگێرنەوە دەلێن : (مالکی کوری دینار) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ((پەروەردگار ، سەبارەت بە کەسێ کە بە نەفسی خۆی دەڵێ : تۆ مەگەر فلاّن کاری نابەجێ و نارِەوات ئەنجام نەدا و فلاّن قسەی خراپ و ناپەسەندت نەوت ..؟! دواتر لووتی دەگرێ و جڵەی دەگرێ و بە پەیڕەوی کردن لە قورئان و فەرمووده (کتاب و سوننەت) ناچار و مەجبووری دەکات و ئیمان و ویست و ئیرادەی خۆی دەکاتە ڕێبەر و ڕێنموونی کەری ئەو)) .

چۆنیەتی لێ پرسینەوە کردنی نەفس

بەلێ نەفس بەم جۆرەیە ، سەرەتا لە پەیوەندی لە گەڵ پارێزگاری کردن لە شەش ئەندامە کانی لاشە یان جەستە ، پارێزگاری کردن لێیان پاراستنی سەرمایەیە و دوای ئەو بەدەست هێنانی قازانج و سوودە و دەست مایەیە ئابەم شێوە تەرح دەکرێ ، چونکە کەسێ کە خاوەنی سەرمایە نەبێ ئیتر چۆن لە چاوەڕووانی سوود و قازانج دا دەبێت ..؟!

ئەو ئەندامە شەش لایەنانە بریتین لە : (چا) ، (گوێ) ، (ددان دەم زمان)، (عەورەت یان فەرج)، (دەست)، (پێ یان قاچ) ئەمانە هۆکارێکن بۆ خۆشی و شادی و بەختەوەری یاخود بۆ نەهامەتی نصیبەت بەڵاو ناخۆیش بەد بەختی ، (الشقاء والسعادە) ، هەرکەسێ لە بارەی پاراستنی ئەوانە کەمتەرخەمی بکات ، تووشی کێشە و گرفت سەرگەردانی و چارەڕەش بوون دەبێ و هەر کەس پارێزگارییان لێ بکات ، پارێزگاری لە خێر و چاکە بەختەوەری خۆی کردووە ..!! هەر بۆیە لە ڕاستی دا پاراستنی ئەوانە بنەما و بنچینەی تەواو خێر و بەرژەوەندییە و پشت گوێ خستنیشیان بە واتای تووش بوونە بە تەواو شەڕ و خراپە و بەدبەختی ، هەروەك (خوای گەورە) دەربارەی ئەندامەکانی لاشە یان جەستە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەمانەن :

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُواْ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [النُّور : ٣٠] واتە : خۆپاراستن لە تێڕوانینی حەرام} [قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ] ئەی محمد - صلی اللە علیە وسلم - بە پیاوانی باوەڕداران بڵێ: با چاوی خۆیان بپارێزن لە تێڕوانینی حەرام (چونکە زینای چاو بریتییە لە تێڕوانینی حەرام) [وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ] وە دامێنی خۆیان بپارێزن لە زینا، وە لەوەی کە کەس نەیبینێت [ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ] ئەمە بۆ دڵ و دەروون و دینیان پاکترە (ئەوەی چاوی بپارێزێت لە تێڕوانینی حەرام خوای گەورە روناکی بە بینایی دەبەخشێت و دڵی پاراو دەکات، وە تێڕوانینی حەرام تیرێکی ژەهراویە بۆ دڵ) [إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠)] بەڕاستی خوای گەورە زۆر زانیاریەکی وردی هەیە بەو کردەوانەی کە ئێوە ئەنجامی ئەدەن..!!

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ ٱلْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ ٱلْجِبَالَ طُولًا ﴿٣٧﴾﴾ [الإِسۡرَاء : ٣٧] واتە : [وَلا تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا] وە بە فەخرو شانازی کردن و لووتبەرزی بەسەر زەویدا مەڕۆ [إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الأَرْضَ] بەدڵنیایی تۆ ناتوانی زەوی ببڕیت [وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً (٣٧)] وە ناگەی بە درێژایی شاخەکان و ئەوەندە گەورە نیت ئیتر بۆ فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا ئەکەی..!!

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾﴾ [لُقۡمَان : ١٨] واتە: [وَلا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ] وە لە کاتی قسە کردندا ڕووت لە خەڵکی وەرمەگێڕە لەخۆبەگەورە زانین و بەکەم زانینی ئەواندا [وَلا تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا] وە بە لووتبەرزی و فەخرو شانازی کردنەوە بەسەر زەویدا مەڕۆ و لووتبەرز مەبە [إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ (١٨)] بە دڵنیایی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە خۆیان هەڵئەکێشن وە لووتبەرزن و فەخرو شانازی بەسەر خەڵکیدا ئەکەن..!!

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾﴾ [الإِسۡرَاء : ٣٦] واتە: [وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ] وە لە شتێکیشدا کە زانیاریت نەبوو قسەی تیا مەکە بەتایبەتی لە دیندا، یاخود شایەتی ناحەق مەدە [إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولاً (٣٦)] بەڕاستی بیستن و بینین و دڵی مرۆڤ هەر هەموو ئەمانە لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە پرسیاریان لێ ئەکات و ئەیانهێنێتە قسە..!!

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُواْ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ [الإِسۡرَاء : ٥٣] واتە: {بەکارهێنانی باشترین وتە} [وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ] ئەی محمد - صلی اللە علیە وسلم - بە بەندەکانم بڵێ: با باشترین وتە بەرامبەر یەکتری بەکار بهێنن و زبری و رەقی و توندوتیژی تیا نەبێ..!!

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾﴾ [الأَحۡزَاب : ٧٠] واتە : [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا (٧٠)] ئەی باوەڕداران تەقوای خوای گەورە بکەن وە وتەیەکی ڕاست و دروست بڵێن کە بە گوێرەی شەریعەت بێ، کە بریتیە لە لا إله إلا الله، یان راستگۆیی..!!

❖ (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٨﴾﴾ [الحَشۡر : ١٨] واتە : [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ] ئەی باوەڕداران تەقوای خوای گەورە بکەن و خۆتان لە سزای خوای گەورە بپارێزن بەوەی خۆتان بپارێزن لە تاوان و سەرپێچی، وە با کەسێك لە ئێوە تەماشا بکات و بزانێ لە پێش خۆیەوە چی کردەوەی چاکی بۆ سبەینێ ناردووە، واتە: بۆ ڕۆژی قیامەت، لەبەر نزیکییەکەی خوای گەورە بە سبەینێ ناوی بردووە [وَاتَّقُوا اللَّهَ] وە خوای گەورە جەخت ئەکاتەوە تەقوای خوای گەورە بکەن [إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (١٨)] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر زانیاریەکی وردی هەیە سەبارەت بەو کردەوانەی کە ئێوە ئەیکەن..!!

مردن و لێ پرسینەوە

لە (علي بن أبي طالب) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت :

((لَّا في جَنازةٍ في بَقيعِ الغَرقدِ، فأتانا رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، فقعَدَ وقعَدنا حَولَه، ومعهُ مِخصَرةٌ، فنَكَّسَ فجَعَلَ يَنكُتُ بمِخصَرَتِه، ثُمَّ قال: ما مِنكُم مِن أحَدٍ وما مِن نَفسٍ مَنفوسةٍ إلَّا كُتِبَ مَكانُها مِنَ الجَنَّةِ والنَّارِ، وإلَّا قد كُتِبَت شَقيَّةً أو سَعيدةً. قال رَجُلٌ: يا رَسولَ اللهِ، أفَلا نَتَّكِلُ على كِتابِنا ونَدَعُ العَمَلَ، فمَن كان مِنَّا مِن أهلِ السَّعادةِ فسَيَصيرُ إلى عَمَلِ أهلِ السَّعادةِ، ومَن كان مِنَّا مِن أهلِ الشَّقاءِ فسَيَصيرُ إلى عَمَلِ أهلِ الشَّقاوةِ؟ قال: أمَّا أهلُ السَّعادةِ فيُيَسَّرونَ لعَمَلِ أهلِ السَّعادةِ، وأمَّا أهلُ الشَّقاوةِ فيُيَسَّرونَ لعَمَلِ أهلِ الشَّقاءِ. ثُمَّ قرَأ: {فأمَّا مَن أعطى واتَّقى * وصَدَّقَ بالحُسنى} [اللَّيل: ٥،٦] الآية)). صحيح البخاري برقم (٤٩٤٨).

واتە : ئێمە لەگەڵ جنازیەکدا بووین لە بە قیعی غەرقەد دا ، پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لامان و دانیشت و ئێمەش بەدەوریدا دانیشتین ، و دار دەستێکی بەدەستەوە بوو سەری داخستبوو ، جا بە دار دەستەکەی زەویەکەی هەڵدەکەند ، پاشان فەرمووی : ((هیچ کام لە ئێوە نییە وە هیچ گیاندارێك نییە ، مەگەر شوێنی نووسراوە لە بەهەشت و دۆزەخدا ، وە نووسراوە بەد بەختە یان بەختەوەرە)) جا پیاوێك ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا دەی بۆپشت بەوە نەبەستین بۆمان نووسراوە و واز لە کردەوە کردن بهێنین ..؟! ئینجا هەر کامێك مان لە بەختەوەران بوو ئەوە دەڕوات بەرەو کردەوەی بەختەوەران ..!! ئەوەشمان لە بەدبەختان بوو ئەوە دەڕوات بەرەو کردەوەی بەدبەختان ..؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((جا ئەوەی بەختەوەرە کاری بەختەوەری بۆ ئاسان دەکرێ وە ئەوەش بەدبەختە ئەوە کردەوەی بەدبەختی بۆ ئاسان دەکرێ)) ، پاشان ئەم دوو ئایەتەی خوێندەوە :{فأمَّا مَن أعطى واتَّقى * وصَدَّقَ بالحُسنى} [اللَّيل: ٥،٦] واتە : [فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى (٥)] کەسێك ئەو ماڵەی کە هەیەتی لە پێناو خوای گەورەدا ببەخشێ وە تەقوای خوای گەورە بکات وە خۆی لە حەرام و سەرپێچی و تاوان بپارێزێ..!! [وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى (٦)] وە باوەڕی بە پاداشتی خوای گەورە هەبێ کە ئەم کاتێك کە ئەبەخشێ خوای گەورە ئەجرو پاداشتی ئەداتەوە، یاخود باوەڕی بەوە هەبێ کە خوای گەورە جێگای بۆ پڕ ئەکاتەوە، یاخود باوەڕی بە (لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ) هەبێ، یان باوەڕی بەو نیعمەتانە هەبێ کە خوای گەورە پێی بەخشیووە، یاخود باوەڕی بە بەهەشت هەبێ، ئەو تەفسیرانەی بۆ کراوە..!!

ئەگەر مرۆڤ سەبارەت بە نەفسی خۆی لە بارەی چۆنییەتی کەڵك وەرگرتن لە ئەندامەکانی زۆر توند بێ و بە سەختی لە نەفسی بپرسێتەوە سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەندامەکانی ، چونکە دەچێتە نێو قۆناغی چاودێری و پارێزگاری کردن کە بە هیچ شێوەیەك نابێ دەست بە کاربوونی نەفس لە بارەی کەڵك وەرگرتن لە ئەندامەکانی لاشە پشتگوێ بخات ، هەتا زیاتر لە چاودێری کردنیان غافڵ و بێ ئاگابێ ، نەفسیش زیاتر تووشی لادان و دەرچوون و خەوش و ناپاکی دەبێتەوە و سەردەکێشی بۆ لە ناو بردنی دڵ و ئەندامەکانی لاشە ..!! هەر بۆیە بەهەر جۆرێك کەسێ هەستی بە کەم و کوڕی و قازانج و بەرژەوەندی مەعنەوی کرد ، دەبێ بچێتە نێو قۆناغی لێ پرسینەوە و یان موحاسەبە کردنی نەفسەوە..!!

بەڵێ دوای لێ پرسینەوە و موحاسەبەکردنەوەیە کە ڕاستی و حەقیقەتی سوود و قازانج و زەرەر زیانی لە لا روون و ئاشکرا دەبێتەوە ، هەر کاتێ سەبارەت بە زیان و خراپە دڵنیایی پەیدا کرد ، بە هەمان شێوە کە هاوبەشی تاوانبار دەبێ ئەو خەوش و ناپاکییەی کە پەیدا بووە ، قەرەبووی بکاتەوە و لە داهاتووشدا نەفس ناچار و مەجبوور بکات بە ئەمانەت داری و پارێزگاری و چاودێری کردن ..!!

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هاوبەشایەتی لەگەڵ نەفسدا ، مرۆڤی خاوەنی سەربەستی و ئازادی نییە (هەڵبژاردن بە دەست خۆی نییە) ، هیچ ڕێگەیەك بۆ پچڕاندنی تەواوی پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەودا بۆی شیاو و گونجاو نابێ ، واتە : ناتوانێت نەفسێکی تر بخاتە جێگە و شوێنی ئەو وەلە ئاکامدا تەنها ڕێگە چارەی ئەو چاودێری کردن و موحاسەبە و لێ پرسینەوەیە لێی دوورکەوتنەوە لە نەزانی و غافڵ و بێ ئاگایی سەبارەت بە دەست بەکاری و هەڵس و کەوتەکانی نەفس ..!!

مردن و لێ پرسینەوە

ناسین و ئاشنایەتی لێ پرسینەوەی نەفس

بەلێ یەکێ لەو کاروبارانەی کە لە لێ پرسینەوە کردن و چاودێری کردنی نەفسدا هاو کاری و هاریکاری مرۆڤ دەکات ، ئەمە ناسین و ئاشنایەتی یە ، کە ئەگەر تاکو زیاتر لە ژیانی دونیادا خەریکی چاودێری کردن و پاراستن و لێپرسینەوەی نەفسدا بێ ، زیاتر خۆی لە بەختەوەری و کامەرانی و ئاسایش و ئارامی ئۆقرەیی نزیك دەکاتەوە ، وە ئەگەر ئەمڕۆ لێ پرسینەوەی نەفس لە ئەستۆی خودی خۆیدایە لێی غافڵ و بێ ئاگا نەبێ ، ئەوا سبەێنی کە کاری لێ پرسینەوە و موحاسبە کردن کەوتە دەس پەروەردگار، ئەوا بە دڵنیایەوە ئاسوودە و بەختەوەر و کامەران دەبێ ، بەڵام بە هەر ئەندازەیەك ئەمڕۆ لە لێ پرسینەوە غافڵ بێ ئاگا بێت ، ئەوا دوارۆژ کارەکەی لە سەر قورس و گران و سەخت تر دەبێ ..!!

بەلێ بێ گومان بە ئاگایی و ناسین و ئاشنایی و شارەزایی لەم بابەتەدا کە قازانجەکەی نەبڕاوەیە ، وە قازانجەکەی سەوداگەرای و بازرگانی و گەشیتنە بە بەختەوەری هەمیشەیی لە بەهەشتدا و سەیرکردنی پەروەردگاری میهرەبانە ، وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئاشنا نەبی و لێ پر سینەوەی لە نەفسی خۆت نەکەی نەزانی مانایی لێ پرسینەوە لە خۆت چییە ، ئەوا زەرەرو زیانەکەیشی چوونە دۆزەخ و بێ بەش بوون لە بینینی پەروەردگارە ..؟! ئەگەر کەسێ لەم بارەیەوە ئیمان و دڵنیایی هەبێ ، موحاسەبە و لێ پرسینەوەی نەفسی خۆی لە ژیانی ئەم دونیایەدا بە لایەوە زۆر ئاسان دەبێت ..!!

بەلێ حەق وایە کە مرۆڤەکانی ئەهلی ئیمان ، ویست و ئیرادەی کە بە دونیای دوای مردن باوەڕ و یەقینیان هەیە لە موحاسەبە کردن و لێ پرسینەوە و چاودێری کردنی نەفسی خۆیان غافڵ و بێ ئاگا نەبن و تەواو جووڵە و دانیشتنەکان و هەنگاو هەلگرتنە کانیان بخەتە ژێر چاودێری کردن و کۆنترۆڵ کردنێکی زۆر توندی خۆیانەوە ..!!

هەر بۆیە دەبێ باش ئەمە بزانین کە هەر ساتێ لە ساتەکانی تەمەن گەوهەرێکی بەنرخە کە دەتوانین بە هۆی ئەوانەوە ، ماڵە پڕ لە نازو نیعمەتەکان و بەردەوامەکانی بەهەشتی پێ بکرین ، چونکە ئەگەر بووە هۆکاری بە هەدەر دان و بە فیڕۆدانی ساتەکانی تەمەن یاخود کرین و فرۆشتن و سەوداگەرییان لە بەرامبەر شتانێك کە جگە لە زەرەر و زیان ، لە ناو بردن و تیاچوون ، هیچ شتێك و دەست کەوتێکیان نییە ، تەنیا کاری نەزان و ترین ، گەمژە ترینی مرۆڤەکانە ...

هەروەکو لەم ئایەتە دا (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾﴾ [آل عِمرَان : ٣٠] واتە : [يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِنْ سُوءٍ] لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو کەسێك هەر کردەوەیەکی کردبێت لە چاکە یان خراپە ئەبینێ کە ئامادەیەو نیشانی ئەدرێ [تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا] ئەگەر خراپەی کردبێ ئاواتەخوازە کە ماوەو مەسافەیەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەم و خراپەکانیدا بێت و هەر نەیبینێ [وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ] وە خوای گەورە دیسان ئەتانترسێنێ بەنەفسی پیرۆزی خۆی لە خوای گەورەو سزاکەی بترسێن [وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ (٣٠)] وە خوای گەورە زۆر بە ڕەئفەت و ڕەحمەتە بە بەندەکانی..!!

مردن و لێ پرسینەوە

لێ پرسینەوە نەفس پێش کردەوە و دەست بەکار بوون

بەلێ حەق وایە کە مرۆڤ پێش ئیرادە و بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەك یان کارێ ، تەواو لایەنەکانی ئەو کارە لەبەرچاو بگرێت لە باشە و خراپە دا ، چونکە هەر کاتێ ئەنجامدانی بەلاوە باشتر بوو لە ئەنجامدانی و بە کردەیی کردنی ، هەنگاوی بۆ هەلگرێ و ئەنجامی بدات ..!!

(حسن بەصری) — ڕەحمەتی خوا لێ بێت — دەلێت : (کەسێ کە لە کاتی بڕیاردانی بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەك یان کارێ تەواو لایەنەکانی ئەو کارە لە بەرچاو بگرێ ، وە دواتر ئەگەر بۆ پەروەردگار و ڕەزامەندی ئەو بێ ، ئەوا ئەنجامی بدات ، وە بە پێچەوانەوە گەر وازی لێ بهێنێ ، پەروەردگار دەیخاتە بەر ڕەحمەت و میهرەبانی خۆیەوە).

هەندێ ئەم قسەیەی ئەویان لێکداوەتەوە و وتوویانە : (هەر کاتێ نەفس بۆ ئەنجامدانی کارێ دەستی خستە پێش و لە ئەنجام دانیدا دەست پێشخەری کرد و مرۆڤیش ویستی لێ بێت ، ئەوا پێویستە پێش ئەوەی پێی هەڵبستێ و هەنگاوی بۆ هەڵبگرێ بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی لەبارەیەوە بیر بکاتەوە و لێکی بداتەوە ، کە ئایا ئەو کارە لە ئاست توانایی ئەودایە یاخود نا ..؟! ئەگەر لە ئاست تونای ئەو دا نەبوو پێی هەڵنەستێ ئەو کارە ئەنجام نەدات ، وەیان ئەگەر لە ئاست توانای ئەو دا بوو دەبێ خۆڕاگر و ئارام بێت لە بارەیەوە بیربکاتەوە و شی بکاتەوە لێکدانەوەی بۆ بکات ، کە ئایا ئەنجامدان و کردەیی کردنی بۆ ئەو باشترە یاخود جێ بەجێ نەکردنی کارەکە وەیان کردەیی نەکردنی ..؟! ئەگەر ئەنجام نەدانی ئەو کارە بۆ ئەو باشترە بوو خۆی لێ بەدوور بگرێ و ئەنجامی نەدات ، وە ئەگەریش بیری کردەوە شی کردەوە و لێکدانەوەی بۆ کرد کە هەنگاو نان و دەست بەکار بوونی باشترە بۆی ، بۆ جاری سێیەم پێویستە ، لە بارەیەوە بیر بکاتەوە کە ئایا هۆکاری ئەو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار و پاداشتی دوا ڕۆژە ، یان ئامانجی ئەو بەدەست هێنانی پلە و پایە و پۆستە خۆ هەلکێشانە لە ناو خەلك ..؟! وەیان مال و سامان بەدەست هێناو ناوبانگ و شۆرەت ونادارییە لە نێو خەلکی دا ..؟! ئەگەر ئامانجی مەسەلەی دووەم بوو لەدەست بە کاربوونی دەست بەردابێ و خۆی لێ دوور بخاتەوە (ئەنجامی نەدات) ، هەر چەند کە بە ویستی و داخوازییەکەی خۆیشی بگات ، تا وەکو نەفسی ئەو تووشی هاوەلێ بڕیاردان نەبێت (شەریك پەیدا کردن) و خوو پێوە نەگرێ ، وە کار بۆ غەیری خوا بەلایەوە ئاسان نەبێ ، چونکە بە هەر ئەندازەیەك ئەم کارە بەلایەوە ئاسان بێت ، کار کردن بۆ پەروەردگار بەلایەوە سەخت و قورس تر دەبێت وە بە قورس ترین کاری دەزانێ لە سەر خۆی ، بۆیە ناتوانێ ئەنجامی بدات (چونکە دڵ وە پارچەیەکی سپی پاك وایە و بە هەر تاوان کردنێ کە نەفس هانمان دەدات بۆ ئەنجام دانی ، ئەو پارەچە سپیەش کە دلە هێدی هێدی ڕەش دەبێتەوە و ئیتر گوناو تاوانی بەلاوە ئاسان دەبێ و بە پێچەوانەشەوە ئەنجامدانی کاری خێر و چاکەی بەلاوە قورس و گران دەبێ و ناتوانێ ئەنجامی بدات ، ئەگەر چی بچووکیش بێت ، ئەگەر ئەنجامیشی بدات کەمتەرخەمی تێدا دەکات و تام و چێژ و ئاسوودەییەکی ڕۆحی و دەروونی لێ نابینێ ، ئەگەریش گەیشتە ئەو ئاکام و ئەنجامەی کە کارەکەی بۆ بەدەست هێنانی ڕزامەندی پەروەردگار و پاداشتی دواڕۆژە ، جارێکی تر خۆڕاگر بێت و ئارام بێت و ببینێ و بزانێ ، ئایا ئەگەر پێویستی بە هاوکاری و هاریکاری هەبێ یان نا ، ئەگەر پێویستی بە هاوکاری و هاریکاری هەیە ئایا یارمەتی دەرانێ بوونیان هەیە کە هاوکاری بکەن یان نا ..؟! وەیان ئەگەر یارمەتی دەرو هاوکار گەلێکی نەدۆزییەوە و پەیدای نەکردن لە ئەنجام دان و دەست بەکار بوونی ئەو کارە دوورە پەرێزی بکات و خۆی لێ دوور بخاتەوەو ..؟! بەهەمان شێوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مککەی پیرۆزدا لە جیهاد و تێکۆشان لەگەڵ کافرەکاندا تاوەکو زەمینەی بەدەست هێنانی توانا و دەسەلات و هێز و دۆزینەوەی هاوەلان و هاریکاران و یارمەتی دەران لە پشتیوانان یان (ئەنصارەکانی) شاری مەدینەی نەدۆزیەوە خۆی لە کافرەکان دوورە پەرێز کرد ، تاوەکو زەمینەی بەدەست هێنانی یارمەتی دەرانی لە ئەنصارەکانی مسۆگر کرد ، ئینجا ڕووبەڕووی کافرانی شاری مککە بوویەوە ئەوە ئەنجامەکەی دەرکەوت لە غەزای بەدری گەورەدا..؟!

بەلێ کەسانێ سەرکەوتن بەدەست کە یەکێ لەو بابەتانە ڕەچاو بکات ، ئەگەر تەواو ئەو قۆناغانە لێك بدرێنەوە و شی بکرێنەوە و تێبینی و سەرنجیان بدرێ ، بە دڵنیاییەوە لەو کارە سەرکەوتوو دەبێ ، هەر بۆیە دەبێ پێش دەست بەکار بوونی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان بۆ هەنگاو هاوێژتنی دەبێ لە بارەیانەوە نەفس بخەینە بەر موحاسەبە و لێ پرسنەوە ..؟! چونکە مەسەلەکە بەو جۆرە نەیە کە مرۆڤ هەر کارێ کە بیەوێ بتوانێ ئەنجامی بدات ..؟! هەر کارێکی لە دەست هاتن و شیاویش بە جۆرێ نییە کە جێ بەجێ کردنی لە وازهێنانی باشتر بێ ..!! تەواو کارە چاك و سوودمەندەکانیش کە دەیەوێ ئەنجامی بدات دەبێت زەمینەسازی بۆ بکرێ ئینجا ئەنجامی بدات ، ئەم جۆرە نییە کە بێ گومان لە پێناوی ڕەزامەندی پەروەردگاردا بێت ، هەرکارێکیش کە مرۆڤ لە بارەی نیەت و دڵسۆزی و نیاز پاکی خۆی دڵنیایە بە جۆرێ نییە کە بەبێ هاوکاری ئاریکاری خەلکانی تر بتوانێ ئەو کارە کردەیی بکات ، وەك مرۆڤ کە لە بارەی ئەم کارەوە نەفسی خۆی بخاتە بەر موحاسەبە و لێ پرسینەوە کردن ، بەلایەوە ئاشکرا و بەدیار دەکەوێت کە چ کارێ ئەنجام بدات و لە هەنگاو نان و دەست بەکار بوونی چ کار گەلێکیش دوورە پەرێزی بکات و واز بهێنێ ..؟!

لێ پرسینەوەی نەفس دوای کردەوە و دەست بەکاربوون

ئەم جۆرەیان کە لێ پرسینەوەی نەفسە دوای دەست بە کار بوون ، جۆری دووەم بۆ لێ پرسینەوەی نەفس دوای دەست بەکاربوون ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سێ جۆرە :

یەکەم : لێ پرسینەوەی ئەو نەفسە لە بارەی عیبادەت یان بەرستش و کارێکی چاکە کە لە بارەی هەر چ باشتر و ساف و بێ خەوشی ئەنجامدانییەو کەمتەرخەمی کراوە و بە جۆرەی کە پێویستە مافی پەروەردگار ڕەچاو نەکراوە و لە بەرچاو نەگیراوە ..؟! مافی پەروەردگار لە بارەی عیبادەت یان پەرستشەوە شەش شتە کە بریتین لە : (زانست و شارەزایی لە بارەیانەوە ، ئامۆژگاری ڕاستگۆیانەی خەڵکی ، پەیڕەوی کردن سوونەت لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەر چ باشتر ئەنجام دانی ئەو کارە ، وە بیرهێنانەوە بە خشئی ڕێنموونی پەروەردگار و ڕوو کردنە کەمتەرخەمییەکان سەبارەت بەو کارە ..؟! دەبێت سەبارەت بە مە نەفسی خۆمان بخەینە بەردەم لێ پرسینەوە و موحاسەبە کردنەوە کە ئایا ئەو قۆناغانەی بە درووستی خستووەتە بەرچاودێرییەوە ..؟! وە لەو عیبادەت یان پەرستشەدا ئەو بابەتانەی (شەش مافەکەی پەروەردگار) ڕچاو کردوون یان نا ..؟!

دووەم : لە نەفسی خۆمان بپرسینەوە و موحاسەبەی بکەین سەبارەت بەو کارانەی کە واز لێ هێنان و دوورکەوتنەوە لێیان لە ئەنجامدان و جێ بەجێ کردنیان باشترە ..؟!

سێیەم : سەبارەت بە هەنگاو نان و دەست بەکار بوون بۆ ئەنجامدانی کار گەلێکی ڕەوا و ڕێگە پێدرا و نەفسی خۆی بخاتە بە لێ پرسینەوە و موحاسەبە کردنەوە کە بۆ چی ئەو کارانەی ئەنجامی داون ئایا لە پێناو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارو پاداشتی دوا ڕۆژ بووە یاخود نا ..؟! ئەگەر مەبەست و ئامانێکی چاك و درووستی بووە و کەڵك و قازانجی کردووە و ئەگەر ئامانج و مەبەست ئەو ماددە و دونیای پایەدار بوو بێ ، ئەو کەڵك و قازانجەی لەدەست داوە..؟!

بەڵێ دەبێ مرۆڤی موسڵمان وریا بێ شارەزایی ئایینەکەی بێ ، بۆ ئەوەی بەردەوام موحاسەبەو لێ پرسینەوەی لە خۆی بکات ، لە سەر هەموو ئەو تەمەنەی کە لە ژیانیدا ڕای بواردووە ، با بزانێ چی تێدا ئەم نجامداوە لە کردەوەکانی دا ، وەیان چی تێدا بەدەست هێناوە ، چونکە دەبێ ئەوا بزانێ بۆ هەر کەسێکی موسڵمان کە یەکەم پرسیاری قیامەت لە سەر ئەو تەمەنە یە کە لە ژیانی دونیادا ڕای بواردووە ، هەروەك لەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مان باس دەکات ، ڕوونی دەکاتەوە کە پرسیارمان لەبارەیەوە لێ دەکرێ .

لە (أبو برزة الأسلمي نضلة بن عبيد) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

((لا تَزولُ قدَمَا عَبْدٍ يومَ القيامةِ، حتَّى يُسأَلَ عن عُمُرِه؛ فيمَ أفناه؟ وعن عِلْمِه؛ فيم فعَلَ فيه؟ وعن مالِه؛ من أين اكتسَبَه؟ وفيم أنفَقَه؟ وعن جِسمِه؛ فيمَ أبلاه)) . سنن الترمذي برقم (٢٤١٧)، والدارمي برقم (٥٥٤).

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا بەندەی موسڵمان قاچی نابزوێت هەتا لە سەر پێنج شت پرسیاری لێ دەکرێت : تەمەنی لە چی دا ڕابواردووە ، چ کارێکی کرد بە زانست و زانیاریەکەی ، ماڵ و سامانەکەی چۆن پەیدا کرد و لە چی دا خەرجی کرد یان سەرفی کرد ، جەستەکەی چی کرد بۆ ئەوەی شیانی بێ لە کاتی تەندروستی دا ..؟!

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە لە (معاذ کوری جبل) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

((ما تُزالُ قدما عبدٍ يومَ القيامةِ حتَّى يُسألَ عن أربعٍ عن عمرِه فيم أفناه وعن شبابِه فيما أبلاه وعن مالِه من أين اكتسبه وفيم أنفقه وعن علمِه ماذا عمِل فيه)) . المنذري في (الترغيب والترهيب) (٢٠/٣).

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا بەندەی موسڵمان قاچی نابزوێت هەتا لە سەر پێنج شت پرسیاری لێ دەکرێت : تەمەنی لە چی دا بەسەر بردووە ، گەنجەیەتی لە چی دا ڕابواردووە ، ماڵ و سامانەکەی چۆن پەیدا کرد و لە چی دا خەرجی کرد یان سەرفی کرد ، چ کارێکی کرد بە زانست و زانیاریەکەی ، جەستەی چی کرد بۆ ئەوەی شیاوی بێ لەکاتی تەندروستیدا..؟!

مردن و لێ پرسینەوە

زەرەر زیانی پشتگوێ خستنی لێ پرسینەوەی نەفس

بەلێ گوێ نەدان و پشتگوێ خستنی لێ پرسینەوە و موحاسەبە کردنی نەفس و ئازادکردنی و سەربەخۆ بوونی و فەراهەم و ئامادەکردنی کاروباره نەفسیەکان و چاوپۆشی و کەمتەرخەمی لە گەڵ نەفسدا ، هەڵبەتە پێویستە بەر لە خەوتن لە سەر جێگات ڕۆژانە یان شەوانە لێ پرسینەوە و موحاسەبەی نەفسی خۆت بکەی ، چونکە خراپترین زەرەرو زیانی بە خاوەنەکەی دەگەیەنی ئەگەر پشتگوێی بخەی و دوور بکەویتەوە لە لێ پرسینەوەو موحاسەبەکردنی نەفس ، وە بواری لە ناو چوون و مردنی زیاتر بۆ فەراهەم دەکات ، بێ گومان ئەهلی ئیمان باشتر بە خۆی دادەچێتەوە و بەردەوام لێ پرسینەوە و موحاسەبەی نەفسی خۆی دەکات ، هەڵبەتە ئەهلی بێ باوەڕو ئەهلی دوو ڕوو و ئەهلی درۆزن و حەرام خۆرو لە خۆبایی بووەکان و هەڵخەڵەتێنراوەکانە ، چونکە ئەوانە چاوی خۆیان دەنووقێنن و دایدەخەن بەرامبەر بە کردەوەی خراپ و ناڕەوا و شتی ناحەق ، هەروەها بەرامبەر بە ئاکامی نەزانی و لە موحاسەبە و لێ پرسینەوەی نەفس و لەگەڵ باروودۆخی ڕۆژانەدا هاوڕێ و هاودەم دەبن ، وە بێ ئومێد و بێ هیوا بوون بەرامبەر بە لێبوردن و ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانی خودای پەروەردگار ..!!

بێ گومان هەر کاتێ کەسێ بەو جۆرە بێت ، ئەوا تاوان و گوناهو خراپەکاری کردن بەلایەوە ئاسایی و ئاسان دەبێ ، (واتە : بە ئاسانی تووشی گوناهو تاوان دەبێ) وە ئالوودەو خووی پێوە دەگرێ وە عادەتی پێوە دەگرێ ، وە واز هێنان و دوورکەوتنەوە لە تاوان بەلایەوە قورس و گران دەبێت ، بەلام ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ژیری و هۆشیاری و عاقڵ و زانست و تێگەیشتوویی خۆی ، ئەوا باش دەزانێ کە پاسەوانی و چاودێری کردن لە دەست بەکاری و هەنگاو هەلگرتنەکانی نەفس لە ئازاد کردنی ئەوە ، تەنانەت هەندێ جاریش واز هێنان و دوورکەوتنەوە لە کاروباری ڕەوا خوو پێوە گرتنەکان بۆ ئەو باشترە ..!!

لە (کوری ئەبی دونیا) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (پیاوێکی قورەیش بۆی دەگێرامەوە کە ئەو لە نەوەو ڕەچەڵەکی (تەلحەی کوری عوبەیدوڵا)یە ئەو دەی ووت : کە (نوبە کوری سەممە) لە گوندی (ڕقە) دەژیا ، ئەو خووی بەوە گرتبوو کە بە سەختی نەفسی خۆی بخاتە بەر موحاسەبە کردن و لێ پرسینەوەوە ، ئەو ڕۆژێ سەبارەت بە تەمەنی خۆی بیرکردەوە و بینی کە گەیشتووەتە تەمەنی (٦٠) ساڵ و ژمارەی ڕۆژەکانی (٢١٦٠٠) ڕۆژە ، هاوارێکی کرد ووتی : وای بۆ من ..!! ئەگەر هەر ڕۆژێ تاوانێکم ئەنجام دابێ ، هاوکات دەبێ لە گەڵ (٢١٦٠٠) تاوان دا بگەڕێمەوە خزمەتی پەروەردگار ..؟! لەوانەیە لە هەر ڕۆژێکدا تاوانێکم ئەنجام دابێ ..؟! ئەو لە تاو زۆری خەمە و پەژارەو دڵتەنگی دا لە هۆش خۆی چوو و کەوتە سەر زەوی و ماڵئاوایی کرد و کۆچی دوایی کرد ..!! یەکێ دەیووت : خۆزەگەم بەو بەختەوەری و کامەرانییەت بۆ ئەو هەڵبەزینەت بەرەو بەهەشت ..!!).

بەلێ با لێ پرسینەوە و موحاسەبەی خۆمان بکەین لە سەر تاوانەکانمان ، چونکە ڕۆژی دادێ جا لە دونیا بێت یان لە قیامەت ، خۆمان دەبینەوە شاهێد لە سەر تاوانەکانی خۆمان..!!

لە (صفوانی کوری موحریزی مازینی) دەلێت : لە کاتێکدا من دەستی (عبدالله کوری عمر)م گرتبوو لە گەڵیدا بەرێگادا دەرۆیشتم ، لە ناکاو پیاوێکی تووش هات و ووتی : دەربارەی چیە و سەرتەکردن (مەبەست لە چیە سرتەکردن لە نێوان خوداو بەندەکانیدا لە ڕۆژی قیامەتد) چۆنت لە پێغەمبەری خوا بیستووە (عبدالله کوری عمر)یش ووتی : لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیست دەیفەرموو : ((إنَّ اللهَ عزَّ وجَلَّ يُدني المُؤمِنَ، فيَضَعُ عليه كَنَفَه ويَستُرُه مِنَ النَّاسِ، ويُقرِّرُه بذُنوبِه، ويَقولُ لَه: أتَعرِفُ ذَنبَ كَذا، أتَعرِفُ ذَنبَ كَذا، أتَعرِفُ ذَنبَ كَذا؟ حتَّى إذا قرَّرَه بذُنوبِه، ورَأى في نَفسِه أنَّه قد هَلَكَ، قال: فإنِّي قد سَترْتُها عليكَ في الدُّنيا، وإنِّي أغفِرُها لَكَ اليَومَ، ثُمَّ يُعطى كِتابَ حَسَناتِه، وأمَّا الكُفَّارُ والمُنافِقونَ فيَقولُ الأشهادُ: {هؤلاء الذينَ كَذَبوا على رَبِّهم ألا لَعنةُ اللهِ على الظَّالِمينَ} [هود: ١٨]

واتە: بێ گومان خوا ئیماندار لە خۆی نزیک دەکاتەوە ، باڵی میهرەبانی خۆی لە سەر دادەنێت و دایدەپۆشێت یان سترى دەکات ، جا پێ دەفەرمووێ : ئایا فڵانە گوناهت دەزانیت (بیرت دێتەوە) ..؟! ئایا فڵانە گوناهت لە بیرە ..؟! ئەویش دەڵێ : بەڵێ ئەی پەروەردگارم ، تا وای لێ دەکات دان بنێت بە هەموو گوناهەکانیدا ، وە لە ناخی خۆیدا دڵنیا دەبێ تیاچووە ، (خوای گەورە) دەفەرمووی : لە دونیادا سترم کردی و بۆم پۆشیت ، وە من ئەمڕۆش لێت خۆش دەبم و بۆت دەپۆشم ، ئەوسا نامەی چاکەکانی دەدرێت بەدەستیەوە ، بەلام کافر و ناپاکەکان و دوو ڕووەکان شایەتەکان پێیان دەڵێن : {هؤلاء الذينَ كَذَبوا على رَبِّهم ألا لَعنةُ اللهِ على الظَّالِمينَ} [هود: ١٨] واتە: ئا ئەوانە ئەو کەسانەن لە دونیادا درۆیان هەڵدەبەست بە ناوی پەروەردگاریانەوە ، بێداربن نەفرینی خودا بۆ ستەمکارانە ..!!

مردن و لێ پرسینەوە

چەند ووتەیەکی پێشینان دەربارەی ناسینی نەفس

١- پێشەوا (ابو بكر صديق) – خوا لێ رازی بێت – لە وەسیەتەکەی بۆ پێشەوا (عمری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – کاتێك لە دوای ئەو بووە خەلیفە پێ فەرموو :

((یەکەم شت کە لێی ئاگادارت دەکەمەوە ، ئەو نەفسە تە کە کەوتووەتە نێوان هەردوو تەنیشتەکانن)). (جامع العلوم والحكم) ص (٤٩٠).

٢- پێشەوا (عمری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – دەفەرمووێ :

((هیچ کەسێك نییە لە نەفسی دا خۆبەگەورە زانینی هەبێت ئەوا ئیللا زەلیلی و ریسوایی لە خۆیدا دەبینێتەوە)). (نهاية الأدب في فنون الأدب) ص (٣٧١).

٣- هەروەها پێشەوا (عمری کوری خەتاب) – خوا لێ رازی بێت – دەفەرمووێ :

((دەستەوەستان و بێ دەسەلآت ئەو کە سەیە کە بێ دەسەلآت و دەسەوەسانە بەرامبەر نەفسی خۆی و ناتوانێت بە چاکی بەرێوەی ببات)) (أدب الدنيا والدين) ص (٢١٠).

٤- (عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەفەرمووێ:

((بەڕاستی مرۆڤ هاندەرێکی فریشتەیی وە هاندەرێکی شەیتانی هەیە ، جا هاندانی فریشتەکە بریتیە لە لەوەی کە هانی دەدات بۆ ئەنجام دانی چاکە و بەڕاست دانانی حەق ، جا هەر کەسێك ئەوەی بینی و (لە دلێدا هەستی پێ کرد) ئەوا با سوپاس و ستایشی الله لەسەر ئەمە بکات ، وە هەروەها هاندانی شەیتانیش بریتیە لەوەی کە هانی مرۆڤ دەدات بۆ ئەنجامدانی خراپە و بە ناڕاست دانانی حەق ، جا هەر کەسێکیش ئەمەی بینی و (لە دلێدا هەستی پێ کرد) ئەوا با پەنا بە الله بگرێت)). (الزهد لابى داود) ص (١٦٤).

٥-(أبو دەرداء) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((خۆشەویستیت بۆ شتێك وات لێ دەکات کە کوێر بیت و کەڕ بیت لە ئاستیدا)) . (الزهد لابى داود) ص (١٩٧).

٦- (عبدالله کوری مسعود) – خوا لێ رازی بێت – دەفەرمووێ:

((والله ئەوەی کە من دەیزانم لەوەی کە لە نەفسمدا هەیە ئەگەر ئێوە بتانزانیبوایە ئەوا بە مشت خۆڵتان ئەکرد بەسەر سەرمدا)) . (الزهد لابى داود) ص (١٤٤).

٧- (عبدالله کوری مبارك) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((زۆربەی خەڵکی قسەیان دەربارەی ڕەوشت کردووە ، وە ئێمەش دەڵێن : ڕەوشت بریتیە لە ناسینی نەفس و نەزانی و کەمتەرخەمیەکەی ، وە هەروەها دوور کەوتنەوە لەم نەزانی و کەمتەرخەمیانە)) . (الرسالة القشيرية) ص (٤٤٨/٢).

٨- هەروەها (عبدالله کوری مبارك) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((لە گەورەترینی بەڵا و موسیبەتەکان بۆ پیاو ئەوەیە کە : بزانێت لە نەفسیدا کەمتەرخەمی هەیە (بەرامبەر عیبادەت و گوێڕایەڵی کردنی (خوای گەورە) پاشان گرنگی پێ نەدات و هیچ دڵتەنگیش نەبێت بۆی)) . (شعب الايمان) (٢٧١/١).

٩- (سفيان الثوري)—ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((دەگوترێت : ئەگەر بە چاکی نەفسی خۆت ناسی ئەوا هیچ شتێك زیانت پێ ناگەیەنێت لەو قسانەی کە دەربارەت دەگوترێت)) . (الزهد لابن المبارك) (١٤/٢).

١٠- (حسن البصري) – ڕەحمەتی خوا لێ بێت – دەفەرمووێ :

((ئەگەر نەفست بۆ حەق بەکاری نەهێنی و سەقاڵس نەکەیت بۆ حەق ئەوا لە بەرامبەردا ئەو بۆ پووچ یان باتڵ و ناحەپ بەکارت دەهێنێ و پێیەوە سەر قاڵت دەکات)).(المجالسة وجواهر العلم) (٧٣/٧).

١١- (سهل کوری عبدالله التستري) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((ناسینی نەفس شاراوەترە لە ناسینی دوژمن ، وە هەروەها ناسینی دوژمن یش دیارترە لە ناسینی دونیا)). (حلية الأولياء) (٢٠١/١٠).

مردن و لێ پرسینەوە

١٢- (وهیب کوری الورد) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((نەفسی خۆ چاك کرد بە هۆی ناسینی خراپییەکانی ، وە بەسە بۆ مرۆڤ کە خراپ بێت لەبەر ئەوەی دەزانێت لە نەفسیدا خراپە هەیە پاشانیش هەر بەردەوامە لەسەری)). (المجالس اللدینوري) (٥/١٤٦).

١٣- (عاصم ی الاحول) – ڕەحمەتی خوا لێ بێت – دەفەرمووێ :

((با خەڵکی بێ ئاگات نەکەن و سەرقاڵت نەکەن لە نەفسی خۆت ، چونکە کارەکە هەر بەخۆت دەگات بەبێ ئەوان (واتە : کاتێك لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت تۆ تەنهایت ، وە ئەوان ناتوانن هیچ سوودێکت پێ بگەیەنن)) . (الزهد لابن المبارك) (٢/١٨).

١٤- (ئیبراهیم کوری ئەدهەم) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((هەر کەسێك نەفس خۆی ناسی ئەوا سەرقاڵ دەبێت بە نەفسی خۆیەوە ، وە هەرکەسێکیش پەروەردگاری ناسی ئەوا بە پەروەردگاری خۆیەوە سەرقاڵ دەبێت وە دوور کەوێتەوە لە غەیری ئەو)) . (حلیة الأولیاء) (٨/١٥) .

١٥- (ئەیوب ی سەختیانی)یەوە – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((بە (عمری کوری عبدالعزیز) گوترا : ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆ نایەیتە شاری مەدینە چونکە ئەگەر لەوێ وەفات بکەی ئەوا لە گۆڕی چوارەم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لەو شوێنە دەنێژرێت ،ئەویش فەرمووی : والله ئەگەر (خوای گەورە) بە هەر شتێك بیەوێت سزام بدات تەنها بە ئاگر نەبێت ئەوا لەلام خۆشترە لەوەی کە بزانێت لە دڵمدا پێم وایە من بۆ ئەم شوێنە شیاوم)). (المعرفة والتاریخ) (١/٦٠٧).

١٦- (ابن القیم) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((فەرزترین جیهاد جیهادی نەفس و هەوا و شەیتان و دونیایە ، کەسێ ئەگەر جیهادی دوژمنە پەنهان و شاراوە و نادیارەکانی نەکردبێ ، ئەوا ناتوانێ جیهادی دوژمنە دیارە و ئاشکراکانی بکات)).

١٧- هەروەها (ابن القیم) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((کەسێ کە نەفسی خۆی بناسێ ، ئەو خۆناسینە سەرقاڵی دەکات بە چاکسازی کردنی عەیب و عارەکانی خۆی و ناپرژێتە سەر عەیب و عاری خەڵکی)).

١٨- هەروەها (ابن القیم) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ ئەو کەسەی ئەوەندە بە چاکسازی کردنی عەیب و عارەکانی خۆی سەر قاڵە ، ناپرژێتە سەر باسکردنی عەیب و عاری خەڵکی ، قوڕ بەسەر ئەو کەسەی عیب و عارەکانی خۆی وەلا دەنێ یان لە یاد کردووە و خۆی یەکلا کردۆتەوە بۆ شوێنکەوتن و باسکردنی عەیب و عاری خەڵکی ، هیی یەکەمیان نیشانەی خۆشبەختی و کامەرانی خاوەنەکەیەتی ، وە هیی دووەمیان نیشانەی سەرگەردانی و بەدبەختی خاوەنەکەیەتی)).

١٩- هەروەها (ابن القیم) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرمووێ :

((زەوی فیتڕەت پان و فراوانە ، گونجاوە بۆ هەر دەڕەختێك تێیدا بچێنی و سەوز بێت ، ئەگەر دەرختی ئیمان و تەقوا تێدا چاند ، ئەوا بەروبوومەکەی بریتیە دەبێ لە چێژ و شیرینیی تاهەتایێ ، خۆ ئەگەر دەڕەختی نەزانی و جەهل و هەواو ئارەزووی تێدا بچێنی ، ئەوا هەموو بەروبوومەکەت گەنی و تەفت و تاڵ و بێزلێکراو دەبێ تاهەتایێ)).

ناوەڕۆك

مردن و لێپرسینەوە

کتێبی "مردن و لێپرسینەوە"ی نووسەر (قاسم موحسین عولا)، گەشتێکی قووڵ و هەژێنەرە بۆ ناو نادیارترین و مسۆگەرترین وێستگەی ژیانی مرۆڤ. نووسەر لەم بەرهەمەیدا، پرسی مردن لە قاڵبێکی وشک و تەنها ترسێنەر دەردەهێنێت و دەیکاتە مژارێکی زیندوو بۆ بەرچاوڕوونی و خۆناسین. ئەم کتێبە وەک بانگەوازێک وایە بۆ بێدارکردنەوەی ویژدان؛ تێیدا لێپرسینەوە وەک "ئاوێنەیەک" وێنا کراوە کە تێیدا مرۆڤ بێ پەردە و بێ هیچ ڕوپۆشێک، بەرەوڕووی ئەنجامی کار و هەڵبژاردنەکانی دەبێتەوە. نووسەر بە زمانێکی فیکری و ڕۆحی، خوێنەر فێری ئەوە دەکات کە چۆن ساتی کۆتایی بکاتە ساتی سەرکەوتن، و چۆن لێپرسینەوەی قیامەت لای مرۆڤی تێگەیشتوو، دەبێتە پاڵنەرێک بۆ بونیادنانی ژیانێکی پڕ لە مانا و بەها. ئەم کتێبە ڕێبەرێکی دەروونییە بۆ هەرکەسێک کە دەیەوێت لە گێژاوی ئەم سەردەمەدا، وەڵامە ڕاستەقینەکانی بۆ ئەو دیو تەمەن ئامادە بکات.



2026زایینی

1447کۆچی